# دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان

د. جاسم تۆفیق خۆشناو



کتێب: دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان
نووسینی: د. جاسم تۆفیق خۆشناو
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣١٧
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: حاجی دلاوەر صادق
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالق
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٢١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

## کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ئە. ئە. | ئەنجومەنی ئەورووپی CE |
| ئە. ئاس. | ئەنجومەنی ئاسایشی ڕ.ن.ی. SC |
| ئە. ئا. کۆ. | ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕ.ن.ی. ECOSOC |
| ئە. س. ش. | ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (مجلس القيادة الثورة – العراق) |
| ئە. ن. ک. | ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان KNA |
| ب. ک. ع. | بەرەی کوردستانی عێراق |
| پ. ئە. | پەرلەمانی ئەورووپی UP |
| پ.د.ک. | پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق |
| پ.ک.ک. | پارتی کرێکارانی کوردستان – تورکیا |
| ج. گ. م. م. | جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ UDHR |
| چ. ڕ. ن. | چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست MEW |
| د. د. ن. | دادگای دادوەری نێودەوڵەتی ICJ |
| د. ن. | دەسەڵاتی ناوخۆ DJ |
| ر. ج. ن. | ڕێکخراوە جیهانیە نا دەوڵەتیەکان NGOs |
| ر.گ. | ڕای گشتی جیهانی (یان نێودەوڵەتیّ) PO |
| ر. ن. | ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست |
| ر. ن. ی. | ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان UNO |
| س. پ. | سەرچاوەی پێشو (بۆ ئەو کتێب و نووسینانەی پێشتر ناویان هاتووە) |
| س. گ. | سکرتێری گشتی ڕ.ن.ی. SG |
| ک. ئا. ھ. ئە. | کۆنفڕانسی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی OSCE |
| ک. ب. ک. ن. | کۆمیساری باڵای کەمە نەتەوایەتیەکان HCNM |
| ک. ب. ن. ی. پ | کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەناهەندان UNHCR |
| ک. خ. س. ج. | کۆمیتەی خاچی سوری جیهانی ICRC |
| ک. گ | کۆمەڵەی گشتی ڕ.ن.ی. GA |
| ک. م. م. | کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ CHR |



| | |
|---|---|
| ک. ن. | کێشەی ناوخۆ DJ |
| کۆ. کەم. | کۆمیسیۆنی کەمایەتیەکان Sub-Commission |
| کۆ. گە. | کۆمەڵەی گەلان LN |
| کۆ. نێو. | کۆمەڵگای نێودەوڵەتی IC |
| گ. ک. | گروپی کار WG |
| ل. | لاپەڕە (لل بۆ زیاد لە لاپەڕەیەک) |
| ل. ج. | لێبوردنی جیهانی AI |
| ن. ت. | نێرەری تایبەت SR |
| ن. ی. | نەتەوە یەکگرتوەکان UN |
| و. ی. ئە. | وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا USA |
| ھ. س. | هەمان سەرچاوە (ئەو سەرچاوانەی یەکسەر لە پێشەوە ناویان هاتووە) |
| ھە. نە. | هەرێمی نەفڕین NFZ |
| ھی. ھا. | هێزی هاوپەیمانەکان CF |
| ی. ن. ک. | یەکێتی نیشتمانی کوردستان – عێراق |
| [...] | هەموو دەستکاری و نووسینێکی ناو ئەو کەوانانە هی نووسەرە |
| A/R | نیشانەی بڕیار و دۆکومێنتەکانی ک. گ. |
| S/R | نیشانەی بڕیار و دۆکۆمێنتۆکانی ئە. ئاس. |
| E/CN | نیشانەی بڕیار و دۆکومێنتەکانی ک. م. م. |

## LIST OF ABBREVIATION

| | |
|---|---|
| AI | Amnesty International |
| CE | Council of Europe |
| CHR | Commission on Human Rights |
| CF | Coalition Forces |
| CSCE | Conference on Security and Co-operation in Europe |
| DJ | Domesti Jurisdiction |
| ECHO | European Community Hummanitarian Office |
| ECOSOC | Economic and Social Council of the UN |
| EJIL | European Journal of International Law |
| FAO | Food and Agriculture Organization of the UN |
| GA | General Assembly |
| GUCE | Gazzetta Ufficiale della Comunità Europea |
| HCNM | High Commissioner on National Minorities |
| HEP | Helkin Emek Partis |
| IA | Internal Affairs |
| IC | International Community |
| ICJ | Internationl Court of Justice |
| ICRC | International Committee of the Red Cross |
| ILO | International Labour Organization |
| IMO | International Monetary Fund |
| KNA | Kurdistan National Assembly |
| LN | League of Nations |
| MEW | Middle East Watch |
| NATO | North Atlantic Treaty Organization |
| NFZ | No Fly Zone |
| NGOs | Non-Governmental Organizations |
| OM | oriente Moderno (rivista italiand) |
| PO | Public Opinione |



| | |
|---|---|
| RBDI | Revue Belge de Droit International |
| RGDIP | Revue General de Droit International Public |
| RTDH | Revue Trimestrelle des Droits de l Homme |
| SC | Security Council |
| SG | Segretary General |
| SP | Special Rapportuer |
| Sub - Commission | Sub-Commission on Prevention of Discrimination and Protection of Minorites |
| UDHR | Universal Declaration of Human Right |
| UN | Unites Nations |
| UNDP | United Nations Development Programme |
| UNDRO | United Nations Disaster Relief Co-ordinator |
| UNESCO | United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization |
| UNHCR | United Nations High Commissioner for Refugees |
| UNICEF | United Nations Children's Fund |
| UNO | United Nations Organization |
| USA | United States of America |
| WFP | World Food Programme |
| WG | Working Group |
| WHO | World Health Organization |

## پێشەکی چاپی ئیتالی

بەداگیرکردنی کوێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بواری ئەوەی بۆ ڕەخسا سروشتی ڕاستەقینەی ڕژێمی جینایەتکاری سەدام حوسێن بناسێ کە پێشتر بێ هەژمار پێشێلکردنەکانی یاسا و مافە نێودەوڵەتیەکانی ئەنجامدابوو و، گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی بە «هیتلەری بچوکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین» ناوزەند بکرێ.

یەکسەر لە دوای جەنگی ڕزگاری کوێت (١/١٧ تا ١٩٩١/٢/٢٧) کورد ڕاپەڕین لە دژی ئەو کۆت و زنجیرەی کە ساڵەهای ساڵەوە بەدەستی دەیان ناڵاند بەو هیوایەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پاڵپشتی لە داوا نەتەوەییەکانیان بکات. کەچی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بەتایبەتی دەوڵەتانی بەرەی ڕۆژئاوا، بەشێوەیەکی سەرسوڕمان و پەڕادۆکساڵ بە باشیان زانی پارێزگاری لە هێشتنەوەی دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن بکەن، بەم شێوەیە ڕێگەی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەیاندا. سوپاس بۆ هەست و سۆز و گوشاری ڕای گشتی جیهانی ئەوکات، کە بەهۆی دیتنی کۆڕەوی تراجیدی **٣** ملیۆن کەس لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانی هەموو جیهان کە لە دەستی پەلامارە دڕندەکانی سوپای عێراق ڕایان دەکرد، ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاری **٦٨٨** (بنواڕە پاشکۆی ١) دەرکرد و ئیدانەی سەرکوتکرنەکانی عێراقی کرد. ئەم بڕیارە بە یەکەم «دەخالەتی مروڤیتاری» لە مێژووی UN ناسراوە کە ڕێگەی بە بردنی کۆمەکدا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کورد. پاشان لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بڕیارە هەرێمی ئارام save haven و نەفڕین no fly zone بۆ پارێزگاریکردن لە کورد دروستکران.

لەم کاتەوە واتای دەخالەتی مرۆڤانە زیاتر گرنگی پێدراوە لە لایەن UN، یاسازانان، مامۆستایانی زانکۆ و ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان NGO، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە یۆغسلاڤیای پێشو UN تەوژمێکی زۆرتری بە چالاکیەکانی خۆیدا بۆ پارێزگاریی و داکۆکیکردن لە کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی کە گیرۆدەی ململانێی چەکداری بوون. بۆ ئەم مەبەستەش دوو دادگای تاوانی نێودەوڵەتی پێک هێناوە بۆ دۆزینەوە و دەستگیرکردن و دادگایی کردنی ئەو کەسانەی گوناهبارن بە ئەنجامدانی تاوانەکانیان چ لە یۆغسلاڤیای پێشو و چ لە ڕواندا. ئەمەش بە هەنگاوێکی گەورەو گرنگ دادەنرێت بۆ پارێزگاری لە مافی مرۆڤ، نەک تەنها لەم دوو وڵاتە بەڵکو لە تەواوی جیهان. هەر ئێستا، لە چوارچێوەی UN، خەریکی دیراسەکردنن بۆ ئەوەی بتوانن «دادگای تاوانی هەمیشەیی



نێودەوڵەتی» پێک بهێندرێ بۆ ئەوەی لە دوارۆژ لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکانی مافی مرۆڤ، لە هەر شوێنێک ئەنجام بدرێن، بکات.

ئەوە پێنج ساڵ بەسەر بڕیاری **٦٨٨** ڕەتبووە کەچی بارودۆخی کوردی عێراق ڕووی لە باشی نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانە لە زۆر لایەن لە جاران خراپتر بووە: تاکو ئێستا کورد بەدەست دوو ئابڵوقە (ئێمبارگۆ embargo) دەناڵێنن، یەکیان هی UN بۆ سەر تەواوی خاکی عێراق، ئەوێتریش هی حکوومەتی بەغدا بە دژی هەرێمی کوردستان. جگە لەمەش پرۆسەی سەرکوتکردن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بەردەوام بۆ پێشەوە دەچێ، ئەو دەنگ و باسانەی لە ناوەوەی عێراق دەگەن سیمایەکی تراژیدیان پێوەیە(*). بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە و بەهیچ شێوەیەکیش مەعقول نییە بەرپرسانی ئەم هەموو پێشێلکردن و تاوانانە تاکو ئێستا لە دەسەڵاتدابن و حیسانەی دیبلۆماسیان هەبێ.

لە کاتێک کارو چالاکیە مرۆییەکانی UN و ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەورووپی Organization on the Security and Co-operation in Europe (OSCE) و یەکێتی ئەورووپا و ڕێکخراوە نا دەوڵەتیەکان NGO لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە ڕوو لە زیادی دەکەن پرسی کورد (لە ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا) ناتوانێ هەستی ئەمانە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و شوێنێک لە ئەجێندەکەیان بدۆزێتەوە. هەڵوێستی پەڕادۆکساڵی وڵاتانی ناتۆ NATO بریتیە لەوەی لە لایەک بوونەتە ئەکتەری سەرەکی دابینکردنی ئاشتی لە یۆغسلاڤیای پێشو، لە لایەکی تریش بەردەوامن لە یارمەتی و کۆمەکی سیاسەتی ئەپارتایدی Apartheid تورکیا لە دژی گەلی کورد کە لە ئەنجامدا لە ناسنامەی نەتەوەیی کولتووری و زمانی خۆی بێبەشکراوە.

مەبەستی ئەم کارەی لێرەدا دەخرێتە بەردەست بریتیە لە هاریکاریەکی چکۆلانەی دیراساتی «دەخالەتی مرۆڤانە» و، هەوڵدان بۆ ئەوەی تیشکی ڕووناکی بخرێتە سەر ئەو

(*) دەربارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لەم چەند ساڵەی دوایدا لە عێراق بنواڕە بڕیار و ڕاپۆرتەکانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە UN و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ: Commission des Droits de l'Homme (CDH), E/CN. 4/1995, 15.02.1995, Rapport sur la situation des droits de l'homme en Iraq établi par M. Max Van der Stoel, Rapporteur spécial della CDH, conformément à resolution 1994/74, pp. 35 (cfr. appendice 4); AI, Report 1995, London, AI Publications: see Iraq, pp. 166/169.

ڕەفتارە دڕندەو قەتل و عامانەی بەسەر گەلی کورد دا هاتوون، بەتایبەتی ئەوانەی لە لایەن ڕژێمی خوینڕێژی خانەوادەو بنەماڵەی سەدام حوسێن ئەنجامدراون. ئەم ئەرکەش ئاسان نییە، چونکە لە لایەک هەست بە بێدەنگیەکی ڕەشی دامودەزگاو ناوەندەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ و هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەکرێت لە بەرامبەر پێشێلکردنی ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی گەلی کورد، لە لایەکی تریش لە ئیتالیا ئەدەبیاتێکی زۆر کەم لەسەر ئەو باسە دەست دەکەوێ. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم کارە هەوڵدەدات، ئەوەندەی دەکرێ، بەشێوەیەکی بێ لایەن و ئەکادیمیانە، دوور لە هەست و سۆز و تێگلاوبوونی شەخسی نووسەر، ڕووداوکان بخاتە بەرچاو بەو هیوایەی ببێتە مایەی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان. هەڵبەتە ئەم کارە لە کەموکوڕی بێ بەش نییە، بۆیە دەرگا کراوەیە لەسەر هەرکەسێ بیەوێت زیاتر لایەنە یاسایی، سیاسی و ئینتێلێکتوالیەکان بکۆڵێتەوەو شیبکاتەوە و پێشنیازی گونجاو، بۆ چارەسەری گەلی ستەمدیدەی کورد، بخاتە ڕوو.

له کۆتایی زۆر سوپاسی پرۆفیسۆر فرانچێسکۆ لێیتە prof. Francesco Leita (لە زانکۆی پادۆڤە Padova) و هاوڕێیانم پرۆفیسۆر پاولۆ ئەردوینی و پیێترۆ دینیPaolo Prof. Pietro U Dini .Prof. Arduini, (لە زانکۆی پیزە Pisa) دەکەم کە زۆر ئامۆژگاری بە سوودیان دامێ و بەسەر تێکستە داچوونەوە.

د. جاسم تۆفیق خۆشناو
پیزە، دیسەمبەری ١٩٩٥

## دەروازە

لەم چەند ساڵانەی دوایدا، لەسەر ئاستی جیهان، چەندەها ڕووداو و گۆڕانکاری گرنگ و بەرچاو هاتونەتە ئاراوە: (شەری سارد) کۆتایی هاتووە، لە شوێن سیاسەتی دووجەمسەری کە لەسەر دژایەتی ئیدیۆلۆجی دارێژرابوو، کۆمەلە ڕێوڕەسمێکی یاسایی نوێ سەریان هەڵداوە و بوونەتە مایەی گفتوگۆ و گومان پەیداکردن لە چۆنیەتی تێڕوانینی کۆن و وادەبەسەر چووی واتای "دەسەڵاتی ناوەوە Domestic Jurisdiction"ی دەوڵەتان. خۆشبەختانە مەترسی بەیەکداچوونی ئەتۆمی لە نێوان زلهێزەکان نەماوە، هاریکاری نێودەوڵەتی لە هەموو لایەنەکانی ژیان ڕووی لە گەشەدایە: لە ئاستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، گەشەکردن و ژینگە و... تاد. بەم جۆرە لەم سیناریۆیە هەمیشە زۆرتر باسی «نیزامێکی نوێی نێودەوڵەتی» دەکرێ کە پێویستە پاراستن و پارێزگاری لە مافی مرۆڤ بکاتە خالی یەکەم لە ئەجێندای کارکردنی خۆی، داکۆکیەکی بە کردار و لەسەر بناغەیەکی یاسایی دارێژراو نووسراو لە ئاستی جیهانی.

لە ڕابردوو ئەرکی لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ و کارە دڕندەکان، چ لە لایەن دەوڵەتان و چ لە لایەن گروپەکانی ڕێکخراوی ناوەوەی وڵاتێک ئەنجام درابان، دەکەوتە «ژوور»ی هەندێ ئۆرگان و کۆمیتەی بەرپرسیاری سەر بە UN و، تەنها شارەزا بورۆکراتەکانی دەوڵەتی مۆنۆپۆڵی ئەوەیان هەبوو تا بە مەتری خۆیان هەڵیان سەنگێنن[١]. بێجگە لەوەش، دابەشبوونی جیهان بۆ چەند کایەیەکی سیاسی بەشێوەیەکی کۆنکرێت ڕێگەی لە پاراستنی ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ دەگرت، لە پێشەوەی هەموویان مافی ژیان و مافی ساغ و سەلامەتی جەستەیی و دەروونی. ئەمەش ڕوویدەدا چونکە بە هۆی ئەم دابەشبوونە بڕیارو بۆچوون لەسەر ڕەفتاری دەوڵەتان ڕەنگ و ڕوخسارێکی سیاسی لە جیاتی یاساو یاساوانی بەخۆوە دەگرت. بەمجۆرە ئۆرگانەکانی UN، بەهۆی ململانێی ڕۆژهەڵات-ڕۆژئاوا، لە پەل و پۆ کەوتبوون و بووبوونە لاشەیەکی

(١) جگە لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ (ک. م. م.) Commission on Human Rights- CHR بە دەیان _کۆمیتەی مافی مرۆڤ هەنە، لەوانە کۆمیتەی دژی ئەشکەنجە، کۆمیتەی مافی ئافرەت، مافی منداڵان، دژی جیاوازی ڕەگەزی و.. تاد کە لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤەوە دروستکراون، وەکو دوو پەیمانە نێودەوڵەتیەکەی مافی مرۆڤ. ئەندامی ئەم کۆمیتانە، بە زۆری، لە لایەن حکوومەتان دەستنیشان دەکرێن و دەسەڵاتیان زۆر کەم و دیاریکراو و کۆنفیدێنزیاڵە.



بێ گیان و، تیاترێک بۆ خۆنیشاندانی سەرەک و نوێنەری دەوڵەتان، لە ئاستی ئەوە نەبوون چارەسەر بۆ کێشە دڵتەزێنەکانی مرۆڤایەتی بدۆزنەوە. ئەم بارودۆخەش ڕێگەی ئاسانتر دەکرد بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە ڕژێمی دیکتاتۆری و سەرکوتکەریان هەبوو تاکو تاوان و جینایەتەکانیان، نەک تەنها بە دژی هاوڵاتیانی خۆیان بەڵکو بە دژی هەموو مرۆڤایەتی ئەنجام بدەن.

لە سەردەمی زۆرانبازی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا ململانێ چەکداریەکانی ئیقلیمی و جەنگە ناوخۆیەکان، کە دەبوونە مایەی ناهەمواری و ماڵوێرانی کۆمەڵانی خەڵک، بە زۆری بەرهەمی لۆگیکی کۆنی هاوپەیمانیە سیاسی – سەربازیەکانی ئەوکات بوون. لەم ڕوانگەوە دەوڵەتان لەژێر ڕۆشنایی پرنسیپی کێشە یان دەسەڵاتی ناوخۆ DJ، کە ڕێگە لە دەستێوەردانی ناوەوەی دەوڵەتان دەگرێت، پاساویان بۆ ڕەفتار و کردەوەکانیان دەهێنایەوە. ئەم پرنسیپەی دەستێوەرنەدان ڕەگی مێژینەی لە یاسا نێودەوڵەتیەکان هەیە: چ ئەوانەی لە ڕێگەی داب و نەریت دروستبوون Consuetudinary Law و چ ئەوانەی لە ڕێگەی ڕێکەوتنامەی نووسراو Pactum Law و، خراوەتە ناو کارتی UNیش، بەم شێوەیە سەرپێچی و پێشێلکردنە نێودەوڵەتیەکان بۆ ماوەیەکی زۆر شاردرابوونەوەو و چاویان لێ پۆشرابوو.

داکۆکیکردنی ڕەمەکی tout court لە پرنسیپی دەسەڵاتی ناوخۆ واتە پاساوکردن، بەشێوەیەک لە شێوەکان، لە سەرپێچی و تاوانی دەوڵەتان. لە کاتی ململانێی چەکداری بە بیانوی ئەم پرنسیپە، ڕەفتاری دڕندە و تاوان، بەسەرپێچی کردن لە یاسا هومونیتاریەکان، دژی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل ئەنجام دەدران، هەندێ جاریش ئەم تاوانانە دەگەیشتنە ئاستی "قڕان". لەم بارودۆخە کۆمەلگای نێودەوڵەتی ڕێگەو بواری ئەوەی نەبوو دەخالەت تیایا بکات بۆ ئەوەی کۆمەک و یارمەتی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی پێویستبوو ببات. بەهۆی نەبوونی ڕۆلی UN، هەندێ جار هەندێ دەوڵەت، بە تاکڕەوی بە بیانوی پاراستن و ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤ، دەخالەتیان کردووە. ئەم دەخالەتانەش، هەندێ جار بوونەتە مایەی ئافەرین و قەبوڵکردن لە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەندێ جاری تریش مایەی سەرزەنشت و ڕەخنەی توندوتیژ.

لە بارودۆخێکی ئێستای پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان، نزیکەی هەموو لایەنەکانی یاسازانی لەسەر ئەوە کۆکن کە بیانوی "دەسەڵاتی نێوخۆ" نابێ ببێتە پاساو بۆ

پێشێلکردنە گەورەکانی مافی مرۆڤ و دابونەریتە بنەڕەتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی. بەتایبەتی دوای نەمانی سیاسەتی دوو جەمسەری کۆمەڵێک ململانێی ئیقلیمی لەسەر بنەمای ئێتنی و ئاینی بەشێوەیەکی توندوتیژی بێ پێشینە تەقینەوە. ئەوەتە تا کۆتایی ١٩٨٨ زۆربەی ململانێ چەکداریەکان لە نێوان دەوڵەتان سەریان هەڵدەدا، کەچی ئەمڕۆ شەڕی نێوخۆ لە ناوەوەی دەوڵەتان ڕوو لە زیادی دەکات. ئەم «جەنگە نێوخۆییانە» بە هۆی بەکارهێنانی چەکە پێشکەوتوەکان (سۆفیستیکات)، بە جۆری مینەکانیشەوە، بوونەتە مایەی کوشتاری کۆمەڵانی خەڵک. لەم ڕووەوە ژمارەی پەناهەندەکانیش لە ١٣ ملیۆنی ساڵی ١٩٨٧ بووە بە ٢٦ ملیۆن لە کۆتایی ١٩٩٤، ژمارەی ئاوارەو دەربەدەرەکانی نێوخۆش internally displaced persons گەیشتۆتە ٤٠ ملیۆن کەس.

لەبەرامبەر ئەم پرسە، سوپاس بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی، ڕای گشتی جیهان زامدار بووەو بۆ نێو ئەم تراژیدیایە ڕاکێشکراوە، لە ئەنجامدا ئەم دەنگانەی بانگەشە بۆ دەخالەتێکی نێودەوڵەتی یان ئیقلیمی دەکەن، تا ئازارو مەینەتی کۆمەڵانی سیڤیل کەم ببێتەوە، ڕوویان لە زیادی کردووە. لە لایەکی تریشەوە کۆنە دەوڵەتی ناوەندی (سێنتڕالیست) ڕووبەڕووی قەیران بووە و چیتر لە توانایدا نییە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان کە ڕووخساری فرەلایەنە بەخۆوە دەگرن و گۆڕانکاری و سەرهەڵدانە ئاڵۆزەکانی زۆر پارچەی جیهان، هەڵسوڕێنن. لەتەک دەوڵەتەوە زۆر ئەکتەر و دامەزراوی سیاسەتی نێودەوڵەتی (جیهانی) هاتونەتە سەر شانۆ، وەکو: ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان NGO[٢]، ڕیکخراوە خێرخوازەکان، دیبلۆماسی گەلی، ئیدارە خۆجێیەکان، بزووتنەوە ترانسنەتەوەییەکان و... هیتر. ئەوەش مانای وایە کە پەیوەندیە نێودەوڵەتی و زانستی یاسای نێودەوڵەتی لەبەر ئەوەی چیتر بەماهیەتی سەردەمی دووجەمسەر نەبەستراونەتەوە، لە بەرەوپێشچوونێکی بەردەوامدان.

مەسەلەی دەخالەتکردن لە ناوەوەی دەوڵەتێکی دیاریکراو تەنها پەیوەندی بە کات و

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان ngo بنواڕە مارکۆ ماشە، ڕۆڵی ڕێکخراوە جیهانیەکان بۆ پێشڤەچوونی مرۆیی: MARCO MASCIA, L'associazionismo internazionale di promozione umana, Padova, CEDAM, 1992.
ئێستا (١٩٩٥) ١٠٢٠ ڕێکخراوی NGO ستاتوسی چاودێری Consultative Status یان لە ئۆرگانەکانی UN هەیە و ڕۆڵێکی کاریگەر و بەسوود دەبینن لە بواری مافی مرۆڤ، چالاکیەکانی ئاشتی پارێزی Peace-Keeping Operations و هاریکاری گەشەکردن.



ساتە دراماتیکەکانی ململانێی چەکداریەوە نییە بەڵکو کارەساتە سروشتیەکانی وەکو بوومەلەرزە و لافاو و تاحون و... تاد دەگرێتەوە. کەواتە دەخالەتی مرۆڤانە، بەپێی ئەو بارودۆخەی کۆمەڵانی خەڵکی تیایە، دەکرێ ڕوخساری سەربازی یان مەدەنی بە خۆیەوە بگرێت. دەخالەتی مەدەنی پێویستی بە ڕازیبوونی دەوڵەتی تێرپیتۆڕیاڵ، ئەو دەوڵەتەی دەخالەتەکەی تیا ئەنجام دەدرێ، هەیە تا کۆمەک بۆ ئەو کۆمەلانە ببرێت کە بەر کارەساتە سروشتیەکان کەوتوون. ئەم ڕازیبوونەش، بەگشتی دەدرێت و زۆرجاریش لە لایەن دەوڵەتی تێرپیتۆڕیاڵ داوای دەخالەت دەکرێ. لەم حاڵەتەدا دەخالەت نابێتە مایەی سەرهەڵدانی هیچ دژایەتیەکی یاسایی کەچی دەخالەتی سەربازی کۆمەڵێک گیروگرفتی یاسایی و سیاسی بەرپا دەکات. لەم بارەیەوە لەسەر ئاستی زانستی یاسازانیەوە چەندەها بۆچوون و واتا، کە هەمووشیان یەک مەبەستیان هەیە، سەریان هەڵداوە[٣]. لە مێژووی UN نموونەی دەخالەتی مرۆڤانە زۆرن بەڵام ئەم واتایە لە کۆتایی شەڕی ڕزگاری کوێت گەشەی کردو دەوڵەمەند بوو، ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار لە مێژوو، بەرزترین ئۆرگانی UN، واتە ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاریدا دەخالەت لە کێشەی کوردی عێراق بکات. لە دوای ڕاپەڕینی کورد و سەرکوتکردنە خوێناویەکەی لە لایەن لەشکری سەدام حوسێن، لە ١٩٩١/٤/٥ ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارە بەناوبانگەکەی ٦٨٨ی دەرکرد و ڕێگەی لەسەر ئۆپێڕاسیۆنی کۆمەکی کورد ئاوەڵاکرد. پاشان ئەم بڕیارە، وەکو پێگەیەک، لە لایەن هاوپەیمانەکان سوودی لێوەرگیرا بۆ ئۆپێڕاسیۆنی Provide Comfort تاکو کۆمەک بگەیننە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە هەمان شێوە بۆ کار و چالاکیەکانی تری UN، لە بارودۆخەکانی شەڕ، بەکار هات. ئەوەتە UN لەم ساڵانەی دوایدا، بەشێوەیەکی چالاکتر و بەکارتر، دەخالەتی لە چەندەها ململانێی ناوخۆ کردووە و لەشکری کڵاوشینەکانیشی peace-keeping, peace-building, peace-enforcing ڕەوانە کردووە، هەندێ جاریش شاندی چاودێری و لێکۆڵینەوەشی ڕەوانەی سەر شوێنەکان کردووە. لە ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٥ ئەنجوومەنی ئاسایش گوڕی بە چالاکیەکانی خۆیداوە و، نزیکەی هەر ساڵە ٧٠ بڕیاری دەرکردووە، کەچی لە ساڵانی ١٩٤٦-١٩٩٠ ڕێژەی دەرکردنی بڕیارەکان زۆر بە زەحمەت دەگەیشتە ١٥ لە ساڵێک. ئەوەش بەهۆی نەمانی دووجەمسەری و گەشەکردنی

(٣) بۆ نموونە باسی مافی کومەک، دەخالەتی مرۆڤیتاری، مافی دەخالەتی مرۆڤانە، دەخالەتی مرۆڤانەی ڕەوا و، ئەرکی دەستێوەردانی مرۆڤانە، دەکرێ.

ئەو هەست و سۆزو تێڕوانینی داکۆکی لە کەرامەت و هەیبەتی مرۆڤ و، بوونی ئارەزوو بۆ ڕێزگرتن لە یاسا بنەڕەتیەکانی نێودەوڵەتیە. ئەوەتە لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٦- ١٩٩٠ وڵاتانی هەمیشە ئەندام لە ئەنجوومەنی ئاسایش (بەتایبەتی USA) زیاتر لە ٢٧٩ جار ڤیتۆیان بەکار هێناوە، بەم شێوەیەش بە کردار ڕێگەیان لە چارەسەرکردنی گیروگرفتە زۆرەکانی جیهان گرت[٤].

کەچی لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد وابەستەبوونی UN بە چالاکیەکانی ئاشتی پارێزی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ڕوو لە زیادی دەکات: لە ساڵانی ١٩٤٥-١٩٨٧ UN ڕابەری لە ١٣ ئۆپێراسیۆنی ئاشتی پارێزی peace-keeping کردووە، ١٣ی تریش لە ١٩٨٧ تاکو ئێستا[٥]. کەواتە دەخالەتی UN لە بارودۆخەکانی ململانێیی چەکداری، چ ئەوانەی ڕوخساری نێودەوڵەتی و چ ئەوانەی ناوخۆیان پێوەیە، لە گەشەکردن دایە و، بە جۆرێکی فراوان و لەبەرچاو لە سنووری خالی ٧ی بەندی ٢ی کارتنامەی UN تێپەڕ دەکات کە قەدەغەی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان دەکات.

لایەنگران و ئەو کەسانەی غەربییان بۆ نیزامی نێودەوڵەتی کۆن هەیە وادەزانن بە نەبوونی جۆرە هاوسەنگیەکی نێودەوڵەتی ململانێ چەکداریەکان ڕوو لە زیادی دەکەن، کەسایەتی و ڕێبەرانی ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکانیش NGO ترسی ئەوەیان هەیە کە بە نەبوونی دەسەڵاتێکی سەرنەتەوەیی بێلایەن زلهێزەکان بتوانن دەست لەنێو کاروباری نێوخۆی دەوڵەتانی بچوک و بێهێز وەربدەن. ئەوەتە لە لایەک ئەو دەوڵەتانەی لە ئەنجامی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت دروست بوون کەم و زۆر بە دەستی ململانێیی چەکداری نێوخۆ دەناڵێنن. لە لایەکی تریش USA دەرگایان لەسەر ئاوەڵاکرا تا دەخالەت لە ناوەوەی چەندەها دەوڵەت بکەن، وەکو پەنەما لە ١٩٨٩ و هایتی ١٩٩٤. ئەمەش نیشانەی وایە کە دۆزی دەخالەتی مرۆڤانە هەر ئەوها بێ گیروگرفت نییە. لەگەڵ ئەوەشدا داواکاری

(٤) پەترۆس غالی (سکرتێری UN) ئەجێندای ئاشتی، چاپی ئیتالی، ١٩٩٢، لە لایەن مەکتەبی UN بڵاوکراوەتەوە.

Boutros Boutros Ghali, An Agenda for Peace: Preventive Diplomacy, Peacemaking and Peace-keeping, Report of the Secretary-General pursuant to the statment adopted by the Summit Meeting of the Security Council on 31 January 1992, United Nations-New York, 1992, pp. 53, a p. 4.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٦.



بەکارهێنانی هێز، بۆ پاراستن و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، بەتێپەڕبوونی کات لایەنگری زۆرتری بۆ پەیدا دەبێت لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

پەرلەمانی ئەوروپی لە بڕیاری ١٩٩٤/٤/٢ بەناوی (مافی دەخالەتی مرۆڤانە) بەم شێوەیەی خوارەوە هەوڵی ناساندنی ئەم واتایەیدا:

دەخالەتی مرۆڤانە، لە لایەن دەوڵەتێک یان زیاتر، بریتییە لە پاراستن لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤی ئەو کەسانەی هاوڵاتی دەوڵەتێکی سێیەمن و، یان لەوێ نیشتەجێ بوون، لەکاتێک توندوتیژی یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر ئەم پاراستنە ببێتەوە»[٦].

بەپێی ئەم تەعریفە دەخالەتی تاکڕەوی و پێشوەختە بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی نادرێتە قەڵەم. پەرلەمانی ئەوروپی بۆ ئەوەی بۆچوونەکەی زیاتر ڕوون بکاتەوە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە «هەر کاتەک هەوڵ و هۆیەکانی تر سوودیان نەبوو ئەوە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ پاساوێکی بەکارە بۆ دەخالەتی مرۆڤانە بە یان بە بێ بەکارهێنانی هۆیەکانی سەربازی» و، هەروەها دووپاتی کردەوە کە ئەو دەخالەتە «ئەگەر ڕێگایەکی تری گونجاو نەبوو ئەوە دەبێ ڕێگەی پێ بدرێت».

پێویستە ئەوە بخرێتەوە بیر کە پەرلەمانی ئەوروپی حەقی خۆیەتی شانازی پێوە بکات، هێڵە سەرەکیەکانی دەخالەتی مرۆڤانەی بەم شێوەیەی خوارەوە داڕشتووە:

*١- دەخالەتی مرۆڤانە دەبێ بۆ هەلومەرجی کتوپڕ و نائاسایی بێت، بەتایبەتی لە ئاستی مرۆڤیتاری دڵتەزێن، لە سنووری دەوڵەتێک کە ڕێبەرو فەرمانڕەواکانی بەبێ بەکارهێنانی هۆیەکانی سەربازی بەقسەی خۆش و عەقلانیەت، نایەنە ڕاێ.*

*٢- دەخالەتی مرۆڤانە دەبێ لەم کاتەدا بێ، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا، دامودەزگاکانی UN توانای ئەوەیان نەبێ دەست و برد و کارامە دەخالەت بکەن.*

*٣- دەخالەتی مرۆڤانە دەبێ لەم کاتە بێ کە هەموو هۆیەکانی دروست کە مرۆڤ عەقڵی پێ دا دێت تاقیکرابنەوە و بێ سوود و بێ ئەنجام بووبن.*

*٤- ئەو ئۆرگان و دەوڵەتەی بە دەخالەتی مرۆڤانە هەڵدەستێ نابێ بەرژەوەندی لە بارودۆخەکە هەبێ، بە واتایەکی تر دەبێ داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ هۆی سەرەکی*

(٦) گازێتی ڕەسمی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی (چاپی ئیتالی) GUCE,n.C.128, 9/5/1994, 99.225-7.

*ئەم دەخالەتە بێ و نابێ هیچ جۆرە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری لە ئارادا هەبێ؛ بۆ ئەم مەبەستەش جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتننانە دەکات کە ڕێگە لە بوونی ئەو هێزانە دەگرن کە دەبنە مایەی زیادکردنی نائارامی لە ناوچەکە.*

*٥- ئەو دەوڵەتانەی بەشێوەیەکی ڕەسمی ئیدانەکراون لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە هۆی دەستێوەردانی نایاسایی لە ناوچەیەکی دیاریکراو نابێ ڕێگەیان پێ بدرێت بەشداری لە دەخالەتی مرۆڤیتاری بکەن تا ئەو کاتەی دەست لە تێوەردان و دەخالەتە نایاساییەکانیان هەڵنەگرن.*

*٦- دەخالەتی مرۆڤانە دەبێ بۆ مەبەستە دەستنیشانکراوەکان بێت و کەمترین زیان و کاردانەوەی بۆ دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە هەبێ کە دەخالەتەکەی تیا ئەنجام دەدرێ.*

*٧- بەکارهێنانی هێز دەبێ هاوسەنگ بێ لەگەڵ بارودۆخەکە و پێویستە کاتیش بێ.*

*٨- لە کاتی دەخالەتی مرۆڤانە پێویستە، بە زووترین کات، UN ئاگادار بکرێتەوەو نابێ لە لایەن ئەوەوە ئیدانە بکرێت.*

*٩- ئەم تەدەخولە نابێ هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست بکات و ببێتە مایەی کوشتارو ئازارێکی زۆرتر لەوەی کە هەوڵی ڕێگە لێگرتنی بۆ دەدرێ.*

لە کۆتاییی پەرلەمانی ئەورووپی داوای لە دەوڵەتانی ئەندامی یەکێتی ئەورووپی کرد تاکو لە نێوەندە نێودەوڵەتیەکان، هەڵوێستی هاوبەش، بۆ دان پیانان بە مافی دەخالەتی مرۆڤیتاری وەربگرن و، پاڵپشتی لەم مەرجانەی سەرەوە بکەن.

لەم نووسینە هەول دەدرێ ڕووناکی بخرێتە سەر بەها و بنەما و ئاکامە یاساییی و سیاسیەکان و، شێوەکانی تەدەخولی ئینسانی. ئەم شێوە تەدەخولە لە ئەنجامی ململانێی ئەم سالانەی دواییدا، کە لەزۆر ناوچەی جیهان بەرپابوون، هاتۆتە سەر شانۆی نێودەوڵەتی: پرسی کوردیش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتۆتە نێو ئەم بازنەیەوە، چونکە یەکێکە لە ململانێ چەکداریە هەرە درێژخایەن و تراجیدی و، لەسەر خاکی چەند دەوڵەتێک بەڕێوە دەچێ، لە دەڤەرێک کە هەمیشە بە مەترسیدار بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە قەڵەمدراوە. هەروەها لە کێشەی کورد چەندەها پێشێلکردنی گەورەی مافی مرۆڤ ئەنجامدراون، وەکو: ڕاگواستن، ئۆردوگای زۆرەملێ،



کوشتنی بە کۆمەل لە دەرەوەی بڕیارێکی یاسایی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پاکتاوکردن و زۆرلێکردنی (دەستدرێژیکردنە سەر ناموس) نەژادی. کارەسات و ڕووداوی لەم جۆرانە تەنها لەم چەند ساڵەی دواییدا، بە ناتەواوی لای ڕای گشتی ئاشکرابوون و لە ئەنجام نارەزایی دەربڕیوەو داوای تەدەخولی کردووە بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل. لەم کاتەوە هەرێمی ئارام و نەفڕین بۆ پارێزگاری لە کوردی عێراق دروستکراون و، ژمارەیەکی زۆریش لە ئاژانسەکانی UN لە کوردستان بەکارن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ٥ ساڵ بەسەر دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ ڕەتبووە بەڵام بارودۆخی کورد وەکو خۆیەتی: بەدەستی دوو ئابلۆقە دەناڵێنن، یەکیان هی UN دژی هەموو عێراق، ئەوی تریشیان هی حکوومەتی ناوەندی بەغدا لە دژی هەرێمی کوردستان(٧).

لە دوای بەرپابوونی ململانێکانی یۆغسلاڤیای پێشو، سۆماڵ و ڕواندا و شوێنەکانی تر بانگەواز و چالاکیەکانی بۆ داکۆکی لە تەدەخول، بەشێوەی سەربازیش، لەم وڵاتانە، بە تێپەڕبوونی کات، ڕوویان لە زیادی کردووە. فەرهەنگی یاسازانی نێودەوڵەتی چەندەها واتا و زاراوەی وەکو پاکتاوکردنی نەژادی، پاکردنەوە یان خاوێنکردنەوەی ڕەگەزی، زۆرلێکردنی نەژادی بە خۆیەوە گرتووە؛ لەم بارەیەوە چەندەها لێکۆڵینەوەو پشکنینی میتۆدۆلۆژیک لەم وڵاتانەی سەرەوە ئەنجامدراون. جگە لە بڵاوکراوەو چاپکراوەکانی دامودەزگاکانی UN بەڵگەنامەیەکی زۆریش لە لایەن ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکانیNGO کۆکراونەتەوە، هەموویان بە یەکەوە بوونەتە هۆی سەرهەڵدان و دروستبوونی ویژدانێکی ناوکۆ لەسەر ئاستی جیهانی کە نەفرین لە جەنگ و ئاکامە جینایەتکارەکانی دەکەن. کەچی ئەوەی پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەیە، چ لە ڕووی یاسایی و چ لە ڕووی سیاسی هەست بە بێدەنگیەکی سەرتاسەری دەکرێ: نە دامودەزگاکانی UN و نە ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان NGO بەشێوەیەکی جدی هەوڵی دەستپێشخەریان لە چارەسەرێکی ئاشتیانە نەکردووە.

(٧) کەچی بارودۆخی کوردی تورکیا، بەهۆی گەشەکردنی ئۆپێڕاسیۆنەکانی سەربازی لە نێوان حکوومەتی ئەنقەرە و بەرگری کورد لەم وڵاتە، ڕووی لە خراپی کردووە.

## پرنسیپی تەدەخول نەکردن

تا ئەمڕۆ بەشێکی زانستی یاسای نێودەوڵەتی دژی هەر جۆرە دەستێوەردانێکی کاروباری نێوخۆی دەوڵەتانە، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە کۆنە یاسای نێودەوڵەتی دەبەستێ کە سەروەری دەوڵەت بە پیرۆزیەکی موتڵەق لە قەڵەم دەدا و، دەبێ لە هەموو بارودوخێک ڕێزی لێ بگیرێت. ئەم بۆچوونە، هەمیشە، دەوڵەتی لە هەموو جۆر دەستێوەردانێک پاراستووە، کەچی ئێستا وا خەریکە مەیدان چۆڵ دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەوڵەتی وەکو تاکە سەبگێتێکی یاسای نێودەوڵەتی دادەنا. بەپێی ئەم تیۆرە دەوڵەت، دوور لە هەموو جۆرە فشارێک، ئازادە بە ئارەزووی خۆی ژیانی نێوخۆی ڕێک بخات. بەمجۆرە لایەنگرانی ڕێبازی تەدەخول نەکردن وا دەزانن بەم شێوەیە ڕێگە لە دەوڵەتانی بەهێز دەگیرێت تا دەست لە کاروباری دەوڵەتانی بچوک و بێهێز وەرنەدەن، وەکو چۆن لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و سیاسەتی زلهێزی سەدەی نۆزدەم ڕوویدا. هەروەها بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکانیان ئاماژە بۆ خاڵی ٧، لە بەندی دووەمی کارتی UN دەکەن کە دەڵێ «هیچ بەندێکی ئەم پەیڕەو و پڕۆگرامە ڕێگە ناداتە UN بۆ دەخالەتکردن لەم کێشانەی بەشێوەیەکی جەوهەری سەر بە دەسەڵاتی نێوخۆی دەوڵەتن و، نە ئەندامەکانیش ناچار دەکات، بەپێی جێبەجێکردنی ئەم پەیڕەوە، ئەم جۆرە کێشانە بخەنە ژێر تەحکیمکردن، ئەم پرنسیپە ڕێگە لە جێبەجێکردنی هۆیەکانی ناچارکردن ناگرێ کە لە بەشی حەوتەم ئاماژەیان بۆ کراوە»[٨].

بە درێژایی ئەم ٥٠ ساڵەی دوایدا دەوڵەتان (ئێستاش کۆمەلە دەوڵەتێک لەم باوەڕدان) بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە بەپێی پرنسیپی یەکسانی لە سەروەری ئەرک دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەک تا دەست لە کاروباری نێوخۆی ئەندامانی UN وەرنەدەن. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەلەی گشتی (ک. گ.) General Assembly GA لە ڕاگەیاندنی دەربارەی پەیوەندیەکانی دۆستایەتی Friendly Relations Declaration بەشێوەیەکی ڕوونتر پرنسیپی دەستێوەرنەدانی دووپاتەکردەوە و وتی:

هیچ دەوڵەتێک، بە تاک و بە کۆمەل، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بۆ هەر مەرام و

(٨) جێگەی سەرنجدانە ئەنجومەنی ئاسایش لە کاتی دەرکردنی بڕیاری ٦٨٨ ئاماژەی بۆ پەڕەگرافی ٧، لە بەندی دووەمی کرد.



مەبەستێک مافی دەستێوەردانی لە کاروباری نێوخۆ یانیش دەرەکی دەوڵەتێکی تر نییە. وەک ڕەنگدانەوەی ئەم پرنسیپە نەک تەنها تەدەخولی چەکداری بەڵکو هەموو شێوەیەکی دەستێوەردان و هەڕەشەکردن لە دژی پێرسۆنالیتەی دەوڵەت یان بە دژی پێکهاتەی سیاسی و ئابووری و کەلتووری پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتین.

هیچ دەوڵەتێک مافی جێبەجێکردن یان هاندانی سیاسەتێک یان هۆیەکانی ئابووری یان هەرجۆرە هەنگاوێکی لەم بارەوەی نییە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی تر ناچار بکات تاکو قوربانی بەماف و سەروەریەکانی بدات، بۆ ئەوەی هەر جۆرە ئیمتیازێکی دەست بکەوێت [...][٩]. ئەم پرنسیپە، کە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨١ دووپاتە کراوەتەوە[١٠]، لە یەکەم ڕوانیندا زۆر بەهێزەو دەرگای گفتوگۆ بۆ هەر جۆرە تەدەخولێک دادەخات. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆک و مەودای ئەم بڕیارە پێویستە بارودۆخی مێژووی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ئەم کات لەبەرچاو بگرین. ئەم بڕیارە، لەسەر داوای وڵاتانی تازە ئازادبوو، دەرکراوە بەڵام بەبێ دەنگ، واتە دەنگی ئا، نا، بێ دەنگ و بەشدار نەبووەکان لەبەرچاو نەگیراون. وڵاتانی تازە ڕزگاربوو گیروگرفتی گەورەی سیاسی، ئابووری، ئێتنی و ئایینی نێوخۆیان هەبوو، سەرەڕای ئەوەش ژێرخانی ئیدارەی دەوڵەتیان زۆر لاواز بوو. کەواتە پێویستی پارێزگاریکردنی سەروەریەکانی دەوڵەت (بەتایبەتی هی وڵاتانی بچووک و بێ هێز) لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی خواستێکی سەرەکی و گەورەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەوکات بوو. کەچی واقیعی ڕۆژگاری ئێستا زۆر جیایە، پەیوەندی بەو ئیلتیزاماتانەوە هەیە کە وڵاتان بەشێوەیەکی ئازادانە دەیانگرنە ئەستۆی خۆیان. ئەوەتە ئەم ڕاگەیاندنەی ک. گ. لە کۆتایی دەڵێ: هەموو پرنسیپەکان «لە لێکدانەوەو جێبەجێکردنیان بەیەکەوە گرێدراون و هەر پرنسیپەکیش دەبێ لە ڕوانگەی پرنسیپەکانی تر ڕاڤە بکرێت و هەلسەنگێنرێت». ئەم پرنسیپانەش پەیوەستن بە مافی چارەی خۆنووسین، یەکسانی گەلان، پاراستنی کەمینەکان، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، یاسای نێودەوڵەتی نێونەرایەتی و پلورالیزمی سیاسی و... هتد. کەواتە ئەم مەیدانانەی تایبەتن و دەکەونە کایەی تەنها دەسەڵاتی نێوخۆ هێدی هێدی تەسک دەبنەوە.

(٩) بڕیاری کۆمەڵەی گشتی، A/Res. 2625 (XXV), 24.10.1970

(10) A/Res. 36/103, 9.12.1981, Declaration on the inamissibility of intervention and interference in the internal affairs of States.

ئەم کاتە گرفت سەر هەڵدەدات کاتێ دەمانەوێت دەستنیشانی ئەم ماددانە بکەین کە لە ڕووی جەوهەریەوە دەکەونە، تەنها، ژێر دەسەڵاتی نێوخۆ. چ زانستی یاساوانی و چ دادگای دادوەری نێودەوڵەتی ICJ لەسەر ئەوە کۆکن کە هەموو ئەو ماددانەی لە دەرەوەی کایەی یاسای نێوەدەوڵەتین (ئەو یاسایانەی بەپێی دابونەریت دروستبوون Con-suetudinary Law یان ئەوانەی لە ڕێگەی پەیماننامەو ڕێکەوتنەکانەوە پەیدابوون Pac-tum Law) دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی نێوخۆ Domestic Jurisduction. ئاشکرایە لە جیهانی ئەمڕۆ بە دەگمەن ماددەو کێشەیەک هەیە، چ لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ژینگە یان دەربارەی مافی مرۆڤ و چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵ بیانیەکان، بکەونە دەرەوەی هاوکێشەیەکی یاسایی نێودەوڵەتیەوە. کەواتە دەست تێوەرنەدان، جگە لەو ئیلتیزاماتانەی کە دەوڵەتێک بە ئازادی پەیوەست دەبێ پێیان، دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ چۆنیەتی ڕەفتارکردنی دەوڵەت دەگەڵ ئەو بەڵێن و پەیمانانە چ لە ناوەوەی وڵاتەکەی خۆی و چ لە دەرەوە.

بەرەی یاسازانی و سیاسەتوانی تەدەخول نەکردن، ئەگەر لە ڕابردوو ئەو هێزو پاساوەی هەبوو بۆ ئەوەی بەرگری لەم پرنسیپە بکات، ئەمڕۆکە خۆی لە بەرامبەر گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان دەبینێتەوە کە ناتوانێ چاویان لێ بپۆشێ و ئەم واقیعەی ئێستا، لەسەرتاسەری جیهان هاتۆتە کایەوە، فەرامۆش بکات. جگە لەمەش پرنسیپی تەدەخول نەکردن ناتوانێ ڕێگە لە کار و چالاکیەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بگرێت کە ئەرکی داکۆکی و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ئەستۆیە. ئە. ئاس. SC لە بەرامبەر هەر جۆرە مەترسیەک ئەرک و مافی هەیە بۆ ئەوەی بڕیار لە دژی ئەو دەوڵەتانە دەربکات کە مەترسی و هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایش دروست دەکەن.

کەواتە پرنسیپی دەست تێوەرنەدان دەوڵەتان دەپارێزی لە تەدەخولە نارەواکان، واتە ڕێگە بە دەوڵەتێک یان کۆمەلە دەوڵەتێک نادات، بە پێچەوانەو پێشێلکردنی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەست لەو ماددانە وەربدەن کە لە ڕووی جەوهەریەوە سەر بە دەسەڵاتی دەوڵەتێکێ ترن. ئەمەش مانای وانیە هەموو تەدەخولەکان، کت ومت tout courtیاساغن، لە لایەکی تریشەوە دەوڵەت ئازادی بێ سنوور و موتڵەقی نییە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی ژیانی ناوەوەی ڕێک بخات و هەڵسوڕێنێ.



## تەدەخولکردن

ڕەگەکانی تەدەخول، لەسەر ئاستی جیهانی، لە کارتنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەر هەلدەدەن کە زنجیرە ئامانجێک دەستنیشان دەکات بۆ ئەوەی بەدەستیان بهێنێ یان جێبەجێیان بکات، وەکو: گەشەپێدان و پاراستنی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، خەبات لەدژی جیاوازیکردنی ڕەگەزی هاوکاری نێودەوڵەتی پارێزگاری کردنی لە ئاشتی خۆشگوزەرانی ناوکۆ و... تاد[(١١)]. بێجگە لەوەش، بە تێپەڕبوونی کات UN توانیویەتی چەندەها ڕێکەوتنانەی نێودەوڵەتی تایبەت دەربارەی مافی مرۆڤ، ژینگە، گەشەکردن، ململانێی چەکداری پاراستنی کەمینەکان، پەناهەندەو ئاوارەکان، ئافرەت، خەبات لە دژی هەژاری و برسێتی پاراستنی کەلەپووری مرۆڤایەتی گرێ بدات و، ڕۆژ بەرۆژیش کایەی چالاکی و کردەوەکانی فراوانتر دەبن. کەواتە کارو چالاکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئاژانسە تایبەتیەکانی یان هی دەوڵەتان، ئەگەر ئاراستەی ئەو ئامانجانەی پێشەوە بکرێن ئەوە ڕەوایەتی نێودەوڵەتی بەخۆیانەوە دەگرن.

لەسەرەوە وترا هەموو ئەو ماددانەی لەلایەن یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە سنووریان بۆ دانراوە دەکەونە دەرەوەی دەسەڵاتی موتڵەقی نێوخۆ DJ. کارتی نەتەوە یەکگرتوکان ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتیە، پێشێلکردنی پرنسیپ و ئامانجەکانی لە لایەن هەر دەوڵەتێک زیان بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگەیەنێ کە ئەرک و مافی ئەوەی هەیە لە دژی ئەم سەرپێچیە هەلوێست وەربگرێ[(١٢)]. بەم شێوەیە، بۆ زانستی یاسازانی یاسای نێودەوڵەتی مەحەکی سەرەکیە بۆ دەستنیشانکردن و بڕیاردان ئاخۆ ماددەیەک دەکەوێتە کایەی دەسەڵاتی نێوخۆی دەوڵەتێک یان نا. بۆیە هەر دەوڵەتێک سەرپێچی لە ئەرک و یاسا نێودەوڵەتیەکان بکات، دەکرێ لە لایەن دەوڵەتێک یان زیاتر ئاگادار بکرێتەوە و سەرنجی ڕابکێشرێت و ئیدانە بکرێت، هەروەها دەکرێ هەموو ئەو ڕێوڕەسمانەی لەکارتی UN ئاماژەیان بۆ کراوە، بگردرێتە بەر تا ئەو سەرپێچی و پێشێلکردنە نێودەوڵەتیانە ڕابگیرێن.

(١١) بنوارە بەندی ١ و ٥٥ کارتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

(١٢) بەندی ٦ ی کارتی UN دەڵێ: ئەگەر ئەندامێک بە بەردەوامی پرنسیپە ڕاگەیاندراوەکانی ئەم کارتەی بەزاند، دەکرێ، لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی ئاسایش، لە لایەن کۆمەڵەی گشتی لەم ڕێکخراوە دەربکرێ.

هەرەوەها پرنسیپی تەدەخول نەکردن ناتوانێ ڕێگەی لە هۆیەکانی زۆرەکی و ناچارکردنی ئەنجومەنی ئاسایش بگرێت لە دژی ئەو لایەن و دەوڵەتانەی هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەکەن. لە حاڵەتی کورد ئەنجومەنی ئاسایش دەستنیشانی ئەوەی کرد کە پێشێلکردنە گەورەکانی مافی مرۆڤ، لە ناوەوەی دەوڵەتێک، ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەخەنە مەترسیەوە. لەم ڕوانگەیەوە تەدەخول دەتوانێ سیمایەکی سەربازی بەپێی چۆنیەتی و پرنسیپەکانی کارتی UN، بەخۆیەوە بگرێ.

## پرنسیپی ئەخلاقی تەدەخولکردن

جگە لەو پرنسیپانەی لە پێشەوە باسکران لە کاتی نەبوونی یاسای نێودەوڵەتان پرنسیپی ئەخلاق (مۆڕال) ڕێگە بە دەوڵەتان، بە تاک یان بە کۆمەل، دەدا تا تەدەخول لەو بارودۆخانە بکەن کە ویژدانی مرۆڤایەتی نارەحەت دەکەن[١٣]. ئەمڕۆ پرنسیپی ئەخلاقی (رەوشت) بەشێوەیەکی فراوان لە لایەن زۆربەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە دانی پیانراوەو، بۆتە بناغەیەکی مەحکەم بۆ هێنانە بەرهەمی پرنسیپێکی یاسازانی بەتایبەتی لە مەیدانی هومانیتاری.

لە کاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەشێوەیەکی بەربلاو، لە لایەن حکومەتی بەغدا لە دژی کۆمەڵانی خەڵکی کورد، پەرلەمانی ئەوروپی لە ١٩٨٨/١١/١٧ لە بڕیارێک ڕایگەیاند کە مەترسی قڕکردنی کوردی عێراق مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی ئەرکێکی ئەخلاقی دەکاتەوە کە ناتوانێ خۆی لێ بکێشێتەوە[١٤]. ئەرکی لەناونەبردنی گەلێک، کەمینەیەکی ئێتنی یان ئایینی خۆی لەخۆیدا پرنسیپەکی یاسایی ناسراوە، بەڵکو هەر ڕەفتارێکی لەم بارەیەوە بە تاوانێکی نێودەوڵەتی دەدرێتە قەڵەم. بۆ هەمان مەبەست لە ١٩٨٨/٩/١٣ کۆنگرێسی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بڕیاری ڕێگەکردن لە قڕان Prevention to Genocide Act of 1988 وتی «ڕەفتاری دەوڵەتی عێراق دژی کورد خۆی لە قڕان دەنوێنێ. ئەم ڕەفتارەش لە یاسای نێودەوڵەتان قەدەغەکراوەو، لە لایەن گەلانی شارستانی

(١٣) جوزێپێ سپێردوتی، دەسەڵاتی نێوخۆ
Giuseppe Sperduti, Il dominio riservato, Milano, 1970, pp. 33-34
باسی پرنسیپەکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی جیهان کە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ ناسراون دەکات.

(١٤) ڕۆژنامەی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی، GUCE, n. C. 326, 19/12/1988, p. 208



نەفرینی لێکراوە»[١٥]. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەر هیچ شتێکی نەکرد بۆ ئەوەی لە ئازارو مەینەتی کورد کەم بکاتەوە. هەرچەندە هەموو جۆرە ڕێگەو دابورەسمێکی یاسازانی و ئەخلاقی لەبەر دەستدابون کەچی نە نەتەوە یەکگرتوەکان و نە ئاژانسە تایبەتیەکانی دەخالەتیان بۆ سەر دەوڵەتی عێراق نەکرد. ولاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا داوایان لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد دەستپێشخەریەکی شەخسێ بکات بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ عێراق چەکی کیمیاوی بەکارهیناوە یان نا، ئەویش کومیسیۆنەکی لێکۆڵینەوەی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی سەردانی ناوچە کوردیەکانی عێراق بکەن[١٦]. هەرچەندە عێراق پرۆتۆکۆلی ژنێڤی ١٩٢٥/٦/١٧ دەربارەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی مۆرکردوبوو کەچی لەگەڵ ئەوەش بە بیانوی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆ ڕێگەی بە کۆمیسیۆنەکە نەدا سەردانی ولات بکات و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات[١٧].

داواکاری ولاتانی ئەوروپی وابەستە بوو بە هۆیەکانی پرنسیپی مرۆڤانە تا ئازارومەینەتی کۆمەلانی خەڵکی سیڤیل، کە بووبوونە قوربانی چەکی کیمیاوی کەم ببێتەوە. ئەم داواکاریەش، سوپاس بۆ تەلەفزیۆنەکان کە ڕۆژانە دیمەنی تراژیدیان دەگەیاندە هەموو جیهان، بۆ ئیدانەکردنی ڕەفتارێک بوو کە بەپێی پرۆتۆکۆلی ژونێڤ «مایەی شەرمەزاریی و سوکایەتیکردنە بە ویژدانی مرۆڤایەتی»[١٨].

لە دوای شەڕی کەنداو (١/١٧ - ١٩٩١/٢/٢٨) لە بەرامبەر درامای کوردی عێراق سەرلەنوێ باسی پرنسیپی ئەخلاق کرا بۆ ئەوەی تەدەخول لە ناوەوەی ولاتێک بکرێت.

(15) Chimical Weapons use in the Kurdistan: The Report of the Senate on Foreign Relations (by W. GALBRAITH), 21 September 1988, Washington DC.

(16) Dix pays demandent l invoi d une mission d enquéte au Kurdistan irakien, in "Le Monde", 15/09/1988 هەروەها بنوارە ڕۆژنامەکانی ئیتالی و ئەوروپی (ئەیلوولی ١٩٨٨) کە زۆر وتارو هەواڵیان دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان بلاوکردۆتەوە.

(17) Iraq suggests gas use: Is government right, in "Herald International Tribune", 16.9.1988; Cf. Iraq, gas contro i Curdi: no all_inchiesta dell_ONU, in "il Manifesto", 15.9.1988.

(١٨) دەقی پرۆتۆکۆلەکە بەزمانی ئیتالی لە
Pietro VERRI, Diritto per la pace e diritto nella guerra, Roma, 1980, doc. 24, p. 147

دیسان پەرلەمانی ئەوروپی لە ١٩٩١/٤/١٨ پێش هەموو لایەنێکی تر دووپاتەی کردەوە کە «ئەرکێکی ئەخلاقی کەوتۆتە ئەستۆی UN تا هەنگاوێکی لەبار بنێن بۆ ئەوەی لە ڕۆتینی پارێزگاری لە سنووری نەتەوەیی بپەڕنەوە و هەموو هۆیەک بگرنە بەر بۆ ڕێگەگرتن لە ڕژێمە تۆتالیتاریەکان تا کاری قڕان ئەنجام نەدەن، بۆ ئەم مەبەستەش ئەگەر پێویست بوو ئەوە کارتی UN بگۆڕن»[١٩]. دوای چەند ڕۆژەک سکرتێری نەتەوە یەکگرتوەکان، پێرز دێ کویلار Perez de Cuellar لە ڕاگەیاندنێک وتی: «ئێمە، بە دلنیایەوە، گەیشتووینە قۆناغێکی گەشەکردنی ئەخلاقی و پسیکۆلۆجی لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا کە ناکرێت چیتر چاو لە پێشێلکردنە گەورەکانی مافی مرۆڤ بپۆشرێت»[٢٠]. هەروەها سکرتێری گشتی نوێی UN یش، بەتروس بەتروس غالی لە (ئەجێندەی ئاشتی) نووسیویەتی «دەکرێ هەست بە پرنسیپەکی ئەخلاقی ناوکۆ بکرێت کە هەمیشە زیاتر بڵاودەبێتەوەو ئامێز بە گەل و نەتەوەکانی جیهاندا دەگرێت و، وا خەریکە شوێنی خۆی لە ناو دابورەسمەکانی یاسای نێودەوڵەتی کە زۆربەیان بەرهەمی کارو چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوەن [UNO]، دەکاتەوە»[٢١]. بێرنارد کوشنەر Bernard Kouchner یەکێکە لە پێشڕەو و لایەنگرەکانی دەخالەتی مۆڤیتاری نووسیویەتی «مافی تەدەخولکردن، وەکو گەڕانەوەیەکی ئەخلاقی خۆی فەرزکرد، وەکو هاوارێکی ویژدان لە جەنگی کەنداو، لە حاڵەتی کوردی باکوری عێراق بۆ یەکەمجار بە ڕەسمی جێبەجێ کرا»[٢٢].

دیسان پاپا یۆحەنا پۆلیسی دووەم Papa Giovanni Paolo II لە وتارێک لە کۆنفرانسی فاو FAO لە ڕۆما (١٩٩٢/١٢/٥)وتی «ویژدانی مرۆڤایەتی کە لە لایەن یاسا نێودەوڵەتیەکانی هومانیتاری پاڵپشتی لێ دەکرێ، بە دەنگێکی بەرز داوا دەکات کە تەدەخولی ئینسانی لەو بارودۆخانەی هەڕەشە لە گەلان و گروپە ئێتنیەکان دەکەن، ببێتە ئەرکێکی ئیلزامی. ئەم ئەرکە هەموو وڵاتان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەگرێتەوە».

(١٩) بڕیاری پەرلەمانی ئەوروپی لە GUCE, n. C. 129, 20.5.1991, pp. 141-42

(20) UN, comuniqué de press, SG/SM/1200, 22 avril 1991, cit in OLIVER CORTEN e PIERRE KLEIEI, Devoir d_ingerence ou droit de réaction armée collective?, in RTDH, 1992, p. 479, n. 32

(21) Boutros Boutros Ghali, An Agenda for Peace: Preventive Diplomacy, Peacemaking and Peace-keeping, op. cit., p. 5,

(22) Bernard KOUCHNER, Le malheur des autres, Paris, Odile, 1991, pp. 229-30.



پاشان لە درێژەی وتارەکەیوتی «بانگەوازە ئەخلاقیەکان هێزێکی یاسایی دەگرنە خۆ [...] دەبێ لێرە گوێ لە هاوارو ئازاری ملیۆنەها کەس بگرن»[٢٣]. زۆر لە بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە، لە وتارەکانیان، دووپاتەیان کردەوە کە پرنسپە ئەخلاقیەکان ڕێگە نادەن کۆمەڵانی خەڵک لە برسان بمرن یان لە حاڵەتی ئێمرجێنسی بەجێ بهێڵرێن. ناکرێ دان بە دەسەڵاتێکی گەورەی ئەخلاقی پاپا، سەرۆکی کەنیسەی کاتۆلیک، دانەنرێت کە بەم دواییانەدا باسی ئەوەی کرد کە کاتێک پرنسیپە ئەخلاقیەکان دەخرێنە ژێر پێ دەکرێ پەنا بۆ شەڕی ڕەوا ببرێت[٢٤].

بەمجۆرە، لە تەک یاسای نێودەوڵەتی پرنسیپی ئەخلاقی گشتی بۆتە وەسیلەیەکی سەرەکی پشتگیری یان بەرپەرچدانەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەوڵەتان: لە بەرامبەر پێشێلکردنی ئەم پرنسیپەش کۆمەلگای نێودەوڵەتی ناتوانێ بێ دەنگ و دەستەوەستان دابنیشێت. دەستنیشانکردنی یاسا (نووسراوە) نێودەوڵەتیەکان کارێکی ئاسانە کەچی ناسینەوەو دەستنیشانکردنی پرنسیپی ڕەوشت، کە ڕەنگدانەوەی ناخو ویژدانی مرۆیین، ئەرکێکی ئاڵۆز و سەختە. ئەم پرنسیپە، لە ڕووی مێژووییەوە، لە بارودۆخە تراژیدیەکانی ململانێی چەکداری و جەوروستەمی مرۆییانە سەری هەڵداوە و گەشەی کردوە و، خۆی لەو «پرنسیپانە دەبینێ کە بەشێوەیەکی یونیڤێرسال دانیان پیانراوە، تەنانەت لە لایەن ئەو کەسەش کە ناتوانێ یان نایەوێت ڕێزیان لێ بگرێت»[٢٥]. ئەخلاق بە ویژدان و هەست و نەستی ناوەوەی مرۆڤ پابەندە کە زۆربەی جار لە دژایەتی دایە لەگەڵ سیاسەت،

(٢٣) بنواڕە ڕۆژنامەکانی ئیتالی ڕۆژی ١٩٩٢/١٢/٦، هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هەڵوێستی پاپا، سەبارەت بە دەخالەتی مرۆڤانە بنواڕە. Giorgio FILBECK, L_intervento umanitario in tempo di guerra, tra le ambiguità della politica e le incertezze del diritto, nell insegnamento di Giovanni Paolo II, in "Rivista Internazionale dei Diritti dell Uomo", Milano, 1994, n. 3, pp. 415-25

(٢٤) لە ١٩٩٥/٧/٢٤ پاپا لە وتارێک پاڵپشتی لە جەنگی ڕەوا کرد ووتی شەڕ هەمیشە دوا بژارە پاشانوتی «مەسەلەکە هەمیشە هەمان شتە، هی شەڕی ڕەوا و هی شەڕی بەرگری.... هەمیشە مافی بەرگری هەیە. شەڕی بەرگریش نەگریسیە بەڵام ئەگەر یەکێک پەلامار بدات و مافی بوون و ژیانی ئەوانی تر بخاتە ژێر پێوە ئەوە ئەوانی تریش مافی بەرگریکردنیان هەیە»، بنواڕە ڕۆژنامەکانی ئیتالی، لە La Repubblica, 23/7/ 1995 وەرگیراوە.

(25) Michael WALZER, Guerre giuste e ingiuste: un discorso morale con emplificazioni storiche, Napoli, Liguori, 1990, p. 6.

بەتایبەتی ڕیال پۆلیتیک Realpolitik. بە بۆچوونی زۆر نووسەر ڕەوشت «لە شێوە فەلسەفیەکەی ڕێبازێکی مافی مرۆڤ»ە و، بوچوونێکە، سەبارەت بە جیهان و ژیان، «لە بۆچونەکانی تر باشترە»[٢٦].

هەر کاتێک مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بخرێنە ژێر پێ، هەر کاتەک بێ بەزەیی و دڕندەیی و کارەسات، چی ئەوانەی بە دەستی مرۆڤ یان بە هۆیە سروشتیەکانەوە ئەنجام بدرێن، بیانەوێت جەوهەری مرۆڤانە لەناو بەرن، بەتایبەتی هی گروپ و چینە بێ پشتیوان و بێ دەسەڵاتەکان، ئەوکاتە پرنسیپی ئەخلاق ڕادەپەڕێت و دەیەوێت ڕۆڵی خۆی ببینێ بە بێ لەبەرچاوگرتنی هۆیەکانی تر. ئەوەتە زۆرجار دەبینین و دەبیستین کە هەندێ کاربەدەست و سیاسەتوان، لە بەرامبەر هەندێ ڕووداو و کارەسات، لە ڕوانگەی ئەخلاقیەوە بۆچوون و ڕاگەیاندنەکانیان بڵاودەکەنەوە بەبێ ئەوەی پلەو پایەی سیاسێو دیبلۆماسیان بخەنە مەترسیەوە!

بەمجۆرە لە سەردەمێکی وەکو ئەمڕۆ، کە ئینفۆرمێشن و ڕاگەیاندن بە خێرای دەسوڕێنەوە بلاودەبنەوە، لەو کاتەی تەلەفیزیۆنەکان ڕۆژانە هەواڵ و دیمەنی خەماوی و دڵتەزێنمان پێ ڕادەگەیەنن، بێ دەسەڵاتی ڕای گشتی گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێتە «توڕەبوون و ڕقێکی ئەخلاقی» بەهێز کە زۆرجار دەتوانێ دامەزراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان بەگەڵ خۆی بدات[٢٧].

یاسا فۆرمێکی بێ گیانە، کەچی ئەخلاق هەست و نەست و ویژدان و میهرەبانیە،

(26) Idem, p. 8

(٢٧) بەترۆس غالی، لە ئەجێندەی ئاشتی، دەربارەی ڕۆڵی میدیاکان دەڵێ «لەبەر ئەوەی شەڕو ململانێکانی ئێستا لە ناوەوەی دەوڵەتانن، لەبەر ئەوە زۆرجار ئاژانسە هومانیتاریەکان ناچار بوون بەشێوەیەکی بێ سەروبەری (کۆئاتیک choatic) و نا ئوسولی چالاکیەکانیان ئەنجام بدەن لەو حاڵەتانەی لە پێشەوە باسمان کردن. هەندێ جار لە ئەنجامی تەقینەوەی ئەم ناڕەزاییی و ڕق و کینەیە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانی جیهان پێشان دەدرێن پاڵەپەستۆیەکی سیاسی دەکەوێتە سەر UN تا هێزو لەشکر ڕەوانە بکاتە ئەم شوێنانە بۆ ئەوەی ئاسانکاری و پارێزگاری لە ئۆپێراسیونە هومانیتاریەکان بکەن. ئەگەر لە هەندێ حاڵەت ئەم دیمەنە دڵتەزێنانە دەبنە یارمەتی بۆ چالاکیە مرۆییەکان لە هەندێ حاڵەتی تردا بارودۆخەکی عاتفی دروست دەکەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەزەحمەتی بڕیار وەربگیرێ، بنواڕە:
Boutros Boutros GHALI, Supplement to an Agenda for Peace: position paper of the Secretary-General, on the occasion of the fiftieth anniversari of the UN, Doc. A/50/60, S/1995/1 (18).



کەواتە دەتوانین بڵێین ئەخلاق پارێزەری مافی مرۆڤە، چونکە لەو شوێنانەی فۆرمە یاساییەکان ناتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشە تراژیدیەکان ئەوا فاکتی ئەخلاقی لە هەندێ بارودۆخ، دەتوانێ مەرجەکانی پاساوی تەدەخول پێشکەش بکات و مەینەت و ئازارەکان کەم بکاتەوە.

## تەدەخول نەکردن پرنسیپەکی موتڵەقە؟

لە ڕوانگەی مێژووییەوە پرنسیپی تەدەخول نەکردن هەرگیز، بەشێوەیەکی موتڵەق، ڕێزی لێ نەگیراوە: لە سەدەکانی ڕابردوو زلهێزەکان، بەشێوەیەکی بەردەوام، دەستیان دەخستە ناو کاروباری نێوخۆی وڵاتانی بچوک و کەم دەسەڵات. ئەم دەستێوەردانەش هەندێ جار ڕاستەخۆ و هەندێ جاریش ناڕاستەخۆ بوون. کەچی بەدروستبوونی UN قەدەغەی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بۆتە بناغەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بۆ فەراهەمکردنی ئاشتی و ئاسایش. پەرەگرافی ٧، لە بەندی دووەمی کارتی UN و بڕیاری ژمارە ٢٦٢٥/ ١٩٧٠ی ک.گ. ڕێگە نادەنە دەوڵەت، بە تاک یان بە کۆمەل، دەست بخەنە ئەو مەسەلانەی کە بەشێوەیەکی جەوهەری دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی نێوخۆی هەر دەوڵەتێک. تەدەخول، دەکرێ، شێوەیەکی ماددی وەربگرێ، ئەوکاتەی ڕوخساری ڕاستەخۆ وەردەگرێ، واتە بەشێوەیەکی فیزیکی و بە بێ ڕەزامەندی لەسەر خاکی دەوڵەتێک ئەنجام دەدرێ و دەبێتە هۆی بەزاندنی سەروەری ئەم دەوڵەتە. چوونە ناو خاکێک، لە ڕووی ماددی و فیزیکی دەکرێ ڕوخساری سەربازی یان سیڤیلی بەخۆیەوە بگرێ. کەچی تەدەخولی نا ماددی نابێتە هۆی پێشێلکردنی سەروەری دەوڵەت بەڵام شێواز و ڕوخساری هەمەڕەنگ بەخۆیەوە دەبینێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە قۆناغی ئەمڕۆدا سەروەری موتڵەق، وەکو س. گ. UN نووسیویەتی «چیتر باوی نەماوە»[٢٨]. پ. ئە. لە ١٩٩٤/٤/٢٠ ڕایگەیاند کە «یاسای نێودەوڵەتی هەمیشە، بە پرنسیپی دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی سەروەر دەست پێدەکات بەڵام لە هەمانکات لەو باوەڕەدایە کە پاساوی سەروەری دەوڵەتان وەکو وەرەقەیەکی سپی بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆیان ڕەفتار بکەن چیتر جێگای قەبووڵ نییە»[٢٩].

(٢٨) پەترۆس غالی (سکرتێری UN) ئەجێندای ئاشتی، چاپی ئیتالی، ١٩٩٢، ل ٥

(٢٩) ڕۆژنامەی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی، ژمارە، GUCE, n. C. 128, 9.5.1994, p. 226

کارتی UN و بڕیارەکانی ک. گ. و ئە. ئاس. قەدەغەی ئەو دەستێوەردانانە دەکەن کە دژی پرنسیپ و ئامانجەکانی کارتی UN و یاسا نێودەوڵەتیەکانن. کەواتە دەکرێ باوەڕ بەوە هەبێ کە ئەو تەدەخولانەی ئامانجەکانی کارتی UN و یاسا نێودەوڵەتیەکان نابەزێنن و لەگەڵ «ویژدانی ئەخلاقی ناوکۆ» دەگونجێن دەکەونە چوارچێوەیەکی یاسایی.

قۆناغی ئێستای مێژوو پەیوەستە بە دانپیانان و دووپاتەکردنەوەی مافی مرۆڤ، پلوڕالیزمی سیاسی و ئابووری و ئایینی هەماهەنگی و هاوکاری نێودەوڵەتی و، ئەم پرنسیپانەش ڕەگی بەهێزیان لەنێو کۆمەلگای نوێ داکوتاوە. بەجۆرە، لەم قۆناغەدا، زۆرجار ڕووبەڕووی جۆرەها تەدەخول دەبین کە دەکەونە چوارچێوەی یاسایی و نایاسایی ڕەوا و ناڕەوا.

ئاخۆ چۆن دەبێ لە بەخشینی مافی پەناهەندە بنوارین بۆ ئەوکەسانەی لە دەستی چەوسانەوەی سیاسی ئێتنی یان ئایینی ڕادەکەن؟

ئایا دانی ئەم پەناهەندەییە بەدەستێوەردان لە قەڵەم دەدرێ بەرامبەر ئەو دەوڵەتەی پەناهەندەکەی لێ هاتووە، بەتایبەتی لەو حاڵەتەی ئەگەر پەناهەندەکە پەنای بۆ بالوێزخانەی وڵاتێکی سێیەم بردبێ؟

لە ڕابردوو ڕاگەیاندنێکی سیاسی دەوڵەتێک یان هی نوێنەرەکانی لە دژی دەوڵەتێکی تر لە چوارچێوە و کایەیەکی تەسک و دیاریکراو دەمایەوە، کەچی ئەمڕۆ، سوپاس بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن، زوو بەزوو دەبێتە هۆی بەرپابوونی ڕەنگدانەوەیەکی نەگەتیف: بۆ نموونە ڕاگەیاندنێک دەربارەی بارودۆخی ئابووری – دارایی کاردەکاتە سەر سیاسەتی ئابووری ئەو وڵاتەی ڕاگەیاندنەکەی ئاراستەکراوە.

لەوەش زیاتر، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، لە سەرەتای ساڵانی حەفتا، هەموو ساڵێک لیستێکی ڕەش بڵاودەکەنەوە کە تیایا ناوی ئەو وڵاتانەی تێ ئەکەن کە بەبۆچوونی USA مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن یانیش گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ پاڵپشتی لە تیرۆریزمی جیهانی دەکەن(٣٠). وەکو ڕەنگدانەوە ئەو وڵاتانەی ناویان لە لیستی ڕەش هاتووە ڕووبەڕووی سزای سیاسی – ئابووری و دارایی دەبنەوە کە لە لایەن USA و هاوپەیمانەکانیەوە جێبەجێ دەکرێن.

(٣٠) بەم دوایییە دادگای باڵای USA ڕایگەیاند کە گرتن و فڕاندنی ئەو کەسانەی لە لایەن عەدالەتی وڵات گوناهبار و تاوانبارکراون، لە وڵاتانی سێیەم، لە لایەن دامودەزگاکانی ئەمەریکی کارێکی ڕەوا و یاساییە.



لە وڵاتێکی پلوڕالیست و دیموکرات ئەم چالاکی و داکۆکیانەی لەلایەن ئینفۆڕمێشنێکی بێ لایەن یان لە لایەن کۆمەڵانی خەڵک دەکرێن بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە یەکێک لە وڵاتەکانی دراوسێ چ جۆرە ماهیەت و خاسیەتێک بەخۆوە دەگرێ؟ ئایا خۆپێشاندانێک، لەسەر سنوور، بۆ دەربڕینی هاوکاری دەستێوەردانە؟ لەوەش زیاتر، ئایا ڕێگە نەگرتن لە پەناهەندەو ئاوارەکانی وڵاتێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی خۆیان ڕێک بخەن، لە ڕووی سیاسی و کولتووری بڵاوکردنەوەی کتێب و چاپەمەنی پەخشکردنی پروگرامی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵی ئاسمانی و ئینتەرنێت ڕەفتارێکی ناڕەوایە لە ڕوانگەی یاسا نێودەوڵەتیەکان یان نا؟(٣١) ئەگەرێکی لەم بارەیەوە دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندیە سیاسی و دیپلۆماتیەکانی وڵاتان یان لەوەش زیاتر بەرپابونی کێشەیەکی چەکداری لەنێوان هەردولا. بەم شێوەیە، دەستپێشخەری یان ئەگەرێکی لەو بارەیەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بکەوێتە مەترسیەوە.

لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ی ئۆکتوبەری ١٩٨٩، لە پاریس، کۆنفرانسێکی جیهانی لەسەر «پێناسەی کولتووری کوردان» بەسترا کە تیایا زۆر کەسایەتی کورد و بیانی بەشداریان کرد. لەبەرامبەر ئەم چالاکیە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان (ئێران، عێراق، سوریاو تورکیا) بەیەکەوە هەوڵیاندا، بەهەموو شێوەیەک، حکوومەتی فەرەنسا ناچار بکەن ڕێگە لە بەستنی کۆنفرانسەکە بگرێت. ئەم دەوڵەتانە، کە بەرپرسیارن بەرامبەر پێشێلکردنە گەورەکانی مافی مرۆڤ، هەموو جۆرە ململانێ و ناحەزایەتی خۆیان بەلاوە نابوو و فشارێکی زۆری سیاسی و دیبلۆماسیان خستە سەر فەرەنسا. بەمشێوەیەش دەستیان

(٣١) وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە بەردەوامی ناڕەزایی خۆیان دەربڕیووە و دەردەبڕن بەرامبەر وڵاتانی ئەوروپی لەبەر ئەوەی کۆمەڵگا و ڕەوندەکانی کورد (بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان یەک ملیۆن کورد لە ئەوروپا دەژین) خۆیان ڕێک خستووە و مەڵبەندی کولتووریان کردۆتەوە و کتێب و ڕۆژنامە بەکوردی چاپ دەکەن: لە دوای داگیرکردنی کوێت ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا، دامەزراوێکی حکوومەتی واشنتۆنە، ئێستا ڕۆژانە یەک سەعات بەرنامە بەزمانی کوردی پەخش دەکات. کەچی لە ١٩٩٥/٣/٣٠ کەناڵێکی ئاسمانی، بەناوی مێد – تیڤی Med TV, The Linen Hall, 196-168 Regent Street, London WIR SAT

بەپێی یاسای ئەم وڵاتە بەرنامەکانی بەزمانی کوردی بڵاودەکاتەوە. هەروەها زۆر لە مەڵبەند و ناوەندیە کوردیەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا، لە ڕێگەی ئینتەرنێت، بەرنامە و زانیاری دەربارەی دۆزی کورد بڵاودەکەنەوە.

خستە نێو سیستەمی سیاسی و یاسای دەوڵەتی فەرەنسا کە ڕێز لە ئازادی بیر و ڕا دەربڕین و خۆپیشاندان دەگرێ[٣٢].

زۆرجار وا ڕێک دەکەوێ ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆن سەرکردایەتیەکەی بۆ وڵاتێکی سێیەم بگوازێتەوە، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی هاوسێ و، کار بکات بۆ ڕوخاندنی حکومەتی وڵاتەکەی. بەمیوان ڕاگرتن یان دانی مافی پەناهەندەیی دەکرێن بە تەدەخول لە دژی دەوڵەتێکی سێیەم لە قەڵەم بدرێن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ڕێکخراوە «بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی» بێت؟

لە ڕۆژانی ١٢-١٤/٤/١٩٩٥ - پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە شاری لاهای لە هۆڵەندا دامەزرا، لە کەسایەتی سیاسی ڕۆشنبیری و نوێنەری هێزە سیاسیەکانی کوردستان و ڕێکخراوە پیشەیەکانی کوردی هەندەران.پێکهاتووە. لەم حاڵەتەش حکوومەتی تورکیا زۆر بەتوندی ڕەخنە و پرۆتێستی بەرزکردەوەو حکوومەتی هۆڵەندای بەوە گوناهبار کرد کە گوایە میوانداری لە کۆبونەوەی جیاخواز و تێرۆریستان دەکات و، لە پاشان بالوێزی خۆی بۆ وڵات ڕاکێشاوە. هەمان فشار و پرۆتێست، لەکاتی کرانەوەی بارەگای پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە شاری بروکسێل، لە لایەن تورکیا لە دژی بەلچیکا ڕاگەیاندران. دیسان لە کاتی کرانەوەی خولی دووەم و سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە ڤیەننا (٣١ی تەموز ٢ی ئابی ١٩٩٥) و مۆسکۆ (٣٠ ئۆکتوبەر -١ی نۆڤەمبەری ١٩٩٥) حکوومەتی تورکیا بەتوندی ڕەخنەی لەم دەوڵەتانە گرت.

لەم حاڵەت و بۆنانەدا دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئەم وڵاتانەیان بەوە گوناهبار دەکرد گوایە دەست دەخەنە ناو کاروباری سیاسی وڵاتەکانیان و دەستدرێژی دەخەنە سەر سەروەری و سەربەخۆیان تەنها لەبەر ئەوەی ڕێگەیان دەدا باسی کورد و مافەکانیان بکرێت.

(٣٢) کۆنفرانسی پاریس Conference International Les Kurdes: identità culturelle et droits de lhomme, Paris, 14-15 ottobre 1989 کە لە لایەن ئەنستوی کورد لە پاریس و ڕێکخراوی فەرەنسای ئازاد France Libertè ئامادەکرابوو. دەقی وتار و بڕیارەکانی کۆنفرانسەکە بەچەندەها زمان، لە لایەن ئەنستوی کورد بڵاوکراوەتەوە. دەربارەی هەڵوێست و پرۆتێستی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیا بنوارە ڕۆژنامەکانی فەرەنسی ڕۆژانی کۆنفرانسەکە.



لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چەندەها ململانێی چەکداری لە نێوان دوو دەوڵەت یانیش زیاتر ڕوویداوە ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی یەکێک یان زیاتر لەم دەوڵەتانە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیان حەواندبووەو و یارمەتیان دابون، بەمجۆرەش دەستیان دەخستە نێو کاروباری نێوخۆی یەکتر[٣٣].

پساندنی پەیوەندی دیپلۆماسی و دانانی ئابڵۆقەی (ئیمبارگۆ) ئابووری یەک لایەنە (ئەمەریکا دژی کوبا) یان کۆ لایەنی (وڵاتانی ڕۆژئاوا لە دژی ئێران و لیبیا و... هتد) یان هی UN (لە دژی عێراق، لیبیا، یوغسلاڤیای پێشو و هایتی سەردەمی ژەنەڕاڵەکان) جۆرە تەدەخولێک دروست دەکەن. ئەم تەدەخولە ئەگەر بێت و بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ یان بۆ کۆتایی هێنان بە پێشلکردنی یاسا نێودەوڵەتیەکان ئەوە سیمایەکی ڕەوا بەخۆیەوە دەگرێت ئەگەریش نا ئەوە دەبێتە تەدەخولێکی کلاسیکی و ناڕەوا. ئەوەتە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ٢٦٢٥، لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا، دەڵێ «بۆ هیچ دەوڵەتێک نییە سیاسەتێک بگرێتەبەر یان پاڵپشتی لەم جۆرە سیاسەتە بکات تاکو لە ڕێگەی گوشاری ئابووری و سیاسی دەوڵەتێکی تر ناچار بکات دەست لە مافە سەروەریەکانی خۆی هەڵبگرێ یانیش بۆ بەدەستهێنانی هەر جۆرە ئیمتیازێک».

هەموو ئەو جۆرە تەدەخولانەی لە پێشەوە باسکران دەکرێ بە تەدەخولی سستیان ناو ببەین، بەواتایەکی تر ئەو دەوڵەتەی مافی پەناهەندەیی دەدات، یان کۆمەکی بزووتنەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی یان ڕزگاریخوازی دەدا، یان ڕەخنە و پرۆتێست بەرزدەکاتەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئەکتیڤ ڕەفتار ناکات. کەواتە تەدەخولە ناڕاستەوخۆکان دەکرێ بە سست و ئەوانەی ڕاستەوخۆش بەچالاک یان ئەکتیڤ ناو ببرێن.

هەموو ئەوانە پێشان دەدەن کە تەدەخولنەکردن پرنسیپەکی ڕەها (موتلەق) نییە، تەنانەت کارتی UN، بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕێگەی بەکارهێنانی هۆیەکانی ناچارکردن دەدات. تەدەخولی ڕاستەوخۆ یان ماتریال، بەتایبەتی چەکداری

(٣٣) لە پێش و لەکاتی جەنگی عێراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) کە بووە مایەی کوشتنی ملیۆنەها کەس هەردوو لا یەکتریان گوناهبار دەکرد بەوەی کە کۆمەکی هێزە کوردیەکان بەشەکی خۆیان دەکەن و دەست دەخەنە نێو سیاسەتی ناوەوەی یەکترێ. تورکیا، بەبیانوی ڕاونانی بەرگری کورد، دەیان جار سنوورەکانی بەزاند و هاتۆتە نێو خاکی عێراق و ئێران و سوریا. بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بنوارە: د. جاسم تۆفیق خۆشناو، مەسەلەی کوردو یاسای نێودەوڵەتان، سلێمانی (لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکوڵینەوەی ستراتیجی کوردستان)، ٢٠٠٢، بەشی شەشەم «کێشەی کوردستان و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی».

دەبێت بە هەموو شێوەیەک قەدەغە بکرێت لەم کاتەی تاکڕەوی و بە دژی پرنسیپەکانی کارتی UN و یاسای نێودەوڵەتیە. تەدەخولی چەکداری پێویستە لە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش دیاری بکرێت و ڕێگەی پێ بدرێت، ئەوەش وەکو دوا چارەسەر، بەتایبەتی لە کاتی ململانێ چەکداریەکانی نێوخۆ کە دەبنە هۆی کوشتار و لەناوبردنی بە کۆمەلی سیڤیلەکان. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەر بارودۆخێک بەجیا دیراسە بکرێت و فاکتۆرەکانی مێژوو، سیاسی، نەتەوەیی، ئێتنی و جوگرافی لەبەرچاوبگیرێن و تاکە مێتۆدەک بۆ هەموو ململانێکان بەکار نەهێنرێ، بەتایبەتی لە کاتی تەدەخولی ماتریالی و ڕاستەوخۆ، بە واتایەکی تر تەدەخولی سەربازی بۆ کۆتایی هێنان بە ئازارو مەینەتی کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی. تەنها بەم شێوەیە تەدەخولی ئینسانی دەتوانێ بناغەیەکی یاسایی و ئەخلاقی هەبێ و، وەکو پرنسیپەکی سەرتاسەری جیهانی قەبول بکرێت. کەواتە نابێ تەنها خۆ بەو فۆرمولە یاساییانە ببەسترێتەوە کە ئێستا لە ئارادان یان بە ئەزمونەکانی ڕابردوو بەڵکو پێویستە، وەکو سکرتێری گشتی UN نووسیویەتی «پێویستیەکانی ئاینده»[٣٤] لەبەر چاو بگیرێن کە ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادی دەکەن.

## کورتەیەکی مێژوویی تەدەخول

مەبەستی تەدەخول، بەهۆیەکانی ناچارکردنیش لە لایەن دەوڵەتێک یان زیاتر، بریتیە لە کۆتایی هێنان بەئازار و مەینەتی کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی لە کاتی ململانێی چەکداری نێوخۆ یان نێودەوڵەتی. گرنگیش لەوەدانیە ئاخۆ ئەو ئازارو مەینەتە لە لایەن دەوڵەت یان دەستەو هێزە چەکدارە ڕێکخراوەکان ئەنجام بدرێ، لەگەڵ ئەوەشدا نموونە و ئەزمەنەکانی ڕابردوو وا پیشان دەدەن کە دەوڵەت بەرپرسیاری سەرەکی کوشت و بڕینی خەڵکی سیڤیلە. ئەو فاکت و هۆیانەی پاساو بۆ تەدەخول دەکەن ڕەگەکانیان بۆ مێژوویەکی دوورودرێژ دەگەڕێتەوە.

لە سەدەی ڕابردوو زیاد لە جارێک زلهێزە ئەوروپییەکان، بەمەستی داکۆکی لە کەمینە ئاینیەکانی مەسیحی پەنایان بۆ بەکارهێنانی هێز دەبرد لە دژی ئیمپڕاتۆری عوسمانی. لە ساڵی ١٨٢٧ز.دا فەرەنسا، ئینگلتەرا و ڕوسیا، لە کاتی ڕاپەڕینی یۆنانیەکان بۆ سەربەخۆیی تەدەخولیان کرد. زلهێزە ئەوروپییەکان بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بە تەدەخولەکەیان

(٣٤) بوترۆس بوترۆس غالی، ئەجێندەی ئاشتی (چاپی ئیتالی، ل ٢٨



بدەن پاساو و هۆیە مرۆییەکانیان بەرز دەکردەوە، ئەویش بریتی بوو لە پارێزگاری لە کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی کەمینە مەسیحیەکان لە دژی لەشکری خوێن ڕێژی عوسمانی. بێجگە لەمەش ڕوسیا وای ڕادەگەیاند کە گوایە مافی خۆیەتی پارێزگاری لە «مەسیحیە ئەرتەدۆکس و کەنیسەکانیان» بکات.

نموونەی یۆنان دەکرێ وەکو پێشینەیەک بهێندرێتەوە بۆ پاڵپشی لە ڕەوایەتی تەدەخولی مرۆڤیتاری[٣٥]. ئەم نموونەیە جێگای سەرنجدان و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە، چونکە دوای ڕزگاری یۆنان ئیمپڕاتۆری عوسمانی هەمیشە زیاتر بێ هێز و لاواز دەبوو بەجۆرێک سەربەخۆیی و سەروەریەکەی بە ئارەزوو و ویستی زلهێزە ئەوروپییەکان بەسترابووەوە[٣٦]. بەمجۆرە ڕۆژ دوای ڕۆژ تەدەخولی ئەوروپییەکان، بۆ پاراستنی کەمینە مەسیحیەکان ڕووی لە زیادە دەکرد[٣٧]. جێگای سەرنجە لە حاڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ قازانجی کورد، وەکو لە دواوە زیاتر باس دەکرێ، لە دوای شکستی عێراق تەدەخول و مەرجەکانی ئاگر بەس و ئیمبارگۆ بەزۆر بەسەر عێراق سەپێندران.

لە ساڵی ١٨٦٠ز فەرەنسا، بەکۆمەکی دیبلۆماسی و سەربازی ئەوروپا، بۆ پاڵپشتی لە مەسیحیە مارۆنیەکان، تەدەخولی لە سوریا و لوبنان کرد، ئەم نموونەیەش بچوکترە لە هی یۆنان[٣٨].

(35) RONZITTI Natalino, Rescuing natinals abroad throught military coercionand intervention or grounds of humanity, Martinus Nijhoff Publishers 1985, p. 90

(٣٦) بەندی حەوتەم لە پەیمانی پاریس (١٨٥٦/٣/٣٠) دەڵێ «پاشای سەردینیا (ئیتالیا)، ئینگلتەڕا، پڕوسیا (ئەلمانیا) و قەیسەری ڕوسیا ڕادەگەیەنن کە بابی عالی (تورکیا) لە ئێستاوە دەبێتە لایەنێک و بەشداری لە قازانجەکانی مافی گشتی و سیستەمی ئەوروپا دەکات. ئەم زاتە بەرزانە بەڵێنی پارێزگاری لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی ئیمپڕاتۆڕی عوسمانی دەدەن و گەرەنتی ئەوە دەدەن کە ئەم بەڵێنە ببەنە سەرو هەر کێشەیەکیش ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەم سیستەمە ئەوە بە مەسەلەیەکی هاوبەشی هەموان لە قەڵەم دەدرێت». بۆ دەقی پەیماننامەکە بنواڕە:

ANCHIERI Ettore, La diplomazia contemporanea, Padova, Cedem, 1959, p. 37-41

(٣٧) بنواڕە بەندی ٩ لە پەیمانی پاریس (١٨٥٦) و بەندی ٦١-٦٢ لە ڕێکەوتننامەی بەرلین ١٨٧٨/٧/٣١ لە هەمان سەرچاوەی پێشەوە ANCHIERI Ettore, La diplomazia contemporanea,op. cit., pp. 37-41, 51-56.

(٣٨) کەچی تەدەخولی بەکۆمەڵی بولگاریا و یۆنان و سێربیا لە ساڵی ١٩١٢ لە دژی تورکیا نموونەیەکی بەرچاوە لە مێژووی تەدەخولە ئینسانیەکانی بەکۆمەڵ.

لە کۆتایی و سەرەتای سەدەی ١٩-٢٠ز. چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی بڵاوبونەوە کە بۆ یەکەمجار خۆیان لە قەرەی تەدەخولی ئینسان دەدا، باسی ڕەوانەکردنی سوپایان بۆ دەرەوەی وڵات دەکرد بۆ پاراستنی کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی لە ڕاونان و کوشتن بە دەستی حکوومەتەکانیان یان بۆ ڕزگارکردنی هاوڵاتیەکانی خۆیان لە وڵاتانی سێیەم.

تەدەخولە سەربازیەکانی زلهێزەکان لە سەدەی ڕابردوو، بەڕوخسار، سیفەتی مرۆییانەیان بەخۆوە دەگرت، ئەویش بریتی بوو لە پاراستنی کەمینە ئێتنی، ئایینی و زمانیەکان لە دەستی ئەو دەوڵەتەی حکومیان دەکردن. ڕاونان و چەوساندنەوەی ئەم کەمینانە یەکێک بوو لە هۆیە کاریگەرەکانی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، هەر لەبەر ئەوەش بوو ماف و گەرەنتی ئەم کەمینانە خرانە نێو پەیماننامەکانی ئاشتی ڕێکەوتنەکانی دوای جەنگ لە کاتی کۆمەڵەی گەلان (کۆ. گە.) League of Nations- LN. سەرەڕای ئەوەش مەسەلەی کەمینەکان وەکو بۆمبایەکی تەوقیتکراو مابوەوە چونکە تەنها کەمینەکانی وڵاتانی ئەوروپی و مەسیحیەکانی کۆنە ئیمپراتۆری عوسمانی زامنکرابون[٣٩].

(٣٩) دەربارەی کەمایەتیەکان ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند هەیە:
AA.VV (edited by Catherin Brolmann, René Le feber and Marjolein Zieck), Peoples and Minorities in International Law, University of Amsterdam, Dordrecht/Boston, London, MNP, 1993; Hurst Hannum (ed), Documents on autonomy and minority rights, Dordrecht/Boston, London, MNP, 1993; Francesco CAPOTORTI (Special Rapporteur of Sub-Commission on Prevention of Discrimination and Protection of Minorities), E/CN. 4 sub. 2/384, Study on the right of persons belonginig to ethnic, religious and linguistic minorities, report June 1978, Neq York, UN, 1991; Tipologia e protezione delle minoranze in Europa, in "La Comunità Internazionale", 1991, n. 4, Padova, Cedam; Popoli, minoranze e Stato nazionale (Convegno internazionale in onore Lelio Nasso, 4-7 dic. 1991, Roma).

زۆر وتار و لێکۆڵینەوە، سەبارەت بەمافی کەمایەتیەکان، لە گۆڤاری Rivista Internazionale dei Diritti dell Uomo بڵاوکراونەتەوە، هەروەها لە چوارچێوەی کۆنسڵی ئەوروپا چەندەها ڕێکەوتننامە گرێدراون، وەکو: کارتنامەی ئەوروپی بۆ زمانە هەرێمیەکان و کەمینە نەتەوەییەکان، ستراسبورگ، ١٩٩٢/١١/٥، کۆنڤینسیۆنی ئەوروپی بۆ داکۆکی و پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکان، ستراسبورگ، ١٩٩٤/١١/١٠، هەروەها لە چوارچێوەی «ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی OSCE»، بەم دوایانە ماکس ڤان دێر شتۆڵ Van der Stoel Max کراوە بەکۆمیساری باڵای کەمینە نەتەوەییەکان.



بەپێی بەندی ١٥ لە پەیمانی کۆ. گە. قەدەغەبوو تەدەخول لەو کێشەو کاروبارانە بکرێن کە دەکەوتنە خانەی دەسەڵاتی نێوخۆی دەوڵەتان و، ئەنجومەنی کۆمەڵەش دەسەڵاتێکی کەم و دیاریکراوی هەبوو لە بەرامبەر ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان. بە تێپەڕبوون لە کۆمەڵەی گەلان بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان پرنسیپی دەستێوەرنەدان لە کایەو کاروباری نێوخۆ بەهێزتر بوو و خرایە بەندی دووەمی کارتی UN. لەگەڵ ئەوەشدا بە تێپەڕبوونی کات دەسەڵاتە نێوخۆیەکان کەم دەبنەوە، ئەوەتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەرکی پاراستن و دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشیان پێ سپێردراوە، لە لایەکی تریش کارێکی وا بکەن کە دەوڵەتان ڕێز لە بەڵێن و ئیلتیزاماتی یاسایی نێودەوڵەتی خۆیان بگرن. هەروەهاUN ئەرکی ئەوەشی لە ئەستۆ دایە کە بەو کارو چالاکیانە هەڵسێ، کە بە باشی دەزانێ تا ئەو پرنسیپ و ئامانجانەی لە نێو کارتەکە ئاماژەیان بۆکراوە بێنەدی و ڕێزیان لێ بگیرێت.

لە کارت و بڕیارە یەک لە دوا یەکەکانی UN باسی دەخالەت (ingerenza بە زمانی ئیتالی(*)) ناکرێت بەڵکو زاراوەی تەدەخول، فشاری دەرەکی و دەستێوەردان لە کاروباری ناوەوەی دەوڵەت بەکارهاتوون. دەخالەت (ingerenza) لە بڵاوکراوە ڕەسمیەکانی ئیتالی بۆ یەکەمجار لە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ٢٦٢٥/١٩٧٠ دەکەوێتە بەرچاو کە لە بەشی سێیەمی لە پرنسیپی ٣ و ٥ ئاماژەی بۆکراوە. لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەم بڕیارە تەدەخول چەند شێوەیەک وەردەگرێ و دەکرێ سەربازی، مەدەنی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئابووری، سیاسی، دەرەکی و ناوەکی بێت.

بەدامەزراندنی UNO و ئاژانسە تایبەتیەکانی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی کەمایەتیەکان و ئەو چەندەها کۆمیتەکانی مافی مرۆڤ کە ئەرکیان چاودێریکردنی دەوڵەتانە تا ئەرک و ئیلتیزاماتەکانیان جێبەجێ بکەن زوو زوو دەبینین تەدەخول بۆتە بەشێکی گرنگ لە کارو چالاکیە ڕەواکانی ئەم ئۆرگان و دامەزراوانەی لە پێشەوە ناویان

(*) زاراوەی ئینگلیزی intervention لە عەرەبی و کوردی مانای «تەدەخول» و ناوبژی دەگەیەنێ، هەمان شت لە زمانی ئیتالی intervento و فەرەنسی intervention، ئەمجۆرە تەدەخولە کلاسیکیە وەکو هەنگاو و کارێکی پۆزیتیڤ دەدرێتە قەڵەم، کەچی لە ئەدەبیاتی ئیتالی و فەرەنسی لەگەڵ تەدەخولە ئینسانیەکانی کوردستان، سۆمال و یۆگسلاڤیای پێشو.. هتد زاراوەی ( ingerenzaبە ئیتالی و ingérence بە فەرەنسی) بەکارهاتوون کە زیاتر بە دەستتێوەردان و خۆتێهەلقورتاندن دێن. ئەوەش مانای وایە، تەنانەت خۆتێهەلقورتاندن و دەستێوەردانیش لە کاروبارو دەسەڵاتی نێوخۆی دەوڵەتان ڕەوایەتی بە خۆیەوە دەبینێ ئەگەر بۆ داکۆکی و پاراستنی مافی مرۆڤ ئەنجام بدرێت.

هاتووە، بەتایبەتی سەبارەت بەفایلی مافی مرۆڤ کە لە سەردەمی کۆمەڵەی گەلان پشت گوێ خرابوو. کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ CHR هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی بەلێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ کردوە و، لە ساڵی ١٩٦٧یشەوە ڕێگەی پێدراوە دیراساتی ئەو بارودۆخانە بکات کە بە پێشێلکردنە گەورەکانی مافی مرۆڤ، Gross Violation، ناسراون، بەتایبەتی ئەپارتاید. لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی کەمینەکان (کۆمیسیۆنی پێشبینیکردن لە جیاوازی ڕەگەزی و داکۆکی لە کەمینەکان Sub-Commission on Prevention of Discrimination and Protection of Minorities لە زۆر نموونەی پێشێلکاریە گەورەگانی مافی مرۆڤیان کۆڵیەوە و چەندەها دەوڵەت، وەکو ئەفریقای باشوور، ئیسرایل، شیلی ئەفغانستان، بۆلیڤیا، کوبا، ئیل سەلڤادۆر، پۆلۆنیا، هایتی، ئۆروگوای و... هاد، لە لایەن کۆمەڵەی گشتی و کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ ئیدانە کراون. بە نەمانی ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لیستی ئەو وڵاتانەی ڕەخنەیان لێگیراوە و سەرزەنشتکراون درێژتر بوە: عێراق، یۆغسلافیای پێشو، چین، سوریا، کۆمارەکانی بالتیک، سودان[٤٠]. بۆ هەریەک لەم وڵاتانە ڕاپۆرتنوسی تایبەت spécial rapporteur دانروان تاکو چاودێری بارودۆخی مافی مرۆڤ بکەن و، هەندێ دەوڵەت ئامادەباشی خۆیان پێشاندا بۆ هاریکاری و هەماهەنگی.

پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ، لەم پەنجا ساڵەی دوایدا، بونەتە هۆی سەرهەڵدان و بەرپابوونی بارودۆخی مەترسیدار بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئەوەتە هەندێ جەنگی نێودەوڵەتان، لە دوای دروستبونی UN تاکو ڕۆژانی ئێستا، لە ئەنجامی پێشێلکردنی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بەرپابوون. هەروەها پێشێلکاریەکانی یاساو ڕێوڕەسمە مرۆڤیەکان لەکاتی ململانێ چەکداریەکان وایان کردوە کە ئەم ململانێیانە زیاتر بێ بەزەیی بن و بەجۆرێک بونەتە هۆی تەدەخولی دەوڵەتانی سێیەم. ئەم تەدەخولانەش، زۆرجار، وەکو پێشینەیەک لە مێژوی UN دادەنرێن و، لێرەش هەولدەدرێ زیاتر تیشک بخرێتە سەر ئەو نموونانەی زیاتر ناسراون.

لەکاتی جەنگی عەرەب و ئیسرایل لە ساڵی ١٩٤٨ز دەوڵەتانی عەرەب، لە پێشەوەی هەمویان میسر، پاساویان بۆ تەدەخولەکەیان کرد و بانگەشەیان بۆ هۆیە مرۆییەکان کرد و بە بیانوی قوتارکردنی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل و وەستاندنی پەلاماری «باندە

(٤٠) بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان.



تیرۆریستە سەهیۆنیەکان کە لە دژی هاوڵاتیە عەرەبە ئاشتیخوازەکان. تاوانی یەکجار ترسناکیان ئەنجام داوەو ئەمەش دژی ویژدانی مرۆڤایەتیە. ئافرەتانی عەرەب پەلامار دراون و زۆریان لێکراوە و منداڵان لەبەر چاوی دایکەکانیان کوژراون و دیلەکان ئەشکەنجە دراون و بەشێوەیەکی دڕندانە کوژراون»[٤١]. مسر ڕایگەیاند کە لەشکرەکەی چۆتە فەلەستین تا «کۆتایی بەو قەتل و عامە بهێنێ کە لە لایەن باندە زایۆنیستە تیرۆریستەکان لە دژی عەرەبەکان و مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێن و تاکو ژیان و ماڵ و موڵکی ئەم هاوڵاتیە عەرەبانە بپارێزێ»[٤٢].

لە ساڵی ١٩٧١، ئەوکاتەی بەنگلادیش بەشێک بوو لە هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی پاکستان و داوای ئۆتۆنۆمیەکی فراوان یان جۆرە فیدرالیەکی دەکرد کەچی پاکستان ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و لە ئەنجام لە سەرەتای ١٩٧١ چەند بەیەکداچونێک ڕویاندا. هێزەکانی پاکستان ژمارەیەکی زۆریان لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی بەنگلادیش دەستگیر کرد و دەستیان بە قەتل و عامی کۆمەڵانی سیڤیل کرد، بەمجۆرە ملیۆنەها کەس، بۆ خۆدەربازکردن لەم کۆمەڵکوژیە، ڕویان کردە هیندستان.

لە ١٩٧١/١١/٢١ هیندستان دەخالەتی لە کێشەکە کرد و فاکتۆری مرۆڤیتاریشی بۆ پاساوکردن بەرزکردەوە. ئەم تەدەخولە زۆر دیراسەکراوە و زۆریشی لە لایەن پسپۆرانەوە، لەسەر نووسراوە و بەنموونەیەکی بەهێزی دەخالەتی مرۆڤیتاری لە قەڵەم دراوە و تەنانەت هەندێ کەس و لایەن باسی جینۆساید دەکەن. لەکاتی گفتوگۆ لە ئەنن. ئاس. و ک. گ. زۆربەی دەوڵەتان پاڵپشتیان لە ڕەوایەتی تەدەخولەکەی هیندستان کرد و بەشێکی کەمیش (لەوانە چین و ئەلبانیا) ئیدانەیان کرد[٤٣].

دەخالەتی ڤێتنامیش لە کەمبۆجیا (١٩٧٨) یەکێکە لەو نموونانەی زۆرتر ڕوخساری پاراستنی مافی مرۆڤ بەخۆیەوە دەبینێ. لە ساڵی ١٩٧٥ خەمەرە سوورەکان گەیشتنە دەسەڵات و، قۆناغێکی پڕ لە تراجیدی لە مێژووی ئەم وڵاتە دەستی پێکرد: ئەشکەنجە و ڕەشەکوژی و کۆمەڵکوژی بونە کاری ڕۆژانە، بەپێی هەندێ سەرچاوە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٨ لە دوو تا سێ ملیۆن کەس لەم وڵاتە کوژراون و بێ سەر و شوێن بوون.

(41) UN SCOR, 292nd meeting, 15 May 1948, p. 3, cit. in Natalino RONZITTI, Rescuing nationals abroad, cit., p. 93I,

(42) ivi, p. 94

(43) Yearbook of the United Nations, vol. 25, pp. 146-150ss,

سەرەڕای کۆمەڵە پێشنیاز و داواکاری بۆ دەخالەتێکی سەربازی بە کۆمەڵ و مرۆڤیتاری هیچ جۆرە دەستپێشخەریەکی بەرچاو و ڕاستەقینە، لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، ئەنجام نەدران بۆ ڕێگە گرتن و ڕاگرتنی ئەم جینۆسایدەی لە لایەن ڕژێمی پۆل پۆت Pol Pot بەڕێوە دەچوو. بەمجۆرە لە ١٩٧٨/١٢/٢٥ سوپای ڤێتنام دەستیان بە داگیرکردنی کەمۆجیا کردو کۆتاییان بە دیکتاتۆریەتی خەمەرە سوورەکان هێنا[٤٤]. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی هاوپەیمانی ڤێتنام، لە ئە. ئاس.، پاڵپشتیان لە دەخالەتکردنەکە کردو وتیان نەدەکرا چیتر چاوپۆشی لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ژێر سیاسەتی ڕژێمی پۆل پۆت بکرێت. کەچی زۆربەی دەوڵەتانی تر (ڕۆژئاواییەکان، بێ لایەن و چین) ئیدانەی ڤێتنامیان کرد و وتیان ناکرێ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ وەکو پاساو بۆ تەدەخولی بیانی قەبول بکرێت. جگە لە مافی مرۆڤ حکوومەتی ڤێتنام باسی هەڕەشەو گەفی کەمبۆجیاشی دەکرد، کەواتە پاساوێکی تریشی دەهێنایەوە ئەویش بەرگری لەخۆکردن بوو. لە کاتی کۆبونەوەکانی ئە. ئاس. وڵاتانی ڕۆژئاوا هەڵوێستی بێ شەرمانەیان وەرگرت، ئەوەش لەبەر ئەوەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ڤێتنام لە ئاستی ساتیس فەکشن satisfaction نەبوو، لە لایەکی تریشەوە ململانێی ئیدیۆلۆژی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا زۆر بەهێزبوو. کێشەی دەخالەتی ڤێتنام لە کەمبۆجیا، لە ئە. ئاس.، زۆر وتوێژی لەسەر کرا بەڵام نەتوانرا هیچ بڕیارێکی لەسەر دەربکرێ، ئەوەش لە ئەنجامی هەڕەشەی بەکارهێنانی ڤیتۆ بوو لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت و ئەندامە هەمیشەیەکانی تر. کەچی ک. گ. چەند بڕیارێکی دەرکرد کە تیایا ئیدانەی دەخالەتەکەی کرد و داوای لە هێزە سەربازیە بیانیەکان دەکرد کەمبۆجیا جێ بهێڵن. جگە لەوەش ک. گ. بەردەوام بوو لەوەی ئیعتراف بە نوێنەری ڕژێمی لابردراوی پۆل پۆت بکات سەرەڕای ئەوەی بە ئاشکرا بەرپرسیاری تاوانی کۆکوژی بوو، تەنها لەم دوایانەدا (لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٢) پێشوازی لە نوێنەری حکوومەتی نوێ کرد، واتە دوای ئاشتبونەوەی نیشتمانی لەژێر چاوێری UN کە تاکو ئێستا لە ئارادایە.

هاوکات لەگەڵ کێشەی کەمبۆجیا نموەی ئۆگەندا دێتە پێشەوە کە لەکاتی دیکتاتۆریەتی عیێدی ئەمین دادە، لەساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٨، پێشێلکاری گەورەی مافی

(٤٤) لەتەک سوپای ڤێتنام هێزەکانی (بەرەی یەکگرتووی کەمۆجیا بۆ ڕزگاری نیشتمانی) بەشداریان لە چالاکیە سەربازیەکان دەکرد.



مرۆڤی لێ ئەنجامدرا (باس لە چوار سەد هەزار ٤٠٠,٠٠٠ کەس دەکرێ کە بەشێوەیەکی دڕندە کوژراون یان لەژێر ئەشکەنجە گیانیان لەدەست داوە)[٤٥]. زۆر لەو ئۆگەندیانەی لە دەستی کوشتن و ڕاونان ڕزگاریان بوو هانایان بۆ تەنزانیا بردبوو، لە ئەنجام چەند ڕووداوی بەیەکداچوون لە نێوان سنووری هەردوو وڵات ڕوویدا.لە ١٩٧٩/١/٢٠ لەشکری تەنزانیا چووە ناو خاکی ئۆگەندا و لە ١٩٧٩/٤/١١ کەمپالای پایتەختی داگیرکرد. لەم هێرشە سەربازیە «بەرەی ڕزگاری نیشتمانی ئۆگەندا» کە لە پەناهەندەو بەرهەڵستکارەکانی ئۆگەندی پێکهاتبوو بەشداریکرد کە ڕۆژی دوایی ١٩٧٩/٤/١٢، دوای ئەوەی حکوومەتەکەی عیێدی ئەمینیان ڕوخاند حکوومەتێکی نوێیان پێک هێنا. لە سەرەتا تەنزانیا بۆ پاساوی دەخالەتەکەی باسی بارودۆخی ناهەمواری ئۆگەندی دەکردو پاشان ئەوەشی هێنایەوە بیر کە سوپای ئۆگەندا چەند جار سنووری تەنزانیای بڕیوە، بۆیە مەسەلەی بەرگریکردن لە خۆشی بەرزکردەوە.

زۆربەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەمودەست دانیان بە حکوومەتی نوێی ئۆگەندا هێنا، تەنها چەند وڵاتێک (سودان، لیبیا و نیجێریا) نارەزاییان دەربڕی و، کێشەی دەخالەتەکەش نە لە ئە. ئاس. و نە لە ک. گ. قسەی لەسەر نەکرا. ئەگەرچی زۆربەی دەوڵەتان ئیدانەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤیان لە ئۆگەندا کردبووو هەندێکیشیان پەیوەندی دیبلۆماسیان لەگەڵ ڕژێمی ئەمین دادە پساندبوو ڕازینەبوون دان بە بەکارهێنانی هێز بهێنن بۆ گۆڕینی حکوومەت و ڕژێمەکانی دەسەڵات بەدەست[٤٦]. کەچی سەرۆکی نوێی ئۆگەندا، بایانیزە Binaisa لە وتارێک، دوای ئەوەی سوپاسی تەنزانیای کرد، ڕوی کردە وڵاتانی ئەفریقا و وتی: «لەژێر فۆرمولەی دەخالەت نەکردن خۆتان مەشارنەوە لەکاتێک مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاشکراو فراوان پێشێلکراون»[٤٧]. دەکرێ ئەم

(٤٥) Amnesty International, Human rights in Uganda, Report, June 1978, London هەروەها ئەدەبیاتێکی زۆر لەسەر تاوانی جینۆساید لەسەردەمی ڕژێمی عیێدی ئەمین هەیە.

(٤٦) لە حوزێرانی ١٩٧٧ سەرەک دەوڵەت و حکووەتانی Commonwealth ئیدانەی ڕژێمی عیێدی ئەمینیان کرد، لە ١٩٧٧/٦/٢١ ئەنجومەنی وەزیرانی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا ئیدانەی پێشلکاریەکانی مافی مرۆڤی لە ئۆگەندا کرد، لە ١٩٧٦/٨/٢٥ بارودۆخی مافی مرۆڤ گەیشتە بەردەم کۆمیسیۆنی UN بۆ بەرگری لە کەمینەکان و پاشان کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤیش بڕیارێکی لەسەر دەرکرد.

(٤٧) بۆ دەنگدانەوە و هەڵوێست وەرگرتن دەربارەی دەخالەتەکەی تەنزانیا لە ئۆگەندا بنوارە: Kessing's Record of World Events, ١٩٧٩, vol. 25, pp. 29837-41

نموونەیە بەدەخالەتێکی تاکڕەوی سەربازی بدرێتە قەڵەم کە زۆرتر ڕوخساری پاساوی مرۆڤیتاری پێوە دیارە.

ئەم نموونانەی سەرەوە بریتین لەم دەخالەتانەی کە بە پاساوی پاراستنی مافی مرۆڤ ئەنجامدراون هەرچەندەش بەشێوەیەکی ئاشکرا لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی UN ، ڕێگەیان پێ نەدراوەو قەبوڵیش نەکراون. ئەم دەخالەتانە لە هەلومەرجێکی مێژوویی – سیاسی ئەنجامدراون کە تیایا جیهان دابەشی چەند ناوچەیەکی نفوزی کرابو. کەچی ئەمڕۆ بارودۆخەکە بە تەواوی گۆڕاوە، هاریکاری و هامائەنگی شوێنی جووت جەمسەریان گرتۆتەوە، هەستێکی ناوکۆ گەشەی کردوە بۆ داکۆکی لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ. وەکو ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردە نوێیەش قەناعەتێکی گشتی و ناوکۆ، بە تێپەڕبوونی کات، خۆی بەرجەستە کردوەو بەهێز بوەو باوەڕی وایە کە هەرکاتەک نەریت و ڕێسا سەرەکیەکانی ویژدانی ناوکۆ و یاسا نێودەوڵەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکرێن لە لایەن دەوڵەتێک یان گروپێکی چەکداری ڕێکخراو ئەوە پێویستە دەخالەت بکرێت، بە خۆشی یان بە ترشی بۆ ئەوەی بەرگری لە کۆمەڵانی خەڵکی بێ دیفاع بکرێت و کۆتایی بەم کردارە گوناهکاریانە بهێندرێن.

دەخالەتەکانی ئەم دواییەی UN ، بەتایبەتی دەخالەتی مرۆڤیتاری پێویستیان بەوە هەیە زیاتر لێیان بتۆژرێتەوە ڕاڤە بکرێن بەڵام، چیتر، گومان لە زەرورەت و ڕەواییان نییە. یەکەم دەخالەتی مرۆڤانە پەیوەستە بە کوردی عێراق، لە نیسانی ,١٩٩١ ئەم دەخالەتە بەسەرەتای دەخالەتەکانی مرۆڤیتاری UN دادەنرێت، بەتایبەتی هی یۆگسلاڤیای پێشو، سۆمال، ڕواندا و هایت. ئەم دەخالەتانە، بە هەموو کەموکرتیەکانەوە، لە پێناوی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، لە بارودۆخی ململانێی چەکداری ئەنجامدراون.



## دەخالەتی ناڕاستەخۆ یان غەیرە ماددی

ئەمجۆرە دەخالەتە بە تێپەڕبوونی کات ڕوو لە زیادی دەکات، چ لە لایەن ئۆرگانیزم و ئاژانسە جۆراوجۆرە سەلاحیەتدارەکانی UN ، دەوڵەتان، ڕای گشتی و چ ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان(٤٨). ئەم دەخالەتە خۆی لە هەڵوێست وەرگرتن و ئەو ڕەفتارانە دەبینێتەوە کە نابنە هۆی بەزاندنی سەروەری و یەکپارچەی نیشتمان لە کاتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن حکوومەتەکانیان یانیش لە لایەن هێزو گروپە چەکدارەکانی ناوەوەی وڵاتێک.

دامەزراوە سەرەکیەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ، لە چوارچێوەی UN ، بریتین لە:

UNICEF, UNESCO, CHR, ECOSOC, GA, SC و چەندەها ڕاپۆرتنوسی تایبەت Spécial rapporteur و ئەو کۆمیتانەی مافی مرۆڤ کە بەپێی ڕێکەوتن و پەیمانە نێودەوڵەتیەکان دروستکراون، هەروەها ک. گ. لە دیسەمبەری ١٩٩٣ ، بۆ یەکەمجار، کۆمیساری باڵای بۆ مافی مرۆڤ دەستنیشانکرد. ئەم ئۆرگان و کۆمیتانە، بێجگە لە ئە. ئاس. ، دەسەڵاتێکی کەم و دیاریکراویان هەیە، دەتوانن لێکۆڵینەوە لەسەر پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ بکەن کە بەپێی ڕێکەوتنامەکان لە لایەن دەوڵەتانەوە مۆرکراون، هەروەها دەتوانن بە ئاشکرا یان نهێنی دەوڵەتان ئاگادار بکەنەوە کە پێشێلکاریەکانیان تیا ڕویداوە. ئەگەر دەوڵەتان گوێ لە بۆچوون و پێشنیازەکانیان نەگرن ئەوە دەتوانن بڕیاری ناڕەزایی و ئیدانەکردن لە دژی ئەو دەوڵەتانە دەربکەن کە بەرپرسیارن لەم پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ. لە ساڵانی ڕابردوو ئەم دامەزراوانە بەدەگمەن ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیان ڕادەگەیاندو بڵاودەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێست وەرگرتن و بۆچوونەکانیان هەمیشە بوونەتە مایەی بەجۆشوخرۆش هێنانی ڕای گشتی بۆ داکۆکی لە

(٤٨) جێگەی سەرنجراکێشە ئەوە بێنینەوە بیر کە کۆمونیتەی سانتە ئێگیدیۆ Comunità di S. Egidio، ڕێکخراوێکی ئیتالی ئایینیەو هەوڵی ئاشتی و تەبایی دەدات، بارەگاکەی لە ڕۆما- ئیتالیایە، لە دیسەمبەری ١٩٩٤ کۆبونەوەیەکی فراوانی بۆ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی (ئیسلامی و عیلمانی) جەزائیر لە ڕۆما سازکرد بەو ئامانجەی چارەسەرێکی بە ئاشتی بۆ بارودۆخی شەڕی ناوخۆی جەزائیر بدۆزرێتەوە. لە بەرامبەر ئەم دەستپێشخەریە ئاشتیخوازە حکوومەتی سەربازی جەزائیر زۆر بە توندی ناڕەزایی خۆی دەربڕی و بەدەستێوەردانی لە قەڵەمدا. شایانی باسە هەر ئەو کۆمونیتە بوو ناوبژی ئاشتبونەوەی نێوان هێزەکانی مۆزەمبیقی کرد.

ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، کەواتە لە ڕوانگەی ڕەوشتەوە لەوەی زیاتر لە ڕووی یاساییەوە توانیویانەو، ئێستاش زیاد لە جاران دەتوانن، ڕۆڵێکی کاریگەر لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ بگێڕن.

دەخالەتی ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە کایەی یاسای نێودەوڵەتی بەواتایەکی تر ئەم دەوڵەتانەی بەشێوەیەکی ئازادانە ئەم ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیانەیان مۆرکردوە نابێ بە ماددەی سەر بەدەسەڵاتی نێوخۆی DJ لە قەڵەم بدەن و ڕێگە لەم ئۆرگان و کۆمیتانە بگرن کە ئەرکی چاودێریکردنی ئەم ڕێکوتنانەیان لە ئەستۆدایە. کەچی لە ڕاستیدا تا ئەمڕۆش هەندێ دەوڵەت خوازیارن کە هیچ کەس و لایەنێک دەخالەت، تەنانەت لە مافەکانی مرۆڤیش، نەکات لەسەر خاکی وڵاتەکەیان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی ئیلتیزامە نێودەولیەکانە.

دەخالەتی ناڕاستەوخۆ دەتوانێ چەند شێوەیەک بەخۆوە بگرێت: لە پرۆتێستێکی سادە و زارەکی تا پساندنی پەیوەندی دیبلۆماسی و دانانی ئابلۆقەی ئابووری و..دەکرێ کۆمەکی مەعنەوەی و ماددی هێزو گروپەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بکرێت کە خەبات لە پێناوی ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیەکانی مرۆڤ دەکەن. دەکرێ داڵدەی ئاوارەو پەناهەندەو بریندارەکان بدرێ و یارمەتی بدرێن تا خۆیان ڕێک بخەن لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە. دەکرێ لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان، بەشێوەیەکی ڕەسمی مەسەلەی پێشێلکردنی ئیلتیزامەکانی سەبارەت بە مافی مرۆڤ باس بکرێت.

هەرچی پەیوەندی بە UNO هەیە ئەوە کۆمەڵێک دەستپێشخەری کردوە و لە پێشەوەش ئاماژەمان بۆ چەندەها ئۆرگان و کۆمیتەی تایبەتی داکۆکی مافی مرۆڤ کرد. هەر لە ساڵی ١٩٦٧ ەوە ک. م. م. و کۆ. کە. ڕێگەیان پێدراوە لە لایەن Ecosoc تا لەم «دەنگ و باسانە بکۆڵنەوە کە پەیوەندیان بە پێشێلکاریە گەورەکانی gross violations ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ هەیە، وەکو ئەپارتاید لە ئەفریقای خواروو و[...]»[٤٩]. بەمجۆرە نەتەوە یەکگرتوەکان، بۆ یەکەمجار، هەڵویستیان لە دژی یاسای ناوەوەی دەوڵەتێک وەردەگرت کە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤی پێشێل دەکرد. لە ساڵی ١٩٧٠ کۆ. کە. لە لایەن Ecosoc ەوە ڕێگەی پێدرا «گروپی کار Working Group دروست بکات

(٤٩) بڕیاری ئێکۆسۆک ECOSOC/Res. 1235 (XLII), 6/5/1967، دەقی بڕیارەکە لە Yearbook of the UN, 1967, p. 512



بۆ ئەوەی لەم دەنگو باس و هەواڵ و نامانە بکۆڵێتەوە کە گەیشتونەتە ئوفیسی ئەمینداری گشتی UN، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە gross violation ەوە هەیە»[٥٠].

هەر لە ساڵی ١٩٧٤ لە کاتی خولی ساڵانەی ک. گ. کۆمیسیۆنی سێیەمی سەر بە ک. گ. دەستی بە لێکۆڵینەوە، لە سەر پێشێلکاریە گەورەکانی مافی مرۆڤ لە زۆر وڵاتان، کرد و، چەندەها بریاری سەرزەنشت و ئیدانەی لە دژی ئەو دەوڵەتانەی بەرپرسیارن، سەبارەت بەو پێشێلکاریانە، دەرکردووە.

دەستنیشانکردنی چاودێر و ڕاپۆرتنوسی تایبەت بۆ هەندێ لە وڵاتان و بابەتە تایبەتیەکانی وەکو: ئەشکەنجە، بزرکردن وبێ سەروشوێنکردن، ئافرەتان، منداڵان و... تاد و، بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانی ساڵانەیان بوونەتە هۆی ڕێزگرتنی زیاتری ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ.

کارو بەرهەمی ئۆرگانیزمەکانی UN دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم ٣٠ (سی) ساڵەی دواییدا ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکانی داکۆکی مافی مرۆڤیش گەشەیان کردوەو چالاکیەکانیشیان هەموو ئەو شوێنانەی بەخۆوە گرتووە کە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤیان تیا ئەنجامدراوە. بە هۆی کارو چالاکیە بەردەوام و بێ گوێدانە ماندوبون ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکانی NGOs ڕێز و گوێیان لێگیراوەو متمانەیان پێکراوە، لەبەر ئەوە UNO ستاتوسی ڕاوێژکاری بە هەزاران لەم ڕێکخراوانە بەخشیوە[٥١]. زۆرجار UN، بەهۆی سروشتی بیرۆکراسیەتەکەیان، ناتوانن لێکۆڵینەوە لەسەر پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بکەن و بکەونە شوێنی ڕووداو و پێشێلکاریەکان کەچی ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان زانایی و لێهاتوی ئەوەیان هەیە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و چاودێری لە بارودۆخی مافی مرۆڤ بکەن و لە نێوەندە بەرپرسیارەکانیش پەردە لەسەر پێشێلکاریەکان لابدەن.

جۆرە دەخالەتێکی تر بریتیە لە بەهانا هاتن و کۆمەکی ئەو ئاوارانەی لە دەستی جەنگ و ڕاونان و سەرکوتکردنی بە کۆمەڵ ڕزگاریان بوە. ئەمجۆرە دەخالەتە دەکەوێتە نێوان دەخالەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەتایبەتی ئەگەر بێت و ئاوارەکان ڕایانکردبێتە سەر

(٥٠) بڕیاری ئێکۆسۆک ECOSOC/Res. 1503 (XLII), 27/5/1970، دەقی بڕیارەکە لە Yearbook of the UN, 1970, p. 530

(51) ECOSOC/Res. 1296 (XLIV), 23/05/1968, Arrangements for consultaion with non-governmental organisation.

سنووری وڵاتەکەیان و نیازیان وابێ پەنا بۆ وڵاتانی دراوسێ بەرن. لەم حاڵەتە، زۆرجار، دەوڵەتان (ئەوانەی ئاوارەکانیان لێوە هاتوە) ڕێگە نادەنە UN کۆمەک و یارمەتی مرۆیان بۆ بەرن کە هێشتا لەسەر خاکی وڵاتەکەی دان، تەنها لەچەند حاڵەتی زۆر کەم هەندێ دەوڵەت ڕێگەیان بە ڕێکخراوە نێودەدەوڵەتیەکانی وەکو کۆمیساری باڵای پەناهەندان UNCHR و کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی داوە تائەم کۆمەکە بەرن.

هەرچی پەیوەندی بە دەخالەتی مرۆڤیتاری لە بارودۆخە چەکداریەکان، هەیە ئەوە پێویستە هەوڵ و تێکۆشانی هەندێ لە پزیشکەکانی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور Médecine Sans Frontiére و یاساناسان بخرێتە بەرچاو کە بێ گوێدانە ماندوبون پاڵپشتیان لەم دەخالەتە کردوە. بێرنارد کوشنەر Bernard Kouchner ی وەزیری پێشوی فەرەنسا بۆ کاروباری مرۆیی یەکەم کەس بوە باسی دەخالەتی مرۆڤیتاری کردووە[٥٢] و لە ساڵی ١٩٨٨ز بە ناوی فەرەنسا پرۆژەی بڕیارێکی لەم بارەیەوە پێشکەش بە کۆمەڵەی گشتی UN کرد. لە کۆتایی دوای چەند گۆڕانکاریەک، ک. گ. بڕیارەکەی پەسەند کرد و بەبێ مژاردنی دەنگەکان بڕیارەکەی بە ناوی (کۆمەکی مرۆیی بۆ قوربانیانی کارەساتە سروشتی و دۆخە ئێمێرجێنسیە هاوشێوەکان Humanitarian assistence to victims of natural disasters and similar emergency situation) دەرکرد[٥٣]. UN لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بڕیارە دووپاتەی ڕێزگرتن لە سەروەری و یەکپارچەیی ئەم دەوڵەتانە دەکات کە گیرۆدەی کێشەکەن بەڵام دەڵێ «لە ناخی دڵەوە نیگەرانی بۆ مەینەت و ئازاری قوربانیانی کارەساتە سروشتی و بارودۆخە ئێمێرجێنسیەکان» دەردەبڕێ، لەبەر ئەوە داوا لە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات هەرچی زوترە، لە ڕێگەی ئەمینداری گشتی بە هانای کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل بچن. بڕیارەکە ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە «بەجێ هێشتن و وازهێنان لەم قوربانیانە هەڕەشە لە ژیانیان دەکات و کەرامەتی مرۆڤ بریندار دەکات». قوربانیەکان مافی ڕەوایان هەیە خواردن و داودەرمان و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانیان بەزوترین کات و بەباشترین شێوە پێ بگات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆرتر لە قوربانیەکان لە مردن ڕزگاریان ببێت.

ک. گ. لە بڕیاری ٤٣/١٣١، بۆ یەکەمجار، دانی بەڕۆڵی ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان نا

(52) Bernard Kochner e Mario Bettati, Le devoir d'ingérence, Paris, Denoel, 1987

(53) A/Res. 43/131, 8.12.1988



تا بە ئاگاداری ئەمینداری گشتی و حکومەتی تێرتۆریال (مەرکەزی) کۆمەکی ئەم خەڵکانە بکەن کە گیرۆدەی ڕووداو و کارەساتەکە بون. کەواتە لەم حاڵەتە ڕازیبونی حکومەتی ناوەندی مەرجێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی بتوانرێ یارمەتی لێقەوماوان بدرێت، لە کاتی کارەساتە سروشتیەکان ڕازیکردنی دەوڵەتەکە ئاسانە، بەڵکو زۆربەی جار دەوڵەتان خۆیان داوای بردنی کۆمەک دەکەن. کەچی لە کاتی دۆخە چەکداریەکان کێشەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێ.

لە ساڵی ١٩٩٠، جارێکی تر، بەدەست پێشخەری فەرەنسا، بڕیاری ٤٥/١٠٠ لە لایەن ک. گ. دەرچوو کە بۆ یەکەمجار باسی «دەروازە (مەمەڕ)ی مرۆیی بە پەلە»ی کرد تا دەست و برد بتوانرێ کۆمەک و یارمەتی بگەیەنرێتە لێقەوماوانی کارەساتە سروشتی و دۆخە هاوشێوەکان و، دووپاتیشی کردەوە کە ئەم قوربانیانە مافی ئەوەیان هەیە خۆراک و داودەرمان و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانیان بەدەست بگات[٥٤].

هەروەها پەیمانگەی یاسای نێودەوڵەتی Institut de Droit International یش لە کۆبونەوەیەکی ١٤/٩/١٩٨٩ دانی بەوەدا هێنابوو کە «قوربانیەکانی ئەم بارودۆخە مافی ئەوەیان هەیە فریا بکرێن»[٥٥]، ئەم مافەش بەشێکە لە مافی ژیان کە لە ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانی سەبارەت بە مافی مرۆڤ دانی پیانراوە[٥٦]. سەرۆکی پێشوی فەرەنسا، فرانسوا میتران، لە کۆبونەوەیەکی (کۆنفرانسی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی) OSCE لە ٣٠/٥/١٩٨٩ لە پاریس ڕایگەیاند کە «ئیلتیزامی دەستتێوەرنەدان لەو شوێنانە نامێنێ کە مەترسی نەبردنی کۆمەک و یارمەتی بۆ قوربانیەکان دێتە ئاراوە»[٥٧].

(54) A/Res. 45/100, 14/12/1990

(٥٥) پەیمانگەی نێودەوڵەتی لە درێژەی بڕیارەکەی دەڵێ «پێشنیاز و پێشکەشکردنی کۆمەکی خۆراک و تەندروستی، لە لایەن دەوڵەتان، بە تاک یان بە کۆمەڵ، یان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان یانیش لە لایەن ئۆرگانیزمێکی بێلایەنی وەکو کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی، بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە هاوڵاتیەکانی هەڕەشە لە ژیان و تەندروستیان دەکرێ نابێ بە دەستێوەردانێکی ناڕەوا، لە کاروباری نێوخۆی ئەم دەوڵەتە، لە قەڵەم بدرێ».

(٥٦) بۆ نموونە بنوارە. بەندی سێیەمی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ، بەندی ٦ لە پەیمانی جیهانی سەبارەت بەمافە مەدەنی و سیاسیەکان، بەندی ١١-١٢ی پەیمانی جیهانی سەبارەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان و... هتد.

(57) Cit. da Mario BETTATI, Un droit d'ingérence?, in "RGDIP", 1991, 659.

دەبارەی کێشەی ئەبخازیا (جۆرجیا) ئە. ئاس. بە بڕیاری ٨٧٦ داوای کرد «بە بێ مەرج و مەرجکاری ڕێگە بە کۆمەکە مرۆییە نێودەوڵەتیەکان (جیهانیەکان) بدرێت لە هەرێمەکە».کە ئەوکات پێکداچوونی سەربازی لە ئارادابوو، پاشان بە بڕیاری ٨٩٢ داوای لە لایەنەکان کرد «ڕێز لەو ڕێکەوتنە بگرن کە لە ١٩٩٣/١٢/١ مۆریان کردبوو تا هەلومەرجێکی گونجاو بێتە کایەوە کە ئاوارەکان بە ڕەزامەندی و ئازادانە بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان»[٥٨].

کۆمەک نەکردنی قوربانیانی کارەساتە سروشتیەکان مانای سوکایەتیکردنە بە هەموو مرۆڤایەتی بەڵام ئەمە زۆر بەدەگمەنی ڕوو دەدات، کەچی لە وڵاتە فرەنەتەوەیەکان، لەم شوێنانەی دەوڵەت سیاسەتێکی نەژادی لە دژی یەکێک یان زیاتر لە پێکهاتەی کۆمەل دەگرێتەبەر، ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕوو‌بدات. ئەوەتە لە نۆڤنەمبەری ١٩٧٦ بومەلەرزەیەک لە پارێزگای وان، لە کوردستانی تورکیا، بووە هۆی مردنی ٦٠٠٠ کەس و برینداربوونی ٨٠٠٠ و ٢٥٠٠٠٠یش بێ خانو و ماڵ هێشتەوە. لەم کارەساتە دەسەڵات و دامەزراوەکانی تورکیا نەک هەر کۆمەکی لێقەوماوەکانیان نەکرد، بەڵکو لەوەش زیاتر بە ئاشکرا تەگەرەیان دەخستە بەردەم گەیشتنی کۆمەکیە مرۆییە جیهانیەکان. دەسەڵاتدارانی تورک، لەکاتی قسەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتیەکان کە کۆمەکی قوربانیەکانیان دەکرد، دەیانووت «ئەوانە کوردن، لێیان گەڕێن با بمرن» و بەمشێوەیە ژمارەیان کەم دەبێتەوە[٥٩]. هەندێ جاریش دەسەڵاتداران لەبەر هۆی ڕەگەزی و سیاسی لە کاتی قات و قڕی و بێ ئاوی و برسێتی نەک هەر کۆمەکی قوربانیەکان ناکەن، بەڵکو هەندێجاریش بە ئەنقەست زیانیان زیاتر بووە لەوەی سودیان هەبێ. ئەگەر بێت و بارودۆخی ململانێ چەکداریەکان، چ نێودەوڵەتی و چ نێوخۆیی لەبەرچاوبگیرێن ئەوە دیمەنێکی زۆر تراژیک و دڵتەزێنتر دەبینرێ. دەخالەتی مرۆیی ناڕاستەوخۆ یان غەیرە ماددی تەنها بریتیە لە بەکارهێنانی فشاری سیاسی ئابووری لە دژی ئەو حکوومەتانەی بەرپرسیارن بەرامبەر بە پێشێلکاری مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ. ئەم فشارەش دەکرێ بە

(٥٨) بۆ هەردوو بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بنواڕە. S/Res. 876, 19/10/1993, S/Res. 892, 22/12/1993

(59) Angelo MONTANATI, Possono morire, tanto sono Kurdi, in "Famiglia Cristiana", 1977, n'. 4, pp. 48-53، ئەوانە کوردن، لێیان گەڕێن با بمرن



تاک یان بە کۆمەل، لە لایەن دەوڵەتانەوە، لە چوارچێوەی دامەزراوە جیهانیەکان، بۆ مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕەوایەتی و سەروەری دابونەریتە نێودەوڵەتیەکان، جێبەجێ بکرێت. دەکرێ بوترێ کە ئەم دەخالەتە پێشوەختیشە، بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگیرێت کە بارودۆخەکە لە ژێر کۆنترۆل دەرچێت و کارەسات و تراژیدیایەکی گەورەتری لێ بتەقێتەوە. ئەگەر ئەم جۆرە دەخالەتە، ناڕاستەوخۆیە، نەتوانێ دەوڵەتەکە ناچار بکات دەست لە پێشێلکاریەکان هەڵگرێت و ڕێز لە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بگرێت ئەوە دەکرێت ڕێگە بۆ هۆیەکانی بەخورتی ناچارکردن ببرێت.

## دەخالەتی ڕاستەوخۆ یان ماددی

ئەمجۆرە دەخالەتە بریتیە لە چوونە ناوەوەی خاک و ئاسمانی دەوڵەتێک بە بێ ڕەزامەندی خۆی ئەمەش دەکرێ بەشێوەی سەربازی بێت یان مەدەنی. دەخالەتی ڕاستەخۆ هەمیشە بە خورتیە، ئەگەر سەربازی بێت ئەوە پێویستی بە بەکارهێنانی هێز هەیە بۆ ئەوەی ئامانجی ئۆپێراسیۆنیی مرۆییەکە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. زۆربەی ئەو یاساناسانەی دان بە پرنسیپ یان واتای دەخالەتی مرۆیی سەربازی نانێن و ڕەخنەی لێ دەگرن ئەوە دەهێننەوە بیر کە لە کارتی UNO، بەشێوەیەکی موتڵەق، قەدەغەی بەکارهێنانی هێز کراوە[٦٠]. گومان لەوەدانیە کە پێویستە زۆر بە وریایی بنواڕدرێتە ئەم پرنسیپە بەهێزە بەڵام لە هەمان کات چەندەها پرنسیپی ئەوها بەهێز لە کارتیUN نووسراون کە بە کۆڵەگەی سەرەکی بۆ دابینکردن و فەراهەمکردنی پەیوەندی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان، دادەنرێن.

ئەگەر بێتو پرنسیپە جیاجیاکانی کارتی UN پۆلێن بکرێن و گێڕارکیان بۆ دابنرێ ئەوە پێویستە ئەوانەی پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤ بکەونە سەروی هەمووان و هێزی یاساییان هەبێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی تر[٦١]، ئاشکراشە کە ئەو ئەرک و ئیلتیزاماتانەی لە

(٦٠) بەندی دووەم، خاڵی ٤ لە کارتی UN دەڵێ «ئەندامەکان، لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیان، نابێ هەڕەشە یان هێز بەکار بهێنن لە دژی یەکپارچەیی یان سەربەخۆیی سیاسی هەر کام لە دەوڵەتێکی تر یان بەهەرجۆرێکی تر کە پێچەوانەی ئامانجەکانی UN بێت».

(٦١) لە ڕاگەیاندنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ (٢٥ حوزەیرانی ١٩٩٥، ڤیەننا) دووپاتەکراوەتەوە کە «گەشەپێدان و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان دەبێ وەکو یەکێک لە ئامانجە ئەوەلی وسەرەکیەکانی UN لەبەرچاو بگیرێن» (بەشی یەکەم،بەندی چوارەم لەڕاگەیاندنی کۆتایێ).

کارتی UN دەبنەوە لەسەرەوەی هەموو ئیلتیزاماتێکی نێودەوڵەتی تر دێن[٦٢]. هەروەکو لەمەولا ئاماژەی بۆ کرا کارتی UN لە بەندەکانی (1.3 ;13,1;55,c;56,2;68;76,c) داندەنێ و دووپات دەکاتەوەو داوای تەواوی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بۆ هەمووان، بە بێ هیچ جۆرە جیاوازیکردنێک، دەکات. بۆ بەهێزکردنی ئەم پرنسیپانەی مافی مرۆڤیش، لە چوارچێوەی UNO، بە دەیان ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ داکۆکی لەم مافانە گرێدراون و، لە پێشەوەی هەمووشیان جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ دێت. هەر بۆ ئەم مەبەستەش GA لە ساڵی **١٩٥٣** لە بڕیارێک سەبارەت بە ئەفریقیای خواروو ڕایگەیاند کە «ئاشتیەکی ڕاستەقینەو دوورخایەن پەیوەستە بە ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی هەموو پرنسیپەکانی کارتی نەتەوەیەکگرتوەکان [...] بەتایبەتیش ڕێزگرتنەکی بە کردارو ڕەفتار لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان بۆ هەموو لایەک [...]»[٦٣].

هەروەها لەسەر ئاستی ناوچە جیاجیاکانی جیهان چەندەها ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بەستراون کە تیایا داکۆکی و پاراستنی مافی مرۆڤ لە خانەی دەسەڵاتی ناوەوە دەردەچن: لە کۆبونەوەی «کۆنفرانسی ئەوروپی بۆ ئاسایش و هاریکاری (ئەمڕۆ ناوەکەی بۆتە ڕێکخراوی ئەوروپی» لە ٤/١٠/١٩٩١ لە مۆسکۆ، لە بەشی «ئیلتیزاماتەکانی پەیوەست بە کاروباری مرۆیی Human Dimension Commitments» دووپاتەکرایەوە کە ناکرێ و نابێ بە بیانوی پاساوی دەسەڵاتی نێوخۆ پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بکرێت و دیموکراسیەت سەرکوت بکرێت[٦٤].

(٦٢) بەندی **١٠٣** لە کارتی UN دەڵێ «لەکاتی سەرهەڵدانی هەر ناکۆکی و دژایەتیەک لە نێوان ئەو ئەرک و ئیلتیزاماتانەی کە ئەندامانی نەتەوە یەکگرتوەکان گرتویانە ئەستۆ لەگەڵ ئەم کارتە لە لایەک و لە لایەکی تریش ئەو ئەرک و ئیلتیزاماتانەی بەپێی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانەوە لێی بەرپرسیارن ئەوە ئەرک و ئیلتیزاماتەکانی ئەم کارتە لەسەرەوەی ئەوانی تر دێن».

(63) A/Res. 721 (VIII), 8/12/1950

(٦٤) لە دیباجەی بەیاننامەی کۆتای هاتووە کە «دەوڵەتانی بەشدار ڕادەگەیێنن کە ئەو کێشانەی وەکو مافی مرۆڤ، ئازادیە بنەڕەتیەکان، دیموکراسی و دەوڵەتی قانون دەکەونە چوارچێوەی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان، چونکە ڕێزگرتن لەو ماف و ئازادیانە بناغەی نیزامی نێودەوڵەتی دروست دەکات. بۆیە بە ئاشکراو بە شێوەیەکی موتڵەق و یەکجارەکی categorically and irrevocably ڕادەگەیێنن کە ئەو ئیلتیزاماتانە لە مەیدانی کاروباری مرۆیی کۆنفرانسی ئەوروپی بۆ ئاسایش و هاریکاری پەسەند کراون ماهیەت و ناوەرۆکی ماف و بەرژەوندی ڕەوای هەموو وڵاتانی بەشدار پێک دێنن و چیتر not exclusively بە کێشەی ناوخۆیی Internal Affairs وڵاتانی بەرژەوەندار لە قەڵەم نادرێن».



کەواتە دەکرێ وا لێکبدرێتەوە کە بەکارهێنانی هێز لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کارتی UN بە ڕەوا لەبەرچاوبگیرێت نەک وەکو یاسایەکی هەمیشەیی، بەڵکو وەکو حاڵەتێکی کتوپڕ و، بێ ئەوەی باسی بەرگری لەخۆکردن بکرێت کە لە بەندی **٥١** کارتی نەتەوە یەکگرتوەکان دانی پیانراوە. باشتر وایە بەکارهێنانی ئەو هێزە لە لایەن ئۆرگانەکانی UN ڕەزامەندی لەسەر بدرێت و لەژێر چاودێری ئەوانەیشەوە جێبەجێ بکرێت[٦٥]. لەناو ئۆرگانەکان تەنها ئە. ئاس. سەلاحیەتی هەیە ڕێگەی کردەیەکی سەربازی لە دژی دەوڵەتێک بدات کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بکات یان پرنسیپە بنەڕەتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل بکات. هەروەها بەکارهێنانی هێز، هەرچەندە بە ئاشکرا لە کارتی UN ئاماژەی بۆ نەکراوە، لە پێناوی وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، بەپێی چەندەها بڕیاری ئە. ئاس. و ک. گ.، دانی پیانراوە و بە ڕەوا دەزانرێت[٦٦]. ئەگەر سەرنج بدەین ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو بارودۆخە پڕ مەترسی هەڕەشەدارەکان لە ئەنجامی پێشێلکردنی ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ دروست بوون. لەم مەیدانەش SC لە زۆر کێشەی کۆڵیتەوە و سەرزەنشتی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی کردووە: لە ساڵی **١٩٦٠** لە بڕیارێک ئیدانەی حکوومەتی ئەفریقیای باشووری کرد کە تەقەی لە خۆپێشاندانێکی بە ئاشتیانە کردبوو کە داوای سڕینەوەی سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی و ئەپارتایدیان دەکرد[٦٧]. پاش چەند ساڵێک ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی سیاسەتی ئەپارتایدی کردو، وتی درێژەدانی ئەو سیاسەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست دەکات[٦٨]. لە ساڵانەکانی بەدواوە ئە. ئاس. چەندەها بڕیاری دەرکرد، نەک تەنها لەسەر ئەپارتاید بەڵکو لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە زۆر شوێنی ئەم جیهانە، بەتایبەتی لەسەر کێشەی فەلەستین.

(٦٥) بەندی **٥٣** و **١٠٧** ی کارتی UN دەرگایان واڵاکردووە بۆ ئەنجامدانی کردەی ناچارکردن لە دژی وڵاتانی دوژمنی جەنگی جیهانیی دووەم (ئەڵەمانیا و هاوپەیمانەکانی) بەڵام بەهۆی کارپێنەکردنیان هیچ جۆرە مەفعولێکیان نەماوە.

(٦٦) بۆ بڕیارە هەرە گرنگەکان بنوارە «مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و یاسایی نێوەدەوڵەتی»، Giancarlo Autodeterminazione dei popoli e diritto internazionale, Napoli, GUARINO, 1984, pp. 134-136.

(67) S/Res. 134 (1960), 1/4/1960

(68) S/Res. 181 (1963), 7/8/1963

کەواتە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ دەبنە هۆی بەرپابوونی ململانێ چەکداریەکان، ئەوانەش دەبنە هۆی ئاوارەبوونی کۆمەڵانی خەڵک، چ لە ناوەوەی دەوڵەتێک و چ لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر و، لە ئەنجام هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەدەوڵەتی پەیدا دەکەن، لەم حاڵەتەشدا ئە. ئاس. ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆ دایە دەخالەت بکات و هەموو ئەو ڕێگایانە بگرێتە بەر کە بەپێویستی دەزانی بۆ لەناوبردنی ئەم مەترسیە. هەندێ لە یاسا ناسە بەناوبانگەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە «هەوڵنەدان بۆ ڕێگە گرتن لە پێشێلکاریە گەورەو فراوان و دووبارە بووەکانی مافی مرۆڤ و تەقینەوەی ململانێ چەکداریەکان نارەوایە، بەڵکو تاوانکاریە چونکە سەرپێچی و بەزاندنی پرنسیپە هەرە بەرزەکانی نیزامی نێودەوڵەتیە[٦٩]. هەروەها لەکاتی ململانێ چەکداریەکان ئەگەر پرنسیپە مرۆییەکانی کۆنڤینسیۆنەکانی ژنێڤی **١٩٤٩** و دوو پرۆتۆکۆلەکەی **١٩٧٧** ببەزێنرێن ئەوە دەبێتە مایەی ئەنجامدانی تاوانێکی یاسای نێودەوڵەتی و، هەندێ جاریش جینۆسایدێکی زەق و پان و بەرین. بۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێت ئەو پێشێلکاری و تاوانانە ڕوونەدەن ئەوە دەخالەتی UNنەک هەر پێویستە بەڵکو زەرورەیەکی دەستوبردە، ئەوەش بۆ ئەوەی UN بتوانێ پارێزگاری لە دەسەڵاتی قانونی، سیاسی و ئەخلاقی خۆی بکات و نیزامێکی جیهانی پڕ لە ئاشتی و ئاسایش بۆ هەموو لایەک فەراهەم بکات. بەمجۆرە دەخالەتی مرۆڤیتاری لەم حاڵەتانەدا، پێویستی بە ڕەزامەندی دەوڵەتی وابەستەی کێشەکە نییە، چونکە لەم حاڵەتە پێویستە بڕیاری سەپاندنی سزا لە دژی ئەو بەرپرسانە دەربکرێن کە بەرپرسیارن لە پێشێلکاریەکانی ئاماژە بۆکراو. بە واتایەکی تر، لەم حاڵەتە، دەخالەتی مرۆیی ڕوخسارێکی بە زۆری و بە خورتی بەخۆوە دەگرێ و بەپێی بارودۆخەکە هێز بەکار بهێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا باشترە ئەو دەخالەتکردنە بەکۆمەڵ بێت و لە لایەنUN ڕێگەی پێ بدرێت، بەتایبەتی لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمەلەی گشتی. بەڵام ئەگەر میکانیزمەکانی بڕیار دەرکردن کار نەکەن، هەروەکو تا ئێستا زۆرجار ڕوودەدات، ئەوە حەقی وانیە ڕێگە لە دەخالەتی یەک لایەنە، بۆ داکۆکی لە پرنسیپە مرۆییەکانی لە پێشەوە باسکران، بگیرێت و بە دژی ڕەوایەتی نێودەوڵەتی لە قەڵەم بدرێت. ئەوەتە چ

(69) Antonio PAPISCA, Diritti umani e ordine mondiale democratico (relazione scritta e distribuita al Convegno, La via giuridica alla pace: dal Tribunale internazionale per la ex Jugoslavia alla Corte penale permanente, Padova, 19/12/1994, Università di Padova, Palazzo, del Bo)



پەرلەمانی ئەوروپی لە بڕیاری ١٩٩٤/٤/٢٠ کە لە پێشەوە باسی کرا و، چ ک. گ. دانیان بە ڕەوایەتی بەکارهێنانی هێز، بەشێوەیەکی تاکڕەوی و یەک لایەنی بۆ داکۆکی و پاراستنی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ هیناوە[٧٠].

## ڕەزامەندی کۆمەڵانی خەڵک

بەڕای زۆربەی یاساناسان دەخالەتی مرۆیی تا زۆرترین ڕەوایەتی بەدەست بهێنێ، پێویستە ڕەزامەندی کۆمەڵانی ئەو خەڵکە وەرگرێ کە کۆمەکەی ئاراستە دەکرێ. بەواتایەکی تر دەبێ کۆمەڵانی خەڵک داوای دەخالەتی لە UN یان دەوڵەتان، بە تاک و کۆ، بکەن بۆ ئەوەی بە هانایانەوە بێن و بیان پارێزن.

پێویستە پرسیار بکرێ: لە کاتی ململانێ چەکداریەکان، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لەسەر ئاستی نێوخۆ، یان لە کاتێکدا کە حکوومەتێک نوێنەری تەواوی توخم و چینەکان ناکات و بەرپرسیاریشە لە پێشێلکاریە گەورەکانی مافی مرۆڤ، ئا لەم کاتە قوربانیەکان چ جۆرە ڕێگا و دەسەڵاتێکیان هەیە تا داوای دەخالەتی مرۆڤیتاری بکەن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە لە کاتێک تەنها دەوڵەتان وەکو سەبگێتی سەرەکی یاسای نێودەوڵەتی دانیان پیانراوە و هەر ئەوانیش ئەندامن و مافی قسەکردنیان، لە ڕێکخراو و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان، هەیە. بەپێچەوانەوە کۆمەڵانی خەڵک هەمان مافی دەوڵەتیان نییە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی گیروگرفت بۆ داواکردن و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیان. سەرەڕای ئەوەش لە هەر کۆمەڵگایەک چەندەها هێزی سیاسی کۆمەڵایەتی هەن، هەریەکە زۆر و کەم متمانە و پاڵپشتی جەماوەریان هەیە، هەروەها هەندێک لەم هێزانە بەشدارن لە حکوومەت و بەشەکەیتریش لە ئۆپۆزیسیۆندایە. لە کاتێک حکوومەت مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ دەبەزێنێ پێویستە ئۆپۆزیسیۆن بە نوێنەری ڕاستەقینەی تەواوی

(٧٠) ئەمینداری گشتی UN لەناميلکەی ئەجێندەی ئاشتی .Supplment to an agenda for peace, cit دەڵێ: «UN مۆنۆپۆڵی بەکارهێنانی ئەو ئامراز و هۆ و ڕێگانەی نییە [بە بەکار هێنانی هێزیشەوە] و داواش ناکات هەیبێت. هەموو ئەو ئامرازو هۆیانە دەکرێن بەکاربێن، هەروەکو چۆن تا ئێستا زۆریان بەکارهاتون، لە لایەن ڕێکخراو و دامەزراوە ناوچەییەکان یان لە لایەن گروپێک یان دەوڵەتێکی دەستنیشانکراو .by ad hoc groups of States or by individual States بەڵام UN ئەزمونێکی بێ وێنەی لە هەموو لایەک زیاترە و ئاشکراشە لە دوای نەمانی شەڕی سارد ڕۆڵی UN و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەم بارەوە، زیاتر گەشەی کردووە (پەرەگرافی ٢٤).

کۆمەڵانی خەڵکی ئەم وڵاتە بدرێتە قەڵەم.

حکوومەتێک، بۆ ئەوەی شەرعی بێت، پێویستە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت کە لە ڕێکەوتن و بڕیارە نێودەوڵەتیەکان ئاماژەیان بۆ کراوە: دیموکراسیەت، پلوڕالیزم، هەبوونی ڕەزامەندی میللی. ئەوەتە بەندی ٢١، خالی ٣ لە جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤ دەڵێ «ئارەزو و ڕەزامەندی میللی بناغەی دەسەڵات و ڕەوایەتی حکوومەتە، ئەم ڕەزامەندیەش، دەبێ ناوە ناوە لە ڕێگای هەلبژاردنی ڕاستەقینە، لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی و نهێنی و یەکسان و بەپێی پرۆسەی دەنگدانی ئازادانە، پێشان بدرێ»[٧١].

کەواتە بە تەنها هەڵبژاردنی سیاسی و هەندێ یاسای ڕووکەش بەس نین بۆ ئەوەی ئەو حکوومەتەی لە دەسەڵاتە بە شەرعی لە قەڵەم بدرێ بەڵکو پێویستە ڕەزامەندی و ویستی میللی ڕاستەقینەبن و پێشان بدرێن، حکوومەتێکیش لەم ڕێگەیەوە گەیشتبێتە دەسەڵات زۆر بە زەحمەتی ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ پێشێل دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەر ئاستی UN، تاکو ئێستا دامەزراوی تایبەت و بە دەسەڵات نییە تاکو چاودێری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە سیاسیەکان بکات، ئەگەرچی بە تێپەڕبوونی کات هەندێ لە ئاژانسەکانی UN خۆیان زیاتر بۆ ئەم ئامانجە ئامادە دەکەن. کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی بەندی ٢١، پەڕەگرافی ٣ لە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ تەدەخولێک بۆ بە دیموکراسیکردنی وڵاتێک یان گێڕانەوەی حکوومەتێکی شەرعی لابردراو لە دەسەڵات وەکو ئامانجێکی ویستراوی کارتی UN و هۆیە یاساییەکان دێتە بەر چاو[٧٢].

---

(٧١) لە کارنامەی کۆنفرانسی مافی مرۆڤ لە ڤیەننا (١٩٩٥) لە بەندی هەشتەم، بەشی یەکەم دووپاتەکراوەتەوە کە «دیموکراسی، پێشکەڤتن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بە یەکەوە گرێدراون و یەکتری بەهێز دەکەن. دیموکراسی لەسەر ویست و ئارەزوی گەل بەندە، کە دەبێ بە ئازادی دەریانبڕێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو سیستەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریەی گەرەکیەتی. پاراستن و گەشەپێدانی ئەو مافانە، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چی دەوڵەتی، دەبێ بەبێ هیچ مەرج و ئەگەرێک بەڕێوەببرێت. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێویستە پشتگیری لە بەهێزبوون و گەشەپێدانی دیموکراسی و پێشکەوتن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادیە سەرەکیەکان لە هەموو قوژبنێکی جیهاندا بکات».

(٧٢) ئەگەر تەماشای نموونەی وڵاتی هایتی بکرێ، ئەوە دەبینرێ کە UN (چ کۆمەڵەی گشتی و چ ئەنجومەنی ئاسایش) چەندەها بڕیاری دەرکرد کە تیایا داوای گێڕانەوەی حکوومەتی شەرعی و دیموکراسی کرد: بڕیاری ک. گ. A/Res. 46/7, 11.10.1991 لەسەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە هایتی، بڕیاڕی ئە. ئاس. S/Res. 841, 16.06.1993 ئابڵۆقەی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکان و چەک و کەرەسەکانی سەربازی دا، بە بڕیاری S/Res. 867, 04.10.1993 میسیۆنەکی بۆ هایتی پێک هینا.



لەم حاڵەتانەی سەروە خواست و ڕەزامەندی کۆمەڵانی خەڵک دەکرێ لە ڕێگەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەیان بکرێ و پاش لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی لە لایەن ئۆرگانیزمە تایبەتیەکانی دەوڵەتی و نادەوڵەتی کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن، بە ڕاستەقینە لە قەڵەم بدرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی دەخالەتی مرۆڤیتاری ڕاستەوخۆ دوا هەوڵ و وەڵامە و تەنها لە بارودۆخە دراماتیکیەکان ئەنجام دەدرێت، دوای سەرنەکەوتنی هەموو هەوڵە سیاسیەکان، حەقی وانیە پێویستی بە داواو ڕەزامەندی کۆمەڵانی خەڵک هەبێ[٧٣].

هەرچی پەیوەستە بە مەسەلەی کوردی عێراق، لە پێشەوە پارتە سیاسیەکان لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان و پاشان بەرەی کوردستانی عێراق (بکع)[٧٤] بە دەیان جار بە بانگەواز هاواریان بۆ UN و دەوڵەتان برد بۆ ئەوەی دەخالەت بکەن و قەتل و عامی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل، لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە، بوەستێنن. بەڵام لە ناو کۆمەلگای نێودەوڵەتی کەس گوێی لێ ڕانەگرتن.

کەچی لە حاڵەتی ململانێی چەکداری چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لەسەر ئاستی نێوخۆ، لایەنەکان دەناسرێنەوە بەبێ لەبەر چاوگرتنی ستاتوسی یاسایی و سیاسیان، لە کاتێک ململانێیەکە دەکەوێتە دۆخێکی پڕ مەترسی چونکە نەریتە هومانیتاریەکانی جەنگ دەبەزێنن و کوشتاری بە کۆمەڵ ئەنجام دەدەن و چەکە قەدەغەکراوەکان بەکار دەهێنن. لەم کاتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە پێشەوە UNO، پێویستە دەخالەت بکەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەزامەندی لایەنەکانی وا بەستە. بەڵام ئەوەش پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی گەورەی سیاسی دیبلۆماسی و سەربازی هەیە لە لایەن UN، چونکە مەترسی و ئاکامەکانی ئەم دەخالەتە کەم نین و، هەروەها گرنگی هێزێکی گەورە لەوە دایە

---

(٧٣) سکرتێری گشتی UN پەتروس گالی لە Supplment to an agenda for peace, cit. دەڵێ «سزا و ناچارکردن، لە لایەکی ترەوە، ئامرازی بە خورتین و ئەوانەش لە پێناسەکەیاندا پێویستیان بە ڕەزامەندی لایەنەکانی کێشەکە نییە (s 23)»

(٧٤) لە مایسی ١٩٨٨ بەرەی کوردستانی عێراق دروست بوو، لە سەرەتا لە شەش هێزی سیاسی - سەربازی پێک هاتبوو، لە دوای ئۆپێڕاسیۆنی Provide Comfort لە نیسانی ١٩٩١ ئیدارەی ناوچە کوردیەکانی کوردستانی عێراقی گرتە دەست و، لە مایسی ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد و پلوڕالیستی سازکرد. بکع سەدان بانگەواز و دۆسیەی ئاراستەی UN کردووەو، لە ١٩٩٢/٨/٦ سەرکردەکانی لە لایەن بوترۆس گالی، سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، لە بارەگای نیویۆرک پێشوازیان لێکرا.

تا بتوانێ، لە هەوڵەوە، لایەنە شەڕکەرەکان ناچار بکات تەقە بەسی بکەن بۆ ئەوەی بتوانرێت کۆمەکی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل بکرێت. حاڵەتی کوردستانیش، ئەوساو ئێستا، بریتیبوو لە ململانێیەکی چەکداری نێوخۆ بەڵام لە ڕوانگەی کۆنڤینسیۆنەکانی ژنێڤی ١٩٤٩ ز دوو پڕۆتۆکۆلەکەی ژنێڤی ١٩٧٧ ڕوالەت و ناوەڕۆکی نێودەوڵەتیان پێوەبوو و پێوەیە(٧٥).

## شێوەکانی تەدەخولکردنی ڕاستەوخۆ

هەرەوەکو لە پێشەوە وترا ئەم شێوە دەخالەتە سەروەری نیشتمانی بە خاک و ئاسمانەوە، پێشێل دەکات و ئەم شێوانەی تاکو ئێستا ئەنجامدراون برتین لە:

**١) بەردانەوەی خواردن و کەرەسەکانی تەندروستی لە ئاسمانەوە بە پەڕەشوت، بۆ کۆمەڵانی خەڵکی پێویست هەبوو:** لە کاتە تراژیدیەکانی ململانێی چەکداری، لێرەدا باسی کارەساتە سروشتیەکان ناکەین، ئاکامە دڵتەزێنەکان دەکەونە سەر شانی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل. بەجێهێشتنی ئەم کەسانەش بە بێ کۆمەکردن بە سوکایەتیکردن بە ویژدانی مرۆڤایەتی دێتە بەرچاو، چونکە مافی نانخواردن و چارەکردن، ڕاستەوخۆ، بە مافی ژیان گرێدراون کە ئەوەشیان لە چەندەها ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی دانی پیانراوە.

ئەمجۆرە دەخالەتە بریتیە لە کۆمەکردنی ئەو خەڵکانەی کە بە هۆی بارودۆخی چەکداریەوە بژێوی ژیانیان لەدەست داوە، ئەوەش لە ڕێگەی فڕێدانە خوارەوەی خواردن و داودەرمان بۆیان بە پەڕەشوت، ئەم کردەوەیەش دەکرێ لە ژێر کۆنترۆڵ یان ڕەزامەندی UN ئەنجام بدرێت. فڕێدانی ئەم کۆمەکانە لە بەرزاییەکی زۆر هیچ مەترسیەک بۆ فڕۆکە مەدەنیەکان دروست ناکات بەڵام کەلوپەلەکان زۆرجار ناکەونە شوێنی خۆیان. کەچی فڕێدان لە بەرزایەکی نزم ئەگەری زۆرتری تیایە بۆ ئەوەی بکەوێتە شوێنی مەبەست بەڵام ئەوەش مەترسیە بۆ سەر فڕۆکەکان، چونکە دەکەونە بەر مەودای هاویشتنی موشەکە

(٧٥) لە ١٩٤٩/٨/١٢ لە ژنێڤ چوار کۆنڤینسیۆن بەستران کە پەیوەندیان بە نەریتە هومانیتاریەکانەوە هەیە تا لە کاتی ململانێ چەکداریەکان ڕێزیان لێ بگیرێت و لە ٢١/ ١٠/ ١٩٥٠ کەوتونەتە کار و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش ئیمزایان کردوون. لە ١٩٧٧/٦/٨ دوو پڕۆتۆکۆلی تر بەستران: ١) دەربارەی پاراستنی قوربانیەکانی ململانێ چەکداریە نێودەوڵەتیەکان، ٢) دەربارەی پاراستنی قوربانیەکانی ململانێ چەکداریە نێوخۆیەکان.



تەیارەشکێنەکان. ئەگەر ڕەزامەندی لایەنە شەڕکەرەکان نەبێت ئەوە مەترسی بۆ سەر فڕۆکەکان زیاتر دەبێ چونکە دەخالەت، هەرگیز، بێ لایەن نییە. لە ڕاستی دەخالەت، هەرچەندە هومانیتاریش بێت، ڕەنگدانەوەی سیاسی - یاسایی بە قازانجی لایەک و بەزیانی لایەکەیتر پەیدا دەکات. لەم حاڵەتەش فڕێدانە خوارەوەی خواردن و داودەرمان لە ئاسمان دەکرێ بە هاوبەشی و یاوەری فڕۆکەی سەربازی ئەنجام بدرێت و هەر کاتەک پێویستبوو دەتوانن پارێزگاری لە فڕۆکە مەدەنیەکان بکەن. هەروەها نەبوونی گروپێیک یان ستافێکی سەربازی یان مەدەنی لەسەر زەوی دەبێتە مایەی دروستکردنی گرفت بۆ هەڵسوڕاندن و هەڵسەنگاندنی کۆمەکەکە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی. ئەم جۆرە دەخالەتە سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا لە یۆغسلافیای پێشو. لە حاڵەتی کورد لە نیسانی ١٩٩١ کۆمەکی خواردن و داودەرمان خەڵکێکی زۆری لە مردن ڕزگارکرد، ئەوەش لە هەلومەرجێکی تایبەتی لە کۆتایی جەنگی کوێت، ئەنجامدرا.

ئەم نموونانەی سەرەوە ڕەزامەندی UNیان بەدەست هێنابوو و، دەخالەتەکانیش بە گروپ بوون. بەڵام ئەگەر بێتوو بە تاکڕەویش بکرێت، هەروەک دادگای دادوەری نێودەوڵەتیICJ و پەیمانگای مافی نێودەوڵەتی IDI لە زۆر موناسەبە پاڵپشیان لە دەخالەتی تاکڕەوی دەربڕیوە بە مەرجێک تەنها بە مەبەستی بردنی کۆمەکی هومانیتاری بێت(٧٦).

**٢) کردنەوەی دەروازە هومانیتاریەکان:** بریتیە لە دۆزینەوەو پارێزگاریکردن لە ڕێگایەکی وشکای بۆ ئەوەی بتوانرێ لەم ڕێگەوە کۆمەکی مرۆیی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیلی گیرۆدەی ململانێ چەکداریەکان ببرێت. دۆزینەوەی ڕێگای ژیان life line بۆ بەهانا چوونی قوربانیەکانی بارودۆخی چەکداری بەشێکە لە مافی ژیان. ئەم دەخالەتە پێویستی

(٧٦) دادگای دادی نێودەوڵەتی لە ڕادەربڕینێک، دەربارەی پاڵپشتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە کۆنتڕاسە شەڕکەرەکانی نیکاراگوا، ووتی: بە باوەڕی دادگا ئەگەر مەبەست لە کۆمەکی هومانیتاری بریتیە لە خۆ بە دوورگرتن لە هەر جۆرە ئیدانەکردنێک بە ناوی دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی نیگاراگوا ئەوە نەک هەر دەبێ کار و ڕەفتارەکان لە چوارچێوەی پرنسیپەکانی کۆمیتەی خاچی سوری نێودەوڵەتی بسووڕێنەوە کە بە سەرەکی بریتین لە ڕێگەگرتن و کەمکردنەوەی ئازارومەینەتی کۆمەڵانی خەڵک و پارێزگاری لە ژیان و تەندروستی و ڕێگە خۆشکردن و هاندانی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بێت بەڵکو پێویستە ئەو کۆمەکە، بەبێ جیازازی، بۆ هەموان بێت لە سەرتاسەری نیکاراگوا. بنوارە:
International Court of Jastice, Judgments of 27 June 1986, case concernine "military activities in and against Nicaragua" §243, p. 125.

بە ڕەزامەندی لایەنە شەڕکەرەکان هەیە، لە هەمان کات بە مافی قوربانیەکانیش دادەنرێ بۆ ئەوەی کۆمەکەکانیان بە دەست بگات کە بەشێوەیەکی گشتی ئاژانسە تایبەتیەکانی فریاگوزاری UN سەرپەرشتی دەکەن، بەڕێوەدەبرێن. ئەم دەخالەتەش، بە حوکمی سروشتیەکەی پێویستە لە لایەن کارمەندانی سیڤیل، بە هاوکاری و هەماهەنگی ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان و نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکان، بەڕێوەببرێت. بەڵام ئەزمونەکانی ئەم چەند ساڵانەی دوایی ئەوە نیشان دەدەن، لەبەر بارودۆخی شەڕ، ئاسان نییە پارێزگاری لە کۆمەک و کارمەندە سیڤیلەکان بکرێت. بەم شێوەیە دەخالەتی سەربازی دەبێتە کارێکی پێویست بۆ ئەوەی کاروانەکانی کۆمەک و کارمەندە سیڤیلەکان بە سەلامەتی بگەنە شوێنی خۆیان و لە مەترسی لایەنەکانی ململانێکە بپارێزرێن، بەتایبەتی لە پەلاماری باندە چەکدارەکان و جەردەو ڕێگرەکان کە لە هەندێ وڵات (بەتایبەتی لە سۆماڵ) بوونەتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە ڕوو لە خراپی بکات(٧٧).

**٣) ناوچەی ئارام** :save area بریتیە لە دروستکردنی ناوچەیەکی پارێزراو و ئارام بۆ کۆمەڵانی خەڵکی قوربانی داپلۆسین و ڕاونانی سەربازی لە لایەن حکومەتەکەیانەوە. ئەمجۆرە دەخالەتە، بۆ یەکەمجار لە مێژوو، لە نیسانی ١٩٩١ بۆ بەهانا چوونی کوردی عێراق ئەنجامدرا، لە دوای بڕیارەکەی ئە. ئاس. وڵاتە هاوپەیمانەکانی دژی عێراق (بەتایبەتی ڕۆژئاواییەکان) دەستیان بەئۆپێراسیۆنی پرۆڤاید کۆمفۆرت provide comfort کرد(٧٨). ئەم ئۆپێراسیۆنەش سەرەتا بریتیبوو لە فڕێدانە خوارەوەی خواردن و داودەرمان لە ئاسمان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کورد، پاش چەند ڕۆژێک هێزی هاوپەیمانەکان خزانە ناو کوردستانی عێراق و سوپای عێراقیان ناچارکرد بە درێژای ١٢٠کم و پانایی ٥٠کم

(٧٧) هەندێ لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەربارەی کێشەی سۆماڵ: بەبڕیاری ٧٣٣ی ١٩٩٢/١/٢٣ ئابڵوقەی گشتی و سەرتاسەری ڕەوانەکردنی چەک و کەرەسەکانی سەربازی بۆ سۆماڵ، بە ٧٤٦ی ١٩٩٢/٣/١٧ ئۆپێراسیۆنی کۆمەکی هومانیتاری بۆ گەلی سۆماڵ، بە ٧٦٧ی ١٩٩٢/٧/٢٧ دەربارەی بە کارهێنانی هەموو هۆیەکی پێویست تا کۆمەکەکان بە سەلامەتی بگەنە شوێنی خۆیان، بە ٧٩٤ی ١٩٩٢/١٢/٣ ڕێگەیدا بە سکرتێری گشتی UN تا ڕێگە بدا بەدەوڵەتانی ئەندام بۆ بەکارهێنانی هەموو هۆیەکی پێویست بۆ گەڕاندنەوەی بارودۆخی ئاسایش بۆ ئۆپێراسیۆنەکانی کۆمەکی مرۆیی لە سۆماڵ.

(٧٨) دەربارەی بەشداری ئیتالیا لە پرۆڤاید کۆمفۆرت بنواڕە ئەم کتێبە (میسیۆنی سوپای ئیتالی بۆ پارێزگاریکردن لەگەڵی کورد) کە لە لایەن سەرۆکایەتی فەرماندەی سوپای ئیتالیا بڵاوکراوەتەوە:
Operazione Airone: missione dell’esercito italiano a favore del popolo curdo, maggio-ottobre 1991 (a cura dello Stato Maggiore dell’Esercito), Roma, 1992.



پاشەکشە لەسەر سنووری تورکیا بکات و، بارەگەکانیشیان لە شاری زاخۆ کردەوە و پاش چەند هەفتەیەک ناوچەی ئارام فراوانتر کرا.

هاتنە ناوەوەی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ کوردستانی عێراق (١٥ نیسانی ١٩٩١) بەبێ ڕەزامەندی حکوومەتی عێراق بوو، تەنها بناغەیەکی یاسایی ئەم ئۆپێراسیۆنە بڕیاری ٦٨٨ بوو کە ئەویش بە ئاشکرا باسی بەکارهێنانی هێز ناکات. بە ڕای سکرتێری گشتی ئەوکاتی UN، پێرس دێکۆیلار Perez de Cuellar، دەخالەتی هاوپەیمانان لە عێراق پێویستی بەبڕیارێکی تر نەبوو(٧٩). ئەوەتە سەدرەدین ئاغاخانی نوێنەری تایبەتی س. گ. بۆ پرۆگرامی کۆمەکە مرۆیەکان لە عێراق لە ١٩٩١/٤/١٨ ڕێکەوتنێکی memorandum لەگەڵ حکوومەتی بەغدا مۆرکرد و، بەم پێیە دەست بە کۆمەکی ئاوارەکان کراو چەند مەڵبەندیکی هومانیتاری- UNGSC(٨٠)یش دامەزران و، هەروەها لە ١٩٩١/٥/٢٥ ڕێکەوتنێکی تر، دەربارەی بەکارهێنانی پاسەوانەکانی UN، لە کوردستانی عێراق، مۆرکرا (بۆ دەقی هەردوو ڕێکەوتنەکە بنواڕە پاشکۆی ژمارە ٢-٣). بەپێی ئەم ڕێکەوتنە دەبوایە ڕێکخراوە هومانیتاریەکانی UN کۆمەکی ئاوارە کوردەکانیان بکردایە بۆ ئەوەی بە ئارەزومەندانە بۆ نێو زێدی خۆیان بگەڕێنەوەو ڕێگەش لە کۆڕەوێکی تر بگیرێ. دەبوایە UN لە هەر شوێنێک لە عێراق بە پەسەندی بزانیبایە مەڵبەندی هومانیتاری UNHSC بکاتەوە بۆ ئەوەی کۆمەکی پزیشکی پێشکەش لێقەوماوان بکات و خۆراکیان بەسەر دابەش بکات و هەموو ئەم هەنگاوانە بگرێتە بەر کە بە پەسەندی دەزانێ بۆ گێڕانەوەی هەلومەرجی ژیانی ئاسایی و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ سەر شوێنی خۆیان. ئەم پرۆگرامە دەبوایە بە هاوکاری و هەمائەنگی حکوومەتی عێراق و بەکارهێنانی ٥٠٠ پاسەوانی UN بەڕێوە بچێت. ژمارەیەک لەم پاسەوانانە، کە چەکدار نەبوون، پێش مۆرکردنی ڕێکەوتنەکە گەیشتنە کوردستانی عێراق و دەبوایە سەرپەرشتی پرۆگرامە مرۆیەکان بکەن. کەچی ئەم پڕۆژەیە، بەهۆی هاریکارینەکردنی حکوومەتی بەغدا، سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، حکوومەت ڕێگەی بەپاسەوانەکان نەدا بەئازادی بەعێراق بگەڕێن و سەنتەرە مرۆڤیتاریەکان بکەنەوە و یارمەتی لێقەوماوەکان بدەن،

(79) Cit. da ALAIN DAMES, L’absence de base juridique de l’operation provide comfort et la pratique belge en matiére d’intervention armée "à but humanitaire" in «RBDI », 1992, pp. 264-276, p. 273.

(80) United Nations Humanitarian Sub-Office Centers (UNHSC)

بەتایبەتی کوردەکانی پارێزگای موسڵ و کەرکووک و دیالە و شیعەکانی خواروی وڵات. ئەوەتە پیاوەکانی ئاسایش و موخابەراتی بەغدا چەندەها پەلاماری تیرۆریستیان، بە دژی کاربەدەستە سەربازی و سیڤیلەکانی UN، لە کوردستانی عێراق ئەنجامدا[٨١].

لە یۆگسلاڤیای پێشو UN چەندەها شارو شوێنی جیا جیای بە ناوچەی پارێزراو save haven ڕاگەیاند و هێزی سەربازیشی ڕەوانەکرد و ڕێگەی بەدەوڵەتانی ئەندامیش دا (بەتایبەتی هی وڵاتانی ناتۆ NATO) هێز بەکار بهێنن بۆ پاراستنیان[٨٢]. هەروەها بەپێی ڕێکەوتنی واشنتۆن، بۆ ئاسانکردنی دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەئاشتیانە، ئیدارەی شاری مۆستار Mostar درایە ئەستۆی یەکێتی ئەوروپا[٨٣]. کەچی لە حاڵەتی کورد هیچ شتێکی لەم بارەیەوە ڕووی نەداوە نەخاسمە حکوومەتی عێراق بەردەوامبوو لە درێژەدانی کوشتاری خەڵکی مەدەنی ئەوەش لە ڕاپۆرت و بەڵگەکانی نێرەری تایبەتی -spécial rap porteur بە فراوانی پێشاندراوە[٨٤].

(٨١) دەربارەی ئەم پەلامارە تیرۆریستیانە بنوارە بڕیارەکانی ئیدانەی پەرلەمانی ئەوروپی لە ١٩٩٣/٧/١٥ لە GUCE, n_ 255, 20/9/1993, pp.48-50

(٨٢) شاری مۆستار دانیشتوانەکەی لە موسڵمانی بۆسنی و کریستیانی کاتۆلیک پێک هاتووە، ڕێکەوتنی واشنتۆن لە لایەن یەکێتی ئەوروپا، کۆماری بۆسنەوهەرزەگۆڤینە، فیدراسیۆنی بۆسنەوهەرزەگۆڤینە، ئیدارەی خۆجێیی مۆستاری ڕۆژهەڵات و، ڕۆژئاوا، لە لایەن کرۆئاتەکانی بۆسنەوهەرزەگۆڤینە مۆرکراوە. بەپێی ئەم ڕێکەوتنە یەکێتی ئەوروپا دابینکردنی هەموو پێویستیەکان و مەسروفاتی ئیدارەی مۆستاری گرتۆتە ئەستۆ، بنوارە: union administration of Memorandum of understanding on the european Mostar, 18 march 1994. ئەم ڕێکەوتنە دوای ڕێکەوتنی دایتۆن Dayton USA کە لە پاریس لە ١٩٩٥/١٢/١٤ مۆرکرا هەر بە کارەو درێژەی هەیە.

(٨٣) ئەنجومەنی ئاسایش بەبڕیاری ٨٤٩ی ١٩٩٣/٤/١٦ شاری سربیرێنیکە و دەوروپشتی لە یۆگسلاڤیای پێشو بە ناوچەی ئارام ناساند، بە بڕیاری ٨٢٤ی ١٩٩٣/٥/٦ چەند ناوچەی جیا جیای لە بۆسنەوهێرزەگۆڤینە بە ناوچەی ئارام و پاراستووو ناساند، بە بڕیاری ٨٣٦ی ١٩٩٣/٦/٤ ڕێگەی بە هێزەکانی پارێزگاری ناوچە ئارامەکان دا هەموو هۆیەک بەکار بهێنن، بە بەکارهێنانی هێزیشەوە، بۆ پاراستن و پارێزگاری لە ناوچە ئارامەکانی بۆسنەوهەرزەگۆڤینە و، هەروەها ڕێگە بە دەوڵەتانی ئەندامیش دەدا هێز بەکاربهێنن بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی پارێزگاری UN تا ناوچەکانی ئارام بپارێزن، بە بڕیاری ٩٤٢ی ١٩٩٣/٩/٢٣ ناوچە ئارام و پاراستوەکانی فراوانتر کرد.

(٨٤) بۆ ڕاپۆرتەکانی rapporteur spécial کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان، لە دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨، بنوارە: E/CN. 4/1992/31; E/CN.4/1993/45; E/CN. 4/1994/58; .E/CN. 4/1995/56



٤) **هەرێمی نەفڕین**: no fly zone بریتییە لە ڕێگە گرتن لە سوڕانەوەی فڕۆکە سەربازیەکان لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو تاکو کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل، لە پەلامارو بۆردومانی حکوومەتەکەی خۆیان یان لایەنە شەڕکەرەکان، بپارێزرێن. ئەمجۆرە دەخالەتەش، بۆ یەکەمجار، بۆ پاراستنی کوردی عێراق تاقیکرایەوە. هێزی هاوپەیمانان (بەتایبەتی USA، بەریتانیا و فەرەنسا) بەئۆپێراسیۆنی provide comfort لە ١٩٩١/٤/٧ هەرێمی نەفڕینیان، لە دژی هێزی ئاسمانی بەغدا، ڕاگەیاند. ئەم ناوچە کوردیە دژە فڕینەش کەوتۆتە سەرەوەی هێلی ٣٦! پانی[٨٥]، لە ١٩٩٢/٨/٢٧ هەرێمێکی دژەفرینی هاوشێوەش بۆ شیعەکان، کە قوربانی ڕاونان و سەرکوتکردنن، لە خوارەوەی هێڵی ٣٢! پانی ڕاگەیاندرا[٨٦]. لە حاڵەتی کورد ناوچەی ئارام و هەرێمی دژەفڕین یەک دەگرنەوە و یەک ناوچەی جوگرافی دروست دەکەن. فڕۆکەی هاوپەیمانان کە چاودێری ئەو دوو هەرێمە دژەفڕینە دەکەن هەموو ڕۆژێ بە ئاسمانی ناوچەکان دەسوڕێنەوە، لە خواروی عێراق چەند فڕۆکەیەکی بەغدایان خستۆتە خوارەوە و لە باکوریش، بە هەڵە، دوو هەلیکۆپتەری هاوپەیمانانیان پێکاوە (١٩٩٤/٤/١٤) کە نزیکەی ٣٠ بەرپرسی سەربازی ئەمەریکی بەریتانی فەرەنسی تورکی و کوردیان هەڵگرتبوو. تا ئێستا هیچ چارەسەرێک بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە عێراقدا، بەتایبەتی لە بەشی کوردنشین، لە ئارادا نییە کە کەوتونەتە نێو دوو بەرداشی ئابلۆقەی ئابووری UN و حکوومەتی ناوەندی کە ڕەنگدانەوەیەکی دراماتیکیان لەسەر ژیانی خەڵکەکە هەیە.

هەرێمەکانی نەفڕین لە یۆگسلاڤیای پێشو بە بڕیاری ئە. ئاس. دروستبوون کەچی لە کوردستانی عێراق بڕیاری بۆ دەرنەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (بێجگە لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان) نارەزاییان دەرنەبڕی بەڵکو زۆر لایەن و دەوڵەت پشتگیری ئەم هەنگاوەیانکرد، لە پێشەوەی هەموویان س. گ.

لە یۆگسلاڤیای پێشو فڕۆکە سەربازیەکانی ناتۆ، F16، لە ١٩٩٤/٢/٢٨ چوار فڕۆکەی سەربازی سربیان خستە خوارەوە کە هاتبوونە ناوچە دژەفڕینەکانی بۆسنە. ڕۆژ

(٨٥) هەرێمی نەفڕین پارێزگا کوردنشینەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک دەگرێتەوە کە ٦٥٪ کوردستانی عێراق پێک دەهێنن و، کوردی پارێزگای کەرکووک (شارێکی کوردستانییە) و موسڵ و دیالە و سەلاحەدین و واست ناپارێزێت.

(٨٦) هەرێمی دژەفڕینی شیعەکان، نزیکەی سێیەکی خاکی عێراق پێک دەهێنێ و ئەم پارێزگایانە دەگرێتە خۆ: کەربەلا، نەجەف، دیوانیە، سەماوە، ناسرِیە و بەسرە.

دوای ڕۆژ ڕۆڵی سەربازی وڵاتانی ناتۆ، کە لە لایەن UN ەوە ڕێگەیان پێدراوە، لە گێڕانەوەو دابینکردنی ئاشتی لە یۆگسلاڤیای پێشو ڕوو لە زیادی دەکات[٨٧].

٥) **دەخالەتی دارایی:** بریتییە لەوەی کە UN بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بۆ مەبەست و ئامانجی مرۆیی سەرپەرشتی و ئیدارەی بەکارهێنانی سامانی وڵاتێک بکات. ئەمجۆرە دەخالەتەش، بۆ جاری یەکەم، لە عێراق تاقیکراوەتەوەو درێژەی هەیە و، دەکەوێتە خانەی سزا سەپێنراوەکان. دوای داگیرکردنی کوێت ئەنجومەنی ئاسایش ئابڵوقەی ئابووری بەسەر عێراق سەپاند (خۆراک و داودەرمانی نەدەگرتەوە) و داوای دەست بەسەر داگرتنی سامانەکانی عێراقی کرد لە دەرەوە. دوای ڕزگارکردنی کوێت UN بڕیاریدا خەرجی و مەسروفاتی کۆمەکی مرۆیی لەناوبردنی چەکە ئەتۆمی و کیمیاوی و بەکتریۆلۆجیەکان، قەرەبووی زیانەکانی جەنگ (هی وڵاتان، شەریکات و تاکە کەس) بە داهات و پارەی فرۆشتنی نەوت بدرێتەوە[٨٨]. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمیتەیەک دروستکراوە تا سەپەرشتی فرۆشتنی نەوت بکات، بەتایبەتی بۆ کڕینی خۆراک و داودەرمان بۆ هەموو گەلی عێراق بەبێ جیاوازی نەکردن. بڕیاری ٧٠٦ی ئە. ئاس. ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سێیەکی داهاتی فرۆشتنی نەوت بە خۆراک food for oil formula تەرخان بکرێت بۆ «گەیاندن و دابەشکردنی کۆمەکی مرۆیی بۆ هەموو چین و توێژەکانی عێراق بە یەکسانی و چاودێریەکی شەفافانە». پاشان بڕیارەکە دەڵێ «پێویستە ئەنجومەن عێراق ناچار بکات تا ڕێگە بە ڕێکخراوە هومانیتاریەکان بدات تاکو بتوانن یارمەتی بگەیەننە هەموو ئەو

---

(٨٧) بۆردومانە خەست و بەردەوامەکانی ناتۆ دژی شوێنە سەربازیەکانی سربە بۆسنیەکان لە کۆتایی ئاب و سەرەتای ئەیلوولی ١٩٩٥ بوونە وەرچەرخانێکی گەورەی ئەم ململانێیە. سوپاس بۆ فشاری وڵاتانی ناتۆ لایەنەکانی کێشەکە لە ١٩٩٥/١١/٢١ گەیشتنە ڕێکەوتنی دایتۆن Dayton USA کە بووە هۆی کۆتایی هێنان بەشەڕ و دوا تر لە١٩٩٥/١٢/١٤ لە پاریس مۆریانکرد. ئەمەش بریتییە لە زنجیرە ڕێکەوتنامەیەکی دوولایەنەو فرەلایەنە، لە لایەک لە نێوان ناتۆ و کۆماری بۆسنەوهەرزەگۆڤینە، کرۆئاتیا و کۆماری فیدرالی یۆگسلاڤیا و لە لایەکیتریشەوە زنجیرە ڕێکەوتنێک لە نێوان ئەو سێ کۆمارەی دواوە. بەتایبەتی دەربارەی بۆسنەوهەرزەگۆڤینە چەند میکانیزمێکی دەستوری و نێودەوڵەتی پەسەند کراون تا کو بەرژەوەندی هەر سێ گروپە ئێتنیکە سەرەکیەکەی ئەم وڵاتە بپارێزرێت کە بریتین لە: بۆسنەکان (ئیسلام)، کرۆئاتەکان (کاتۆلیک) و سربەکان (ئەرتەدۆکس).

(٨٨) بۆ چۆنیەتی گێڕانەوی ئەو زیانانە بنوارە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش:
S/Res. 687, 3/4/1991; S/Res. 705, 706, 707,15.08.1991; S/Res. 778, 2/10/1992; S/Res. 986, 14/4/1995.



کەسانەی پێویستیان پێ هەیە لە هەر پارچەیەکی ئەم وڵاتە... هتد». کۆنترۆڵ و شەفافیەت دوو پرنسیپی نوێن بۆ ئەوەی کۆمەکە مرۆییەکان بۆ ئامانجیتر بەکار نەهێن. بەڵام عێراق تاکو ئێستا مەرجەکانی ئە. ئاس. قەبول نەکردیە و نوێنەرەکەشی (نزار حەمدون) لە UN ڕایگەیاند کە «دەرهێنانی ئەو سەلاحیەتانە لە سەروەری عێراق و دانیان بە دەسەڵاتێکی بەرزتر و لەژێر کۆنترۆڵی UN مانای کۆلۆنیالیزمی نوێ دەگەیەنێ، بەتایبەتی لە کاتێک خەرجی و مەسروفاتەکەی لە سامانی عێراق دەدرێت»[٨٩]. ئەمەش بۆتە هۆی درێژبوونەوەی ئابڵوقەکە و برسیکردنی هەموو گەلی عێراق، بەتایبەتی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا ئە. ئاس. بەپێی بڕیاری 687 E, 18-19 کۆمیسیۆنی قەرەبووکردنەوەی[٩٠] لە ژنێڤ دروستکردووە وتاکو ئێستا بە سامانە دەست بەسەرداگیراوەکانی عێراق لە دەرەوە و داهاتی فرۆشتنی نەوت و و فۆندی وڵاتانی بەخشەر قەرەبووی زۆر کەس و خێزانی کردۆتەوە، بەتایبەتی هی سەربازەکانی وڵاتە جۆربەجۆرەکان کە لە کاتی داگیرکردنی کوێت زیانیان پێ گەیشتووە[٩١].

## دۆزی کورد

لەژێر ڕۆشنایی پرنسیپ و هەڵسەنگاندنەکانی پێشەوە هەوڵ دەدەین شێوەو مەودای دەخالەتی مرۆڤیتاری لە کوردستانی عێراق بخەینە ڕوو، بارودۆخەکەش، لە پێش و لە دوای دەخالەتی UN، شیبکەینەوە.

١- **مافی مرۆڤ:** مەبەست لە مافی مرۆڤ بریتییە لە هەموو ئەو مافانەی لە ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانەوە ئاماژەیان بۆ کراوەو لە کۆدی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کۆکراونەتەوە و

---

(٨٩) گۆڤاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئیتالی، La Comunità Internazionale, 1991, p. 643

(٩٠) ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری ٦٩٢ی ١٩٩١/٥/٢٠ فۆندی قەرەبووی دروستکرد تا قەرەبووی ئەو کەس و لایەنانە بکاتەوە کە لە ئەنجامی داگیرکردنی کوێت زیانیان پێ گەیشتووە و، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمیسیۆنەکی پێکهێناوە تا سەرپەرشتی بکات.

(٩١) کۆمیسیۆنی UN بۆ قەرەبووکردنەوە UN Compensation Commission لە ١٩٩٤/٥/٢٦ بە دوو ملیۆن و حەفت سەد هەزار دۆلار قەرەبووی ٦٧٠ کەس و خێزانی ١٦ وڵاتی کردەوە و، لە ١٩٩٥/١٠/١١ بڕیاریدا بە هەشت ملیۆن و دوو سەد هەزار دۆلار قەرەبووی هەندێ شەریکات بکاتەوە، بنوارە: Keesing’s Record of the Word Events", 1994, p. 40032; KRWE, 1995, p." .40797

بەشێوەیەکی گەردوونی و سەرتاسەری دانیان پیانراوە[٩٢]: مافی ژیان، مافی ئازادی دەربڕینی بیروڕاو هەڵبژاردنی ڕێبازێکی سیاسی و ئایینی، هەبوونی مافی دیسکریمیناسیۆن پێ نەکردن لەسەر بنەمای ڕەگەزی و ئایینی و زمان و بۆچوونی سیاسی، مافی پاراستن لە هەموو جۆرە ئەشکەنجەو مامەڵەی نامرۆڤانە، مافی بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات، مافی هەبوونی سیستەمێکی یاسادانانی ئاشکراو سەربەخۆ و ڕێزگرتوو لە مافەکانی مرۆڤ.

راو بۆچوونێکی ناوکۆ، لە نێوان پراکتیکی UN و زانستی یاسا، هەیە، ئەوە دەسەلمێنن کە چیتر مافەکانی مرۆڤ ناکەونە ناو کایەی ڕەهای دەسەڵاتی نێوخۆی دەوڵەت، لەبەر ئەوە هەرجۆرە پێشێلکاریەکی ئەم مافانە بە سەرپێچییەکی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێن.

سەرەڕای ئەوەش هەموو عێراقیەکان، بە کورد و عەرەب و شیعەو سونە و دیانەکان، لە ساڵانی ڕابردوو و ئێستا، لەم مافانە بێ بەش کراون. لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیەوە تاکو ئێستا کەم دەوڵەت هەیە بە قەدەر عێراق پێشێلکاری گەورەی مافی مرۆڤی ئەنجام دابێ. ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەمنستی ئینتەرناشنال، هەر لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانەوە، زۆر بەوردی و بە بەڵگە باسی جینایەتەکانی ڕژێمی بەغدا، بەدژی ئافرەت و پیاو و پیرو منداڵ بەشێوەیەکی پەرتوبڵاو، دەکەن. بەمجۆرە لە عێراق پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بە بەردەوامی و بەبێ ڕاوەستان بۆ پێشەوە ڕۆیشتن و دەڕۆن، بەتایبەتی لە دوای گەیشتنی حیزبی بەعس[٩٣] (لە ١٩٦٨/٧/١٧) و دیکتاتۆری خوێن ڕێژی شەخسی و بنەماڵەی سەدام حوسێن (لە تەموزی ١٩٧٩).

لە عێراق دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادگایی لەبەر دەستی حیزبی بەعسە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەرزترین دەسەڵاتە لە وڵات و لە دوای کودەتا

(٩٢) ڕێکەوتنە هەرە گرنگەکانی مافی مرۆڤ کە بەهای ئیلتیزامیان هەیە بریتین لە: جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤ (١٩٤٨)، کۆنڤینسیۆنی پێشبینکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید (١٩٤٨)، پەیمانامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مافە سیاسی و مەدەنیەکان (١٩٦٦)، پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریەکان (١٩٦٦)، کۆنڤینسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی هەموو جۆرە جیاکاریەکی (دیسکرنکیناسیۆن) لە دژی ئافرەت (١٩٧٩)، کۆنڤینسیۆنی نێودەوڵەتی دژ بە ئەشکەنجەدان و، چەشنەکانی تری یان مامەڵەکردنی توندوتیژ و نا مرۆڤانە یان سوکایەتی پێکردن (١٩٨٧)، کۆنڤینسیۆنی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵ (١٩٨٩).

(٩٣) حزب البعث العربي الأشتراكي



خوێناویەکەی ١٩٦٨ دروست بووە. ڕژێمی بەعس، سوپاس بۆ سەروەت و سامانی وڵات، بۆتە خاوەن دامودەزگایەکی سەرکوتکەری بێ پێشینە. پۆلیسی نهێنی کۆنترۆڵی هەموو لایەنێکی ژیانی هاوڵاتیان دەکات، ئۆرگان و دامەزراوە زۆرەکانی ئاسایش بەبێ هیچ بڕیارێکی یاسایی هاوڵاتیان دەگرن و ئەشکەنجەیان دەدەن، ئەوەش تەنها بۆ ئەوەی ترس و تێرۆر لە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵک بڵاوبکەنەوە[٩٤]. کوشتن و بڕین تەنانەت مندال و پیرو ئافرەتانیشی گرتۆتەوە، لە تەموزی ١٩٨٣ هێزەکانی ئاسایشی عێراق هەشت هەزار پیاو و نێرینەی تەمەن ٨-٧٠ ساڵانی هۆزی بارزانیان گرت و تاکو ئێستا چارەنووسیان نادیارە، لە ساڵی ١٩٨٦یش ٥٠٠ منداڵی کوردیان لە قوتابخانەکان فڕاند و و پاشان بەشێوەیەکی دڕندە لەناویان بردن[٩٥]. ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٨٩ دەربارەی منداڵان، بەمشێوەیە باسی عێراق دەکات.

> ڕەفتاری خراپ و ناشیرین لەگەڵ منداڵان، لە زیندانەکانی عێراق، بۆتە کارێکی ڕۆژانە. منداڵان ئەشکەنجە دەدرێن، زۆرجار ناچاریان دەکەن زانیاری دەربارەی خزم و کەسەکانیان بدرکێنن، تەنانەت ئەو منداڵانەی زۆریش بچووکن بۆ ئەوە بەکار دێنن تاکو ئەندامی خێزانەکانیان ناچار بکەن ئیعتراف بکەن [...] منداڵان بە بێ هۆ و بڕیاری دادگا دەگیرێن دەخرێنە زیندانەوە [...] هەندێ جار منداڵان بە بارمتە لە شوێنی باوک و براکانیان دەگیرێن [...] هەندێ جاریش دوای گرتنیان بۆ ماوەی چەند ساڵ بێ سەرو شوێن ماونەتەوە. منداڵان بەدەستی هێزەکانی ئاسایش ئەشکەنجە دراون.
>
> لە عێراق سزای مردن بەسەر منداڵان بەشێوەیەکی یەکجار زۆر پەرەی سەندوە، هەندێ جار کوشتن و لە سێدارەدان بە بێ بڕیاری دادگایەکی یاسایی بووە، یان تەنها بەبڕیاری دادگا سەربازیەکان و تایبەتیەکانەوە

(٩٤) دەربارەی ئەشکەنجە لە عێراق بنواڕە: ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، ئەشکەنجە لە عێراق (ڕاپۆرتی تایبەت)، ١٩٨٥/٤/١٥، لەندەن، لەم ڕاپۆرتە باسی ٣٠ جۆرە ئەشکەنجەکراوە. د. ولید الحللی، بەرهەڵستکاریکی عێراقی لە کتێبێک، بە وێنە، باسی ٧٠ جۆر ئەشکەنجە دەکات، بنواڕە:
Dr. Walid Al-HILLI, Human rights in Iraq (1968-1988), London, Medi e Reach Ltd 1988, pp. 153-179.

(٩٥) بنواڕە بڕیاری پەرلەمانی ئەوروپی سەبارەت بە گرتن و ئەشکەنجەدانی منداڵانی [کورد] لە عێراق، لە ١٩٨٧/٤/٩. GUCE, n C. 125, p.132 11.05.1987

بووه. زۆر جار هێزەکانی دەوڵەت بە ڕەشبگیری منداڵان دەکوژن. قوتابی و خوێندکارانیش گیراون و بەڕیز لە بەردەم جەماوەر بە ئاشکرا گولله باران کراون و... هتد(٩٦).

لە ساڵانی دیکتاتۆریەتی بنەماڵەی مافی سەدام حوسێن بە دەیان هەزار کەس، لە ئەنجامی ئەشکەنجە و لە سێدارەدان و کوشت و بڕینەکانی دەرەوەی یاسا، گیانیان لەدەست داوە، بە سەدان هەزاری تریش، کە زۆربەیان کوردن، تاکو ئێستا بێ سەروشوێنن.

لە کۆبونەوەی خولی ساڵانەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە UN لە ژانیوبە و مارسی ١٩٩٠ ڕێکخراوە جیهانیە نادەوڵەتیەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ داوایانکرد لە بارودۆخی عێراق بکۆڵرێتەوە، لە هەمان کات (لە شوباتی ١٩٩٠) ڕێکخراویMiddle East Watch- MEW ڕاپۆرتێکی گرنگی دەربارەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە عێراق بلاوکردەوەو ئەمەش هەندێ لە بۆچوونەکانیەتی:

عێراق دەوڵەتێکی پۆلیسی زۆر چوست و بەتینە، بە یەکێک لە ڕژێمە هەرە زۆردارو خوێن ڕێژ و تۆقێنەری ئەم دونیایە لە قەڵەم دەدرێت. حکوومەتی عێراق هاولاتیەکانی خۆی لە ئازادیە سەرەکیەکان بێ بەش کردوە، زۆر بێ بەزەییانەش سەرکوتی بچوکترین و سادەترین شێوەی ئۆپۆزیسیۆنی dissense دەکا. کۆمەلانی خەلک هان دەدا تا تەنها بیر لە پارەو پلەو پایە بکەنەوە. هاولاتیانی عیراق ناتوانن بەئازادی ڕاو بۆچونەکانیان دەربڕن، پارتی سیاسی و ڕێکخراوی پیشەیی دابمەزرێنن. حکوومەت بەزۆر دەیانخاتە بەر شالاوی ڕاگواستن و گرتن، زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان. ڕەشبگیری و کوشتنی بە ئاشکراو گوم کردن بونەتە کاری ڕۆژانەی دامودەزگاکانی دەوڵەت. لە عێراق هیچ ڕێگەیەکی یاسایی نییە تا کەسێک بتوانێ هانا بۆ دادگا لە دژی ئەو پێشێلکردنانە بەرێت.

حکوومەتی عێراق لە ڕێگەی ئەم ئۆرگانانەی خوارەوە دەسەلاتی خۆی بەسەر کۆمەلانی خەلکدا دەسەپێنێ:

(96) AI., Iraq: bambini vittime innocenti della repressione politica, collana Research Papers, n17, maggio 1989, p. 1; Cfr. AI., Bambini, collana Documenti, settembre 1989, , pp. 20-22.



١- حیزبی بەعس، کە مۆنۆپۆلی سیاسەتی لەبەر دەستدایە، پەلی بۆ هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەل ناوە و ئەرکیشی بریتیە لە داسەپاندنی کۆنفۆرمیزمی سیاسی و کۆمەلایەتی.

٢- سیستەمی تۆڕی پۆلیسی نهێنی، کە دەسەلاتێکی یەکجار زۆری هەیە، خۆی لە هەموو شتێک هەلدەقورتێنێ، بە ڕادەیەک عێراق تێکڕا بۆتە ولاتی جاسوس و سیخوڕان. بەم شێوەیە عێراقیەکان، تەنانەت لە مالی خۆشیان، ناوێرن ڕای خۆیان دەربڕن. ئەم سیستەمە بە بەردەوامی هانی ئەندامەکانی خێزان دەدا تا هەریەکە جاسوسی بەسەر ئەوی تر بکا.

٣- پەرستنی کەسایەتی سەدام حوسێن بە فراوانی و بەئاشکرا پیادەکراوەو دەهۆلی بۆ لێ دەدرێ، بەشداریکردنی بەجۆش و خرۆشیش، لەم مەیدانە، بۆتە پێوەرێکی سەرەکی بۆ ئەوەی هەرکەس دلسۆزی خۆی نیشان بدا یان بیەوێ بەپلە و پایەیەک بگا.

٤- پۆلیسی نهێنی، بە هەموو جۆرەکانیەوە، دەسەلاتی تەواوی بۆ گرتن و زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و کوشتن، بەبێ دادگا، هەیە.

ئەم کارە دڕندانەی حکوومەتی عێراقی خۆی لە خۆیدا پێشێلکردنی دەستورو یاساکانی عێراقن. عێراق پەیماننامەی نێودەوڵەتی، سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان، مۆرکردوە هەروەها بە ئارەزومەندانە ئامادەیی خۆی پیشانداوە کە ڕێز لە ڕاگەیاندنی سەبارەت بە پاراستنی هەموو مرۆڤێک لە ئەشکەنجە و ڕەفتاری دلڕەق و نا مرۆیی A/Res. 3452 (xxx), 9/12/1975 بگرێ.

حکوومەتی عێراق لە پێش و لە کاتی شەڕی عێراق - ئێران، بەشێوەیەکی ڕەشبگیری و زۆرەملێ، دەیان هەزار عێراقی (بەپێی هەندێ سەرچاوە ٢٠٠ تا ٣٠٠ هەزار) بۆ ئێران بەدەرنا. ئەوانەش زۆربەیان هاولاتی عێراقی بوون، پێش دەرکردنیان، هەموو مال و سامانیشیان لە لایەن حکوومەتی عێراقی لێ زەوتکرا. حکوومەتی عێراق دانی بەهیچ بەرپرسیاریەک، سەبارەت بەم کێشەیە، نەناوە و تاکو ئێستاش ڕێگەی بەگەڕانەوەیان نەداوە. حکوومەتی عێراق بەرێکوپێک و بەردەوامی چەکی

کیمیاوی لە دژی ئێران بەکارهێناوە، ساڵ و نیوەکیش پێش کۆتایی هاتنی جەنگ لەگەڵ ئێران، ئەو چەکە قەدەغەکراوانەی بەدژی کۆمەڵانی خەڵکی کورد، پێشمەرگە و مەدەنی، بەکارهێنا.

لەکاتی شەڕی عێراق - ئێران حکوومەتی عێراق لە تۆڵەی هێرشەکانی پێشمەرگە، بەشێوەیەکی ڕەشبگیری، کوردێکی زۆری کوشت، هەر لە ساڵی ١٩٨٧، بە بیانوی پاراستنی کۆمەڵانی خەڵکی کورد و دابینکردنی هۆیە مۆدێرنەکانی ژیان، سەدان هەزار کوردی لە گوند و شارو چیاکان بەدەرنا و ناچاری کردن دووبارە ژیانیان لە شارە مۆدێرنەکان (مجمعات) دەست پێ بکەنەوە، لەم شوێنانەی زۆر گەرم و وشکن و بژێوی ژیانیان لێ نییە. بەپێی هەندێ سەرچاوە (کە لایەنی کەمیان گرتووە) حکوومەتی عێراقی، نزیکەی، ١٢٠٠ گوند و شاری کوردەواری وێران کردوە، کورد سەدان و هەزاران ساڵە لەم ناوچانە ژیاون کەچی ئێستا ئەو شوێنانەی لە کۆنەوە کورد بوون چۆڵ و هۆڵە و کەسی لێ ناژی.

ماوەیەکی زۆرە حکوومەتی عێراقی بە یارمەتی و ڕاوێژی چەندەها کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئەمەریکی و یاسایی دەهۆڵ و زوڕنا بۆ خۆی لێ دەدا، مەبەستیشی بریتییە لە شاردنەوەی تاوانەکانی خۆی و دروستکردنی ڕواڵەتێکی پۆزەتیڤ و ڕێز لێ گرتو بەڵام لە هەمان کات لە تۆقاندن و ڕاونانی هاوڵاتییەکانی خۆشی بەردەوامە. ئەم دەهۆڵ کوتانەش لە لایەن کۆمەل و ڕێکخراوە ئەمریکیەکان پاڵپشتیان لێ دەکرێ کە مەبەستیان بریتییە لە بەهێزکردنی پەیوەندیی ئابووری و دیبلۆماسی نێوان USA و عێراق [...] [٩٧].

لەگەڵ ئەوەشدا ک. م. م. هیچ هەڵوێستێکی، دەربارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق، وەرنەگرت[٩٨].

لە دوای شەڕی کوێت و ڕاپەڕینی کورد لە باکور و هی شیعەکان لە خواروو و (ئازار و

(97) MEW., Human Rights in Iraq, Yale University Press, 1990, pp. 128-129.

(٩٨) لە ١٩٩٠/٣/١٧ پڕۆژەی بڕیارێک، دەربارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق، خرایە بەردەم ک. م. م. بەڵام بەزۆربەی دەنگ ڕەتکرایەوە، بنوارە: E/CN. 4/1990/L.85



نیسانی ١٩٩١) دۆکومێنتۆیەکی یەکجار زۆر، سەبارەت بە تاوان و جینایەتی دامەزراوەکانی ڕژێمی عێراق، کەوتنە بەردەستی هێزە بەرهەڵستکارەکان. بەپێی زانیاری ڕاپۆرتنووسی مافی مرۆڤ spécial rapporteur، تەنها لە کوردستان چوار ملیۆن و نیو (٤٫٥) بەڵگەنامەی نووسراو و تۆمارکراوی دەنگ و ڕەنگ دەستیان بەسەرگیراوە، ئەم دۆکومێنتۆیانە لە سەرەتا لەناو ٨٤٧ کیسەی کارتۆن پاراستراون و کێشەکەیان چواردە ملیۆن تۆنە و لە ئایاری ١٩٩٢ بۆ ئەمەریکا گواستراونەوە و خراونەتە بەردەم UN و ڕێکخراوەکانی تری داکۆکی مافی مرۆڤ[٩٩]. لە ئابی ١٩٩٣ یەک ملیۆن دۆکومێنتوی ڕەسمی ڕژێمی عێراق، سەبارەت بە تاوانەکانیان لە دژی گەلی کورد، کە کێشەکەیان چوار تۆن دەبوو، درانە ئەرشیڤی ڕێکخراوی داکۆکی مافی مرۆڤ MEW کە بارەگاکەی لە ئەمەریکایە[١٠٠]. ئەو هەموو بەڵگە و دۆکومێنتۆیانە تەزوو بە دڵی هەموو مرۆڤێکی بە ویژدان دێنن و تایبەتن بە تاوانەکانی ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٩١.

لەم ساڵانەی دواییدا (١٩٩١-١٩٩٥) بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق بەشێوەیەکی دراماتیک ڕووی لە خراپی کردووە، لە کوردستان دوو ئابڵۆقە[١٠١]، بێکاری، برسێتی، بارودۆخی نالەباری قوتابخانەکان، نەبوونی داودەرمان، پەلاماری بەردەوامی لەشکری بەغدا و کردە تیرۆریستەکان بوونەتە هۆی هەژاری و برسێتی و بۆ دواگەڕانەوەی کۆمەڵایەتی و مردن و کوشت و بڕینی دەیان هەزار کەس و، ئاوارەبوونی سەدان هەزار کەسێتر. لە خواروی وڵاتیش کە زۆربەی شیعەکانی تیایە ڕژێمی مستی ئاسنینی

(99) E/CN. 4/1993/45, 15 février 1993, Rapport sur la situation de lhomme en Iraq établi par M. Max Van der Stoel, Rapporteur spécial de la CDH, conformément à la resolution 1991/74 de la commission, p. 6 .

(100) E/CN. 4/1994/58, 25.02.1994, p. 7

(١٠١) دەربارەی ئابڵوقەی ناوخۆی حکوومەتی بەغدا کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری ٢٠٣/٤٩ی ١٩٩٤/١٢/٢٣ (بۆ دەقی بڕیارەکە بنوارە پاشکۆی ژمارە ٣) بەم شێوەیە ناڕەزایی دەربڕی:

Once again expresses its special alarm at the continuation of all internal embargo, which permit no exceptions for humanitarian needs and which prevent the equitable engoyment of basic foodstuffs and medical supplies, and calls upon the Government of Iraq, which has sole responsibility in this regard, to remove them and to take steps to cooperate with international humanitarian agencies in the provision of relief to those in need throughout Iraq and to act to take advantage of the "food for oil formula as set forth in Security resolution 706/1991 and 712/1991 (par. 11)".

بەکارهێناوە، کوشتاری بە کۆمەل بەردەوامە و تەنانەت چەکی کیمیاویشی بەکارهیناوە.

ئابلۆقەی ناوەوەی حکوومەتی بەغدا لە دژی ناوچە کوردنشینەکان ڕێگە لە گەیشتنی داودەرمان و خۆراک و پێویستیە سەرەکیەکانی ژیانیش دەگرێ و، لە زۆر لایەنەوە لە هی UN قورسترە کە بەسەر هەموو عێراق سەپێندراوە. ئەم بارودۆخە پەرێشانەی چوار ملیۆن کورد زۆر بە ئاشکرا و بە بەڵگە لە لایەن نێردراوی تایبەتی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ spé-cial rapporteur و کۆمەڵەی گشتی UN (بنوارە پاشکۆی ژمارە ٣) و ک. م. م.[١٠٢] و پەرلەمانی ئەوروپی[١٠٣] ئاماژەی بۆ کراوە.

لە ساڵی ١٩٩٤ ڕژێمی عێراق هێرشێکی دڕندەی کردە سەر بەرهەڵستکار و ئەوانەی نەیاندەویست خزمەتی سەربازی بکەن و بەگشتی دژی هاوڵاتیان. حکوومەتی سەدام حوسێن لەم پەلاماردانە کۆمەڵە یاسا و سزایەکی نامرۆڤانەی چەرخەکانی ناوەڕاست هێنایەوە گەڕ: ئەتک کردن، لوت و گوێچکە بڕین، داغکردنی نێوچاوان، دەست بڕین و سزای مردن بۆ چەندەها تاوانی جۆراوجۆر. بە باش زانرا هەندێ لەم سزاو بڕیارە ڕەسمیانە (لە پاشکۆی ژمارە ٤) وەکو خۆیان بهێنینەوە.

**ب- جیاوازی ڕەگەزی و پاکتاوکردنی نەژادی:** Racial Discriminations and Ethnic cleaninig دەوڵەتی عێراق هەر لەکاتی دامەزراندنیەوە سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی بەرامبەر بە گەلی کورد بەکارهیناوە و لە ئەنجام لە مافە نەتەوەیی، مافی خویندن و بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن و ئینفۆرمیشن بەزمانی دایک بێ بەشکراون. سیاسەتی دیسکریمیناسیۆن پرۆسەیەکی حکوومی فرە لایەنەی یاسای و ئیداریە کە مەبەستەکەی ئەوەیە ئیمتیازو باڵادەستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و پسیکۆلۆجی و مەعنەوی بداتە گروپێکی دیاریکراوی ڕەگەزی، ئایینی یان زمانی کە زیان بە ماف و

(١٠٢) بڕیارە گرنگەکانی کۆمەڵەی گشتی و کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ بریتین لە: A/Res. 46/134, ; A/Rea. 48/144, 20.12.1993; A/Res. 49/ 17.12.1991; A/Rea.47/145, 18.12.1992 203, 23.12.1994; E/CN. 4/1991/74, 03.03.1991; E/CN. 4/1992/71, 05.03.1992; E/CN. 4/1993/74, 10.03.1993; E/CN. 4/1994/74, 09.03.1994; E/CN. 4/Sub. 2/ 1994/56, n. 14.

(١٠٣) بۆ بڕیارەکانی پەرلەمانی ئەوروپی بنوارە پەرلەمانی ئەوروپی و کێشەی کورد لە:
Parlamento Europeo e la questione kurda, in "Pace, diritti Jasim Tawfik Mustafa, delluomo, diritti dei popoli", Padova, 1993, n. 1, pp. 117-143.



بەرژەوەندی ڕەوای گروپ و ڕەگەز و ئایینەکانی تری وڵاتەکە دەگەینێ[١٠٤].

بەگەیشتنی حزبی بەعس بەدەسەڵات ڕۆژ دوای ڕۆژ حکوومەتی عێراق هەوڵی زۆرتری دەدا و بڕیاری نوێی دەردەکرد بۆ ئەوەی کورد لە ژیانی سیاسی و کولتووری و ئابووری وڵات بەلاوە بنێ. پاکتاوکردنی نەژادی واتایەکە کە بەم زووانە، لە دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە یۆگسلاڤیای پێشوو[١٠٥]، باسی لێوەدەکرێ و، لە لایەن یاساناس و شارەزاکان بەپرۆسەیەک ناسراوە کە دەیەوێت دانیشتوانی خاک یان هەرێمێکی دیاریکراو لە ڕووی ڕەگەز و ئایین و زمان وەکو یەک لێ بکات و گروپەکانی تر لەناو بەرێت یان دەربکات. پەرلەمانی ئەوروپی لە بڕیاری ١٩٩٤/٤/٢٠، دەربارەی پاکتاوکردنی نەژادی ڕایگەیاند کە «پاکتاوکردنی نەژادی دەبێتە هۆی لەناوبردن (جینۆساید) و سڕینەوەی فیزیکی و سیاسی و کولتووری یەک یان زۆرتر گروپی ئێتنی لە لایەن ئەو بەشە یان گروپەی دانیشتوانی وڵات کە دەسەڵاتی لە دەست دایە. ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی مافە یاسایی، سیاسی، خوێندن و پەروەردە و ئایینیەکان تاکو هەموو توخمەکان وەکو یەک لێبکات یانیش لە ڕێگەی کۆچ پێکردن و جیاکردنەوەیان بەخورتی لە ڕووی ڕەگەزیەوە لە بریتی بەیەکەوە ژیانی گروپە ئێتنیەکان»[١٠٦]. پەکتاوکردنی نەژادی دەکرێ لە ڕێگەی یاساو بڕیار و هۆیەکانیی تری ڕەسمی حکوومی نا چەکداری جێبەجێ بکرێت یانیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژی (ڕاگواستن و بەدەرنانی هاوڵاتیان بە زۆرەملێ و خورتی). لە ڕاستی زۆر بەدەگمەن ڕێک دەکەوێ کە حکوومەتێک بە ڕەسمی ڕابگەیەنێ کە سیاسەتی دیسکریمیناسیۆن بەرامبەر گروپێکی ئێتنی دیاریکراو بەکاردێنێ بەڵام لە

(١٠٤) بەپێی بەندی یەکەم لە کۆنڤێنسیۆنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە نەهێشتنی هەموو جۆرە دیسکریمیناسیۆنەک کە لە ١٩٦٥/١٢/٢١ مۆرکراوە و لە ١٩٦٩/١/٤ کەوتۆتە کارەوە سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی (دیسکریمیناسییۆن) بەمجۆرە پێناسەکراوە:
«لەم کۆنڤێنسیۆنە واتای دیسکریمیناسیۆن بریتیە لە جیاوازیکردن، بە لاوەنان (دەرگا داخستن بەڕوو)، تەگەرە خستنەڕوو یان خاترگرتنێک کە لەسەر بناغەی ڕەگەز، ڕەنگی پێست، ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یان ئێتنی بکرێت و لە حاڵەتی یەکسانیی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری یان هەرجۆرە مەیدانێکی ژیانی گشتی هاوڵاتیان ئیمتیازی پێ بدرێ»

(١٠٥) سەبارەت بە پاکتاوکردنی نەژادی لە یۆگسلاڤیای پێشو بنوارە: Drazen Petrovic, Ethnic clea-ninig an attempt at methology, in "European Journal of International Law", 1994, n. 5, pp. 342-359.

(106) GUCE, n. C/128, 09.05.1994, p. 221

ڕەفتارو لە کردار ڕێگە و هۆیەکانی ئەم سیاسەتە بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێن و دەناسرێنەوە(١٠٧). بەهەرحاڵ سیاسەتی جیاوازیکردن و پاکتاوکردنی نەژادی بەرهەمی یەک پرۆسەن و، وێنەی هەردوو لای یەک مەدالیان(١٠٨).

لە ڕووی کولتوورییەوە کورد پشتگوێ خراون، ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن، هەرچەندە ڕێژەیان دەگاتە ٢٨ ٪ لەسەر دانیشتوانی وڵات کەچی ڕێگەیان پێ نەدراوە ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەفزیۆنیان بەکوردی هەبێ. لەسەر ئاستی سیاسی کورد بێبێشکراوە لە بەشداریکردن لە دەسەڵاتی یاسایی و جێبەجێکردن و دادوەری کە لە ڕووی دێفاکتەوە هەمووی لە دەستی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدایە کە ئەندامەکانی هەموو عەرەبن. هیچ کوردێک (تەنانەت جاشەکانیش) هەرگیز پۆستی وەزارەتی نێوخۆ، دەرەوە، پیشەسازی، دادوەری، بازرگانی و کولتووری پێ نەسپێردراوە. لە کوردستان حکوومەت، جگە لە پرۆژە سەربازیەکان و تۆقاندن و ڕاونان، پارەو سامانی وڵات ناخاتە گەڕ بۆ

(١٠٧) بۆ نموونە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، لە ڕووی پێشکەوتن، بایەخەکی کەمیان بە کوردستان داوەو دەدەن، پرۆژەکانی پێشەکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری کورد ناگرنەوە. هەروەها ئەم دەوڵەتانە زۆرجار ئەوە ڕادەگەیەنن کە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستانی وڵاتەکەیان بەهەرێمی ستراتیجی لە قەڵەمدەدن، لە ئەنجام دانیشتوانەکەی ناچار دەکرێ زێدی باب و باپیریان بەجێ بهێڵن و بەبێ ئەوەی قەرەبوو بکرێن. لە نموونە تازەکانی ئەم سیاسەتە تورکیایە کە لە سالآنی هەشتاکان دەستی بەدروستکردنی پرۆژەیەکی ئیدرۆپۆلیتیک کردووە بەناوی گاپ Guneydogu Anadolu Projesti GAP بۆ ئەوەی سوود لە سامانی ئاوی دیجلەو فورات وەربگرێ. ئەم پرۆژەیە تا ئێستا بۆتە هۆی چۆڵکردن و وێرانکردنی زیاد لە هەزار گوند و باژێری کوردان و کۆچ پێکردنی ملیۆنەها دانیشتوانی ناوچەکان. بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە: جاسم تۆفیق مستەفا، کوردستان: گەشەکردن بەهۆی بارودۆخی شەڕو چەوساندنەوەی ئێتنی لە پەلوپۆ کەوتووە (بە زمانی ئیتالی، پیزە، ١٩٩٥)،
Jasim Tawfik Mustafa, Kurdistan: uno sviluppo bloccato dalla guerra e dalla repressione etnica, Pisa, 1995.

(١٠٨) بڕیاری کۆمەڵەی گشتی (ژمارە ٤٧/ ١٢٠ی ١٨/ ١٢/ ١٩٩٢) سەبارەت بە پاکتاوکردنی نەژادی و ڕق و کینەی ڕەگەزی: A/Res. 47/120, 18/12/1992 لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مافی مرۆڤ (٢٥/٦/١٩٩٣، ڤیەننا) هەڵوێستەی لەسەر واتای پاکتاوکردنی نەژادی کردو لە کارنامە بە توندی ئیدانەی کرد (بەندی ٢٨ لە بەشی ١ و بەندەکانی ٢٣-٢٤ لە بەشی ٢ لە کارنامە). هەروەها لە بڕیاری ١٩٩٣/٩٢٧ی ئەنجومەنی ئاسایش کە دادگای تاوانەکانی یۆگسلاڤیای پێشوی لەسەر دروستکراوە، زۆر بە توندی ئیدانەی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی دەکات و دەسەڵات دەداتە دادگا تا هەوڵی دەستگیرکردن و سزادانی بەرپرسانی ئەم سیاسەتە بکات.



ئاوەدانی و پێشکەوتنی ناوچەکە، قوتابخانە و نەخۆشخانە ژمارەیان زۆر کەمە، هیچ جۆرە دامەزراوێکی پیشەسازی گرنگ لە هەرێمەکەدا وجودی نییە.

بێجگە لەمانە تەهجیر و ڕاگواستنەوەی بەخورتی، تا ساڵی ١٩٩٠، بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان گەیشتۆتە دۆخێکی یەکجار دراماتیک و ترسناک، نزیکەی دوو لەسەر سێی دانیشتوانی کوردستان لە زێدی باب و باپیریان، لەژێر هەڕەشە، بەمەودای ٥٠٠ تا ١٠٠٠کم دوور خراونەتەوە و بەشیکیان براون بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق، ئەوەی مابووەوەش لە چەند شارێکی گەورە کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی توندوتیژی سەربازی و پۆلیسی. بۆ ئەوەی بیرێکی بچوکمان دەربارەی ڕاگواستن و کاولکردنی کوردستان هەبێ ئەم خشتەیەی خوارەوە بەنموونە دەهێنینەوە(١٠٩):

| | کاولکردن | | | | ڕاگواستن | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | گوند | فێرگە | مزگەوت | نەخۆشخانە | ژ. خێزان | ژ. کەس |
| هەولێر | ٧٥٣ | ٤٩٠ | ٦٢٩ | ٤٤ | ٣٥٩٧٦ | ١٨٤٨٥٤ |
| سلێمانی | ١٥١٩ | ٩٢٥ | ١٣٢٧ | ١٨٧ | ١٢٦٠٨٨ | ٦٦١٩٦٢ |
| دهۆک | ٦٣٣ | – | – | – | ٢٠١٢٩ | نەزانراوە |
| کەرکووک | ٤١٨ | ١٦٠ | ١٩٠ | ٢١ | ١١٦٩٤ | ٦١٣٩٤ |
| مووسڵ | ٦٤١ | – | – | – | ٤٣١٤ | نەزانراوە |
| دیالە | ٢٣٥ | ١٠٣ | ٢٠٠ | ١٣ | ١٣٦٨٦ | ٧١٨٥٢ |
| تکریت | ١٣٥ | ٧٩ | ١١١ | ٦ | ٨٩١٣ | ٤١٦٩٦ |
| هەمووی | ٤٠٣٤ | ١٧٥٧ | ٢٤٥٧ | ٢٧١ | ٢٢٠٨٠٠ | ١٠٢١٧٥٨ |

تێبینێ: لە خشتەکەدا

١- ژمارەی فێرگە، مزگەوت و نەخۆشخانەکانی ناوچەی دهۆک و موسڵ نەزانراوە،

٢- ژمارەی گوندەکانی مەندەلی و بەدرەو عەلی غەربی سەر بە دیالە و واسیت و میسان نەزانراوە،

٣- ژمارەی گوندەکانی سەر بەسەعدیە و خانەقین نەزانراوە.

(109) Shorsh Mustafa RESOOL, Genocide mass deportation, 3839 villages and towns destroyed in Iraqi Kurdistan, s. l., Information PUK, brossura, 1989, pp.379.
ئەم کتابە (لێکۆلینەوەیە) کارێکی زۆر گرنگ و بەنرخە و بە بەڵگە ناوی ٣٨٣٩ گوند و شاری کوردنشین دەهێنێتەوە کە لە ماوەی سالآنی ١٩٧٣-١٩٨٩ لە لایەن ڕژێمی عێراق کاول کراون.

بەدەستپێکردنی شەڕی ئازادکردنی کوێت و ڕاپەڕینی کورد لە بەهاری **١٩٩١** زۆربەی ئاوارەو ڕاگوێزراوەکان گەڕانەوە هەرێمی نەفڕین و ئارام کە لە لایەن کورد خۆیانەوە ئیدارە دەکرێن. کەچی کوردی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی ڕژێمی سەدام حوسێن، بەتایبەتی دانیشتوانی ئەو شوێنانەی نەوتیان تیا هەیە، بە بەردەوامی ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ دەکرێ و دەردەکرێن بۆ ناوچەکانی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. لە **١٩٩٢/٧/١٣**، **٤٠** خێزانی کورد لە شاری کەرکووکی پڕ نەوت، پاش ئەوەی دەست بەسەر ماڵ و سامانیان گیرا، دەرکران[١١٠]، **١٥** مالی تریش، لە شارۆچکەی (الجبارە)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک، لە ئابی **١٩٩٢** بە هەمان شێوە دوورخرانەوە[١١١]. لە ساڵی **١٩٩٣** ڕژێمی بەغدا، لە پارێزگای کەرکووک، بەردەوام بوو لە دەرکردن و کوشتنی ئەو هاوڵاتیانەی بەڕەگەز عەرەب نەبوون، مەبەستی سەرەکیشی تەعریبکردنی ناوچەکەبوو[١١٢]. پرۆسەی بەدەرنانی کورد لە ناوچەکانی ژێر دەستی حکوومەتی بەغدا، بەتایبەتی لە پارێزگای موسڵ و کەرکووک، بەردەوامە و بۆ پێشەوە دەچێ. لە ئەیلوولی **١٩٩٥** چەندەها گەڕەک و کۆڵانی کوردنشین لەم پارێزگایانەی سەرەوە، بە بیانوی دروستکردنی شەقام و پارکی نوێ، تێکدراون و ڕێگەش بەم کوردانە نەدراوە خانو و زەوی لە شوێنی تری ئەم شارانە بکڕن[١١٣].

پرۆژەی بەدەرنانی کورد لەو شار و ناوچانەی نەوتیان تیایە قاوغێکی یاسایشی بەخۆیەوە بینیوە، ئەنجومەنی قیادەی سەورە بەبڕیاری ژمارە **١٣٩١**ی **٢٠/١٠/١٩٨١** نەخشە و پلانێکی فراوانی بەدەرنانی کوردی لە پارێزگای کەرکووک ڕاگەیاند. ئەوە دێنینەوە بیر کە لە کاتی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، لە ساڵی **١٩٢٠**، ڕێژەی هاوڵاتیانی عەرەب لە پارێزگای کەرکووک تەنها[١١٤] **٨٪** و لە دوا سەرژمێری

(١١٠) ڕۆژنامە خەبات، **١٩٩٢/٧/٢٢**

(١١١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(112) E/CN. 4/1994/58, pp. 11, 55-56

(١١٣) ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ٢٤ ئۆکتۆبەرو ٢١ نۆڤەمبەری ١٩٩٥.

(١١٤) لە کاتی دانوستانی کۆنفرانسی لۆزان نوێنەری حکوومەتی تورکیا، عیسمەت پاشا، دەیووت دانیشتوانی لیوای کەرکووک پێکهاتووە لە: ٩٧٠٠٠ کورد، ٧٩٠٠٠ تورک، ٨٠٠٠ عەرەب. کەچی نوێنەری حکوومەتی بەریتانیا، لۆرد کورزن Lord Curzon دەیووت دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک پێکهاتووە لە: ٤٥٠٠٠ کورد، ٣٥٠٠٠ تورک، ١٠٠٠٠ عارەب، ٦٠٠٠ دیان و ١٤٠٠ جولەکە.



باوەڕپێکراوی ساڵی **١٩٥٧** کورد زۆرینەی دانیشتوانی پێک دەهێنا[١١٥].

سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی ڕژێمی سەدام حوسێن، جگە لە دەرکردن و بەدەرنان، لە سێ لایەنی تر ئاراستەی کورد دەکرا: ١) هاندانی عارەبەکان تاکو بۆ ناوچە کوردنشینەکان کۆچ بکەن و، ئیمتیازی ئەوەشیان هەبوو پارچە زەوی و هەندێ پارەیان، بەخۆڕایی، پێ بدرێت[١١٦]، ٢) دروستکردنی یەکەی ئیداری نوێ تا زیان بەیەکێتی جوگرافی و کولتووری کورد بگەیەنێ[١١٧]، ٣) سەرکوتکردن و بەلاوەنانی کورد لە شوێنە ستراتیجیەکان.. ئەم سیاسەتە هەموو کوردستانی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە ناوچە نەوتاویەکان پیادەکراوە و، تەنانەت لە دوای بڕیاری **٦٨٨**ی ئەنجومەنی ئاسایش ڕانەگیراوە. ماکس ڤان دێر شتۆیڵ Max van der Stoel، لێپرسراوی UN بۆ چاودێری بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی ئاماژە بە چەندەها بەڵگەی نهێنی top secretی حکوومەتی بەغدا دەکات کە پەیوەندیان بەسیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی، لە دژی کوردان، هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارودۆخ و سیاسەتە وەکو پێویست، لە لایەن شارەزاو ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ، دیراسە نەکراوە. لە بڕیاری کۆتایی کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەسەر مافی مرۆڤ (ڤیەننا-**١٩٩٥**) ئاماژە بەوە کراوە کە «هەموو ئەو کەسانەی، بەهەر شێوەیەک، بەشداری لە جێبەجێکردنی تاوانی پاکتاوکردنی

(١١٥) بەپێی سەرژمێری ڕەسمی ١٩٥٧ کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی ئەوکات بڵاوکراوەتەوە دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک پێکهاتبوو لە: ١٨٧,٥٩٣ کورد، ١٠٩,٦٢٠ عارەب، ٨٣,٣٧١ تورک. الاحصاء عام ١٩٥٧، وزارە داخلیە، بغداد، ١٩٥٧، لواء کرکوک، ل ١٤٣.

(١١٦) بنوارە ئەو بڕیار و بەڵگە ڕەسمیانەی حکوومەتی بەغدا کە لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٩٤ی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی سەر بە UN بڵاوکراونەتەوە: E/CN. 4/1994/58, cit, p. 90

(١١٧) پێوانەی عێراق ٤٣٨٤٤٦ کیلۆمەتری چوار گۆشەیە و بەشی کوردستانیش ٧٨٧٣٦ کم٢ و ١٨٪ عێراق پێک دێنێ. عێراق، لە ڕووی ئیداریەوە بۆ سەر ١٨ لیوا دابەشکراوەو بەرەسمی تەنها ٣ لیوا کوردین (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، ناوچەکانی تر کوردستان کەوتونەتە سەر سنووری هەموو لیوای کەرکووک و موسڵ (بێجگە لە قەزای موسڵ و بەعاج و حەزەر) و قەزای دوز و خانەقین و کفری و مەندەلی و بەدرە کە سەر بە لیوای سەلاحەدین و دیالە و واستن کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان عارەبن و لە ڕووی مێژووییشەوە هیچ جۆرە پەیوەندیەکی کولتووری و ئابووری و جوگرافیان لە نێواندا نەبووە، کەواتە دەتوانین بڵێین کە ناوچە کوردنشینەکان کەوتونەتە سنووری ئیدارەی ٨ لیوای عێراق. زانیاری ئەم پەڕاوێزە لە خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی جوگرافیای سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق وەرگیراوە کە لە گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەولی) ژمارە (١٥)ی ساڵی ١٩٩٥، لل ٥- ١٣ بڵاوکراوەتەوە.

نەژادی دەکەن یان بەڕەسمی ڕێگە بە کەسانی تر دەدەن ئەوە بە شەخسی بەرپرسیارن [...] و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ هەموو وزەو توانای خۆی بەکار بهێنێ تا بەرپرسانی ئەم تاوانانە ببرێنە بەردەم دادگاو بە سزای خۆیان بگەن [...] » و بانگەواز بۆ دەوڵەتان دەکات تا «دەمودەست بەتاک یان بەکۆمەڵ ئەو ڕێگە و هۆیانە بگرنە بەر بۆ لەناوبردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی و ئەم پڕاکتیک و ڕەفتارانە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنن. قوربانیەکانی ئەم سیاسەتە نەگریسیە مافی قەرەبووەکی شیاو و بەکاریان هەیە (بەندی ٢٣-٢٤)».

**ج- ئەنفال:** ئەنفال «دەسکەوت وتالانی شەڕ» زاراوەیەکی عەرەبیە و لە قورئان بەکارهاتووە، سورەتی هەشتەم لە قورئان ناوی ئەنفالە کە لە ساڵی ٦٢٤ز، لە کاتی شەڕی بەدر لە نێوان ئیسلام و کافرەکانی مەکە، هاتۆتە خوارەوە. لەم شەڕە ئیسلامەکان سەرکەوتن، هەندێ گیروگرفت لە نێوان ئیسلامەکان سەری هەڵدا؛ پیرەکان کە ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕەکەیان نەکردبوو داوای بەشی خۆیان دەکرد لە تالانەکە، پێغەمبەر (د.خ) سورەتەکەی بەیانکرد کە پڕیەتی لە وشەو بۆچوونی دڵ ڕەق و بێ بەزەیی(١١٨).

(١١٨) لێرەدا چەند ئایەتێک لە سورەتی ئەنفال دەهێنینەوە.

لە بابەت ئەنفالەوە لە تۆ دەپرسن، بڵێ: ئەنفال (دەسکەوتی جەنگ و هەر جۆرەماڵی بێ خاوەنە) تایبەتی خواو پێغەمبەرە، جا لە (مل بادان لە فەرمانی) خوا خۆبپارێزن و ناوبژی خۆتان بکەن و یەکتر ئاشت بکەنەوە، وە لە خواو پێغەمبەر ئیتاعەت بکەن ئەگەر بڕوادارن [...] بێنەوە بیر کاتێ کە پەروەردگارت وەحی بۆ مەلائکە نارد، بەڕاستی من لەگەڵ ئێوەم، جا کەسانی کە بڕوایان هێناوە پتەو ڕایان گرن، ئێمە ترس و وەحشەت ئەخەینە ناو دڵ و هەناوی کافران و بێ بڕوایان، جا بە توندی بکوتن بەناو تەوقی سەریاندا و وە هەموو پەنجەکانیان وورد بکەن (دەس و پێیان لە کار بخەن). ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە لەگەڵ خواو پێغەمبەری خوا دژایەتیان کرد و هەرکەسیش لەگەڵ خواو پێغەمبەری خوا دژایەتی بکا (سەخت سزا ئەدرێ)، جا بەڕاستی عەزابی خوا سەختە. ئەمە سزای ئێوەیە، جا بچێژن و بزانن بەڕاستی بۆ کافران (لەو دونیا) سزای ئاگر هەیە [...] وە ئەگەر لەسەرە مەرگا چاوت بەکافران بکەوێت کە مەلائیکە دەیان مرێنن، لەو حاڵەدا دەبینی کە لە دەم و چاو و پشتیان ئەدەن و دەڵێن: ئازاری سوتێنەر بچێژن [...] بەدفەڕترینی (جفۆک و جولندەکان) لای خوا کەسانێکن کە ڕێگای کوفریان گرتۆتەبەر و بڕوا ناهێنن [...] ڕێگە بە هیچ پێغەمبەرێک نەدراوە دیل ڕاگرێت بەبێ ئەوەی کوشتاری کافران بکات لە مەیدانی جەنگ قورئان بەزمانی ئیتالی، Il Corano (con note critico-illustrative del Dott. L. BONELLI), Ulrico Hoepli, Milano, 1987 "sura VIII" بەراوردی پێکراوە لەگەڵ قورئان کەریم، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی مامۆستا محمد صالح ابراهیمی، قوم، چاپخانەی ئەسوە، ١٤١٧ک.



لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧ز تا کۆتایی ١٩٨٩ز ڕژێمی سەدام حوسێن زنجیرە هێرشێکی، بەناوی ئەنفال، کردە سەر کوردستان، گوند و شارەکانی وێران کرد و بە تالان برد، کورد بەوە گوناهبار کرا کە گوایە دڵسۆز و لایەنگری سیاسەتی شۆڕەسواری نەتەوەی عەرەب نییە.

لە کاتی شەڕی عێراق -ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨) ڕای گشتی جیهانی هەستی بەوە نەدەکرد - یان چاوی لێ دەپۆشی؟ - کە بەسەر کوردی هەردوو وڵاتدا دەهات. ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەکو UN خۆیان تەنها بەشەڕی نێوان هەردوو دەوڵەت خەریک دەکرد و چاویان لە هی ناوەوەی دژ بەکۆمەڵانی خەڵکی کورد دەپۆشی. لەم حاڵەتەشدا هەردوو دەوڵەت، بە بیانوی شەڕ، هەوڵیان دەدا بەیەکجاری قڕانی کورد بکەن و خۆیان لەم کێشەیە ڕزگار بکەن.

لەم هەلومەرجە عێراق هەموو سنوورەکانی بێ بەزەیی و وەحشیەتیی پساند کە مێژوو بە خۆیەوە بینی بێت لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی. لەسەرەتای ١٩٨٧ز ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (ئە. س. ش.)، بەرزترین دەسەڵاتە لە عێراق و لەژێر ڕێبەری سەدام حوسێن پڕۆژەیەکی، بە ناوی ئەنفال، داڕێژت و زنجیرە هێرشێکی بۆ لەناوبردنی کورد دەست پێ کرد.

لێرەدا هەوڵدەدەین باسی هەندێ لایەنی ئەم پڕۆژە جنایەتکاریە بکەین کە دەکرێ بەنەخشە و پلانی قڕان پێناسە بکرێت(١١٩).

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ قۆناغەکی هەرە تراژیدی لە مێژووی کوردی عێراق دەست پێدەکات: وێران کردنی سیستێماتیکی شارو گوند، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، گرتنی بەکۆمەلی خەڵکی سیڤیل و گوم کردنیان و... هتد، هەموو ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە لە بیری کۆمەڵانی خەڵک تاکو ئێستا وەکو شتێکی زیندوو ماون.

حکوومەتی بەغدا، بۆ جێ بەجێکردنی پڕۆژەی ئەنفال، ٣٠٠,٠٠٠ (سێ سەد هەزار) سەرباز و جاش و پیاوەکانی ئاسایشی لە ناوچە کوردیەکان کۆکردەوە و دەستی بە ڕاوە کورد کرد: ٢/٣ (دوو لەسەر سێ)ی خاکی کوردستان وێران کراو بە ناوچەی یاساخ ناو

(١١٩) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بنواڕە: جاسم تۆفیق خۆشناو، قڕانی کورد کێشەیەکی ناوخۆیە؟ Il genocidicio dei Kurdi è un affare interno?, in "Pace, diritti delluomo, diritti dei popoli", Padova, 1990, n. 3, pp. 125-132

نران، زیندەگی مرۆڤ و ئاژەڵ تیا نەهێشترا. کورد هاواری قڕانی بەرز کردەوە بەڵام کەس نەیویست گوێ ڕاگرێ و باوەڕ بکات. تەنها دوای ئەوەی دۆکومێنت و بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەغدا، سەبارەت بەپڕۆژەی ئەنفال، کەوتنە دەستی کورد توانراوە تیشکی ڕووناکی بخرێتە سەر ئەو تاوانانەی دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراون، کە لە زۆر لایەنەوە، خراپترن لەو مێتۆدانەی کە لە لایەن نازیەکانەوە، لە دژی جولەکەکان، بەکار هاتوون[١٢٠].

دامودەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێم، بۆ ئەوەی دڵسۆزی و وەفاداری خۆیان بۆ سەرۆک پیشان بدەن، هەموو تاوان و جینایەتەکانی خۆیان دژی کورد بە بەڵگە پاراستووە. وێرانکردنی گوندەکان بە دینامێت TNT، کوشتنی بە کۆمەڵ، پاکتاوکردن و زۆرلێکردنی نەژادی و ئەشکەنجەی گیراوەکان بە ڤیدیۆ گرتووە. وتارە ترسێنەرەکانیان، بە دژی کورد، تۆمار کردووە، یاساو بڕیار و فەرمانەکانی سەبارەت بە کارو کردەوە جینایەتیەکانی خۆیان لە کوردستان نووسیووەتەوەو مۆر کردووە.

هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت، لە هەرە بەرزەوە - سەدام حوسێن- تاکو سوپای نیزامی، پۆلیس، ئاسایش (مەدەنی و سەربازی) و سەرکردە ناوەندیەکان بەشێوەیەکی ورد و ڕێکوپێک بە بەڵگە و دۆکۆمێنتۆ باسی قۆناغەکانی پڕۆژەی ئەنفالیان کردووە. ئەوەتە بەرپرسەکانی ڕژێمی بەغدا لە زۆر بۆنەی جیا جیادا دانیان بە بوونی پڕۆژەی ئەنفال ناوە (بنواڕە وەڵامی مەکتەبی سەرۆکایەتی سەدام حوسێن بۆ سکاڵای هاوڵاتیەک کە لە دواوە ئاماژەی بۆ کراوە). تەنانەت ڕۆژنامەوە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی عێراقیش باسی هێرشەکانی ئەنفالیان کردووە و هەموو ساڵێک لە ڕۆژانی ١٦ و ١٧ ئازار (ڕۆژانی بۆردومانی هەڵەبجە لە ١٩٨٨) یادی ئەو هێرشانە دەکرێنەوە.

(١٢٠) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی هێرشەکانی ئەنفال بنواڕە ڕاپۆرتەکانی ک. م. م./E/CN. 4/1992/31, 18/2/1992, Rapport sur la situation des droits de l'homme en Iraq etabli par M. Max van der SOTEL, Rapporteur Special de la Commission des droits de l'hommem conformement à la resolution 1991/74, pp. 100; E/CN. 1993/45, 15/2/1993, pp. 126; Middle East Watch, Hidden Death: Land Mines and Civilian Casualties in Iraqi Kurdistan, New York, 1992; MEW & Physician dor Human Rights -PHR, Unquiet Graves: The Search for the Disappeared in Iraqi Kurdistan, New York-London, 1992; MEW & PHR, The Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan: The Destruction of Koreme, New York - London, 1993; MEW., Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds, USA, 1993, pp. XXX - 370.



بەچاوپیاخشاندنێکی بەپەلەی بەڵگەکان دەردەکەوێ کە ئە. س. ش. بە بڕیاری ژمارە ١٦٠ی ١٩٨٧/٣/٢٩ کە لە لایەن خودی سەدام حوسینەوە مۆرکراوە، دەسەڵاتی نائاساییی حوکمی قەرە قوشی داوەتە مارشال علی حسن المجید[١٢١]، کوڕی مامی دیکتاتۆر سەدام حوسێنە، لێپرسراوی حیزبی بەعس لە هەرێمی کوردستان و هەموو هێرشە سەربازیەکانی دژ بە بەرگری کورد بوو، لە ساڵانی هەشتاکان. بەو بڕیارە هەموو هێزەکانی دەوڵەت (زەوی، ئاسمانی و دامودەزگاکانی ئاسایش) کەوتنە ژێر دەستی عەلی حەسەن بۆ ئەوەی ئاشتی و هێمنی بۆ شیمال حەبیب بگەڕێنیتەوە. بەبڕیاری ژمارە ٢٧١ی ١٩٨٩/٤/٢٣ ئەم دەسەڵاتە لە عەلی حەسەن وەرگیرایەوە پاش ئەوەی ئەرکەکەی خۆی جێ بەجێ کردبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا پڕۆژەکانی ئەنفال: کوشتن و بڕینی سەرشێتانە، وێرانکردنی شار و گوند، دوای ئەو بڕیارەش، هەر بەردەوام بوون و بۆ پێشەوە دەبران. هەرچەندە تەنها لە ساڵی ١٩٨٧ بەڕەسمی ئەنفال ڕاگەیەندراوە، بەبۆچوونی ئێمە، لە ڕاستیدا، زۆر پێش ئەوە دەستیان پێ کردبوو بەڵام ئەوها دڕندەو بەئاشکرا نەبوو. هەندێ لەو ڕێگا و مێتۆدانەی، بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئەنفال بەکارهاتوون، بریتین لە:

١- چۆڵکردن و وێرانکردنی گوند و شارەکانی کوردستان.

٢- ڕاگوازتنی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو گوند و شارانە بۆ خوارووی عێراق یان خڕکردنەوەیان لە شارە گەورەکانی کوردنشین و لەژێر چاودێریەکی توندوتیژی حکوومی.

٣- دروستکردنی ناوچەی قەدەغەکراو (المناطق المحرمة) کە ٣/٢ کوردستانی گرتبووە خۆ، لە ئەنجامیش بڕیاری کوشتنی هەر کەسێک درابوو کە بچێتە ئەم ناوچانە[١٢٢].

٤- مین ڕێژکردنی ناوچە قەدەغەکراوەکان، ئەمڕۆ یەکێک لە گیروگرفتەکانی کوردستانی عێراق بوونی ملیۆنەها مینی سەدام حوسێنە کە زۆربەیان لە ئیتالیا دروست کراون، قوربانی ئەم مینانەش بە زۆری مندااڵنن. بەبۆچوونی کەسانی شارەزا کوردستانی عێراق

(١٢١) علی حسن المجید پاش ئەوەی فەرمانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دا لە کوردستان بە عەلی کیمیاوی ناوی دەرکرد، میدیاکانی جیهانیش بە قەسابی کوردستان ناویان برد. پاش داگیرکردنی کوێت علی حسن المجید کرا بە حاکمی ١٩ یەم پارێزگای عێراقی لە کوێت.

(١٢٢) بنواڕە دەقی بڕیارەکەی عەلی حەسەن مەجید سەبارەت بە دانانی ناوچەی یاساخ و کوشتنی ئەوکەسانەی سەرپێچی لە بڕیارەکە دەکەن لە.E/CN. 4/1993/45, cit., p. 83

پێویستی بە پەنجا ساڵ هەیە تاکو هەموو مینەکان بدۆزرێنەوە و هەڵبگیرێنەوە و لەناو ببرێن[١٢٣].

٥- دانانی ئابڵوقەی ئابووری و پزیشکی لەسەر ئەو ناوچانەی هێزی پێشمەرگە (پ.م.) چالاکی تیا دەکرد.

٦- بۆردومانی خەست و بەردەوام بەهێزی ئاسمانی و تۆپی دوورهاوێژ (سکەدی زەوی - زەوی) ئەو ناوچانەی بارەگاکانی بەرگری کوردیان تیا بوو.

٧- بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، لە دژی بەرگری کورد،. بۆ ماوەی دووررودرێژ، بەشێوەی شەلم کوێرم ئەوەی بێتە پێشم نایبوێرم.

٨- سەرژمێری کۆمەڵانی خەڵک بەشێوەیەکی ورد بۆ ئەوەی بزانێ کێ پاڵپشی لە بزووتنەوەی کورد دەکات و کێش لەگەڵ ڕژێم دایە.

(١٢٣) بەپێی زۆر سەرچاوە حکوومەتی سەدام حوسێن لە ١٠ تا ١٥ ملیۆن مینی لە کوردستان داناوەتەوە کە زۆربەیان لە مارکەی (ڤەلمارە valmara) ی ئیتالین، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مینەکان بنواڕە ئەم ڕاپۆرتە: MEW, Hidden death, Rap. cit, ئەم ڕاپۆرتە زیاتر دەوڵەمەند کراوە Les mines anti-personal au Kurdistan و لەکاتی کۆنفرانسی جیهانی ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان (٩-١٩٩٤/٥/١١، ژنێڤ) پێشکەشکرا و بووە هۆی دەستپێکردنی کەمپێینی جیهانی: شەڕی ترسنۆکەکان لە دژی بەکارهێنانی مین.
کۆمیسیۆنی بەرگری لە پەرلەمانی ئیتالی لە ١٩٩٢/١/٣٠، بەتێکڕایی دەنگ، پێشنیازی کرد «شاندێکی سەربازی ڕەوانەی کوردستانی عێراق، ناوچەکانی سەر سنووری تورکیا، بکرێت بۆ ئەوەی بەشداری لە هەڵگرتنەوەی مینەکان بکات». بەڵام پێشنیازەکە جێبەجێ نەکرا، کەچی هەندێ وڵاتی تری ئەورووپی شاندی سەربازی و تەکنیکیان ڕەوانەکرد تا بەشداری لە پرۆسەی مین هەڵگرتنەوە بکەن.
کۆنڤینسیۆنی ژنێڤ (١٢/ ١٠/ ١٩٨٠) سەبارەت بە«قەدەغەکردن و ڕێگە گرتن لەو چەکانەی، بێ جیاوازیکردن، کاریگەری درێژخایەن و زیان بەخشن» لەگەڵ پرۆتۆکۆلەکانی پاشکۆ دێنینەوە بیر: پرۆتۆکۆلەکان تایبەتن بە یاساخکردن و لەناوبردنی مینەکانی دژە- مرۆڤ.
کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، بە بڕیاری E/CN. 4/1993/83, 10.03.1993 داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد تا قەدەغەی دروستکردن و بەکارهێنانی مینەکانی دژ بە مرۆڤ بکات بۆ ئەوەی ژیانی ملیۆنەها منداڵ بپارێزرێن لەم وڵاتانەی گیرۆدەی ململانێی چەکداری بوون. هەروەها کۆمەڵەی گشتی UN یش لە بڕیاری A/Res. 48/7, 19.10.1993 داوای لە وڵاتان کرد بۆ ئەوەی کۆمەک و هاوکاری پێشکەشی ئەو وڵات و ناوچانە بکەن کە بەدەستی مینە دژە مرۆییەکان دەناڵێنن.
ئێمێرجێنسی Emergency یەکێکە لە ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان کە ئێستا لە کوردستان خزمەتگوزاری پزیشکی و تەندروستی پێشکەش دەکات، دەڵێ لە ناوچەی چۆمان بۆ هەر هاوڵاتیەک تەخمینی ئەوە دەکرێت سێ هەزار مین هەبێ. بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە گۆڤاری Emergency، بەزمانی ئیتالی، ژمارە ٢ی ١٩٩٥ کە تەواوی ئەم ژمارەیە تایبەتە بەکوردستانی عێراق.



٩- گرتنی خزم و کەسی پ. م. و ئەندامانی بزووتنەوەی کورد و کوشتنیان بەکۆمەڵ و شاردنەوەیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان[١٢٤].

١٠- دروستکردنی ئۆردوگای گرتن بەجیاواز بۆ پیاوان، ژنان و منداڵان.

١١- بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەناو خەڵکی کورد لە ڕێگەی هەڕەشەی ڕاگوازتن و کوشتنی هەر کەسێک بەچاپوکی بەشداری لەگەڵ ڕژێم نەکات بۆ لەناوبردنی خائینانی نیشتمان [واتە هێزی پ.م.].

١٢- جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، ئاهەنگی سەربازی و خەڵاتدان بەو کەسانەی بەشداریان لە هێرشەکانی ئەنفالدا کردووە[١٢٥].

زۆرجار لەکاتی وێرانکردنی گوندەکان دانیشتوانەکانیان بەزیندوویی دەخستە ژێر کەلاوەکان، کانی و سەرچاوە ئاوەکانیان بەدینامیت TNT دەتەقاندەوە تا ڕێچکەکانی ژێرەوەیان بگۆڕن بۆ ئەوەی ڕێگە لە گەڕانەوەی خەڵکەکە بگرن. ئەو گەلەی دەکەوێتە ژێر سیاسەتی ڕەگەز پەرستی ڕێگەی گەشەکردن و پێشکەڤتنی لێ دەگیرێت و لە هێز و توانای فیزیکی - ئابووری دادەدۆشرێ و ناتوانێ ژیانێکی کامەران و ئاسودە بەسەر ببات. ئەم سیاسەتەش دژی پرنسیپەکانی ڕاگەیاندنی سەبارەت بە مافی پێشڤەچوونە، لێرە پێشڤەچوون پرۆسەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیە، مەبەستی سەرەکی باشکردنی گوزەرانی تەواوی کۆمەڵانی خەڵک و هەموو کەسەکانە لەسەر بناغەی هاوبەشیەکردنیان بەشێوەیەکی چالاک و ئازادو بەبەرچاو لەم پرۆسەیە و هەبوونی مافێکی عادیلانە، بۆ هەموو لایەک، لەو خێر و بەرەکەتی لەم پێشکەفتنە دێتە بەرهەم. مافی پێشکەڤتن مافێکی مرۆیی هەمیشە زیندووە و، مرۆڤیش بەسەبگێکتی سەرەکی ئەم پێشکەڤتنە لە قەڵەمدراوە و هەموو مرۆڤێکیش، بەتاک یان بەکۆمەڵ، مافی پێشکەڤتنی هەیە[١٢٦]. کەچی حکوومەتی عێراق دەیویست بەتەواوی کیانی کورد لەناوبەرێت، ئەوەتە لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٩٠ تاکە دێیەکیش بەسەلامەتی نەمابوو، لە ناوچە کوردنشینەکان

(١٢٤) بنواڕە دەقی یەکێک لە بڕیارەکانی حکوومەتی بەغدا سەبارەت بەگرتنی خزم و کەسوکاری پ. م. لە: E/CN. 4/1993/45, Rap, cit., pp. 85-86
(١٢٥) ماکس ڤان دێر شتۆیڵ Max van der Stoel لە ڕاپۆرتەکانی خۆی، کە لە پێشەوە ئاماژەیان بۆ کرا، بەدرێژی باسی هێرشەکانی ئەنفال دەکات و چەندەها بەڵگەنامەی ڕەسمیشی دەستنیشان کردووە.
(١٢٦) ڕاگەیاندنی سەبارەت بەمافی پێشکەڤتن، لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیاندراوە: A/Res. 41/128, 04.12.1986

هەمـوو کـاروکـەساباتیـەکی تایبـەت بەکـشـتـوکـاڵ و ئاژەڵداری، بەتەواوی، لە پەڵـوپۆ کەوتبوون. لەم ڕوانگەوەش کردەوە و ڕەفتارەکانی ڕژێم بەئاشکرا بەندی ١٤ی پرۆتۆکۆلی دووەمی ژنێـڤی ١٩٧٧ ، سـەبارەت بە ملـملانێیی چەکداری نێـوخـۆ، دەبەزاند کـە دەڵێ: «وەکو مێتۆدی جەنگ قەدەغە و یاساخە کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل برسی بکرێن. لەبەر ئەوە زیانگەیاندن، بۆردومـانکردن و پەلامـاردان و لەناوبردنی ئەو هۆ و کـەرەسـتـانەی زیندەگی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیلیان پێوە بەندە، وەکو ئەرزاق و عـەمباری خۆراک و ناوچەو هۆیەکانی ئاودێری، قەدەغەیە».

هێـرشـەکـانی ئەنفـال، بەڕەسـمی، لە ١٩٨٧ز تا ١٩٨٩ز یان خـایاند، هەر نـاوە ناوە کـۆمـەلە خـەڵکێک ڕاگـوێز و بێ سـەر و شـوێن دەکـرا. بەڵام لە ڕاسـتـیدا تـاوانەکـانی ئەم پرۆژەیە لە نیـوەی دووەمی سـاڵانی حـەفـتـاکـان، بەئاشکرا دەبینران. لە تـەمـوزی ١٩٨٣ دامـودەزگـاکـانی ئەمن و مـوخـابەراتی عێـراق، بەڕۆژێک، هەشت هەزار پیـاو و نێـرینەی بارزانیـان گرت کە تەمەنیان لە نێوان ٨- ٧٠ ساڵان دەبوو و تا ئێـستا بێ سـەروشوێنن. ئەوانەش هەر لە ساڵی ١٩٧٦ لە زێدی باوباپیریان ڕاگوێز کرابوون و لە ئۆردوگاکان، لە ژێر چاودێری سەربازی، دانرابوون. زۆر لەو ئافرەتانەی بێ پیاو و کەسوکار مابوونەوە، لە لایەن سەربازە عارەبەکان، دەستدرێژیان کراوەتە سەر[١٢٧].

سەبارەت بەقوربانییەکانی ئەنفال عەلی حەسەن بەخۆی، لە زۆر موناسەبە، فەرمانی بە سوپا دابوو: دەبێ ئاگاداری کوردەکان بن: بەشۆفەل و دۆزەر گۆڕ هەڵکەنن و هەتا هەتایە بیـانشـارنەوە[١٢٨]. تەنانەت دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ دەسـەڵاتدارانی بەغـدا، لە حوزەیرانی ١٩٩١ ، فـەرمـانیـان دەدا «ئەو کـوردانە، چەکـدار و سـیڤـیل، بکوژن کە جون بەچەکدارەکانی دەوڵەت دەدەن»[١٢٩].

ژمـارەی ئەو کـوردانەی لەنێـوان سـاڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٩ز ئەنفـال کـراون چەندە؟ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسـیـارە کـارێکی زۆر زەحـمـەتە، لەوانەیە هەرگـیـز نەزانین بەڕاسـتی

(١٢٧) چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆیان گێڕامەوە کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٠ زۆر لەو ئافرەتە کوردانەی دەگیران لە زیندان و کامپەکانی گرتن دەستدرێژی کراوەتە سەر ناموسیان و، ئەو منداڵانەی لەم ڕەفتارە نەگریسە لە دایک بوونە بەئاسانی، لە ڕووی ڕەنگو و ڕوخسار، دەناسرێنەوە، بەتایبەتی ئەگەر سەربازەکان خەڵکی خوارووی عێراق بووبن.

(128) E/CN. 4/1994/58, cit, p. 47

(١٢٩) بۆ دەقی ئەم بڕیارە بنوارە: E/CN. 4/1994/58, cit, p. 81



ژمارەی ئەنفالکراوەکان چەندە. لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ و دەست بەسەرداگرتنی بەڵگەنامەو دۆکومێنتە ڕەسمیەکان و دۆزینەوەی چەندەها گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچە جیا جیـاکـانی کـوردسـتـان چەند ڕێکخـراویکی کـورد دروسـتبـوون بۆ ئەوەی لە چارەنووسی ئەنفـالکراوەکـان بکۆڵنەوە و داکـۆکی لە قـوربانیـەکان بکەن. ئەم ڕێکخراوانەش چەندەها توێژینەوەیان کردووەو ئەنجامەکانیان بەچاپ گەیاندووە. بەڵام بەڕای زۆر توێژەری کورد، بەهۆی بارودۆخی سیاسی - ئابووری ئێستای کوردستان، ئەم لێکۆڵینەوانە تەواو نین و کەموکڕیان هەیە، هێشتا یەک لە سێی کوردستان لەژێر دەوڵەتی ناوەندی دایە و بەسەدان هەزار کوردی عێراقیش ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون و، بەهۆی نەبوونی ئارامی سیاسی تاکو ئێستا سەرژمێری دانیشتوانی هەرێمی نەفڕین نەکراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوە کوردیەکان ژمارەی قوربانییەکانی ئەنفال بە ١٨٢٠٠٠ کەسی مـەدەنی لە قـەڵەم دەدەن، کە زۆربەیان ژن و منداڵن. قـوربانیـەکانی ئەنفال چیان بەسـەر هاتووەو چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ کراوە؟ هەندێ شاهید، کە بەچاوی خۆیان ڕووداوەکانیان دیووە، زۆر بەڕێکوپێکی ئەوەیان گـێڕاوەتەوە کـە ئەنفـالکراوەکـان بۆ خـوارووی عـێـراق ڕاگـوێزراون و لەوێ بەشـۆفـەل زیندەبەچاڵ کـراون، هەندێ جـاریش چەکی کـیـمـیـاوی و بەکتریۆلۆژیان لەسەر تاقیکراوەتەوە[١٣٠].

لە کـاتی دانوسـتـانی کـورد لەگـەڵ ڕژێمی بەغـدا عـەلی حـەسـەن لە دانیـشـتنەک بە لە خـۆبایبـونەوە وتبـووی ئەنفـالەکـان لە سـەد هەزار کـەس تێناپەڕن. بەپێی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوێکی کورد تەنها لە ئەنفالی ژمارە ٣ (لە ١٤ تا ١٩٨٨/٤/١٧) کە بەئەنفالی گەرمـیان ناسراوە زیاد لە ٥٠٠ گـوند کاولکراوە، تەنها لە دوو دێ زیاد لە بیـست هەزار کەس گیراون و تا ئێستا بێ سەر و شوێنن[١٣١]. ئەوە چەند ساڵێکە لە ناوچەی گەرمیان، هەمـوو سـاڵێ، لە ١٤ی نیـسـان یادی قـوربانیـەکـانی ئەنفـال دەکـرێتەوە. بەدڵنیـایەوە لە

(١٣٠) کۆمیسیۆنی UN بۆ دۆزینەوەو لەناوبردنی چەکە کۆکوژەکانی عێراق تا ئێستا چەک و جبەخانەیەکی یەکجار زۆری لە چەکی کیمیاوی و بەکتریۆلۆژی دۆزیتەوە و هێشتاش گەڕان لەم چەکانە بەردەوامە.

(١٣١) دوو دێیەکە ناویان (کۆلە جۆی حاجی حەمەجان و ملەسوورە)یە، بنوارە: زیاد عەبدولرەحمان، ئەنفال نموونەی جینۆسایدی کوردە، لە گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (سیاسەتی دەولی)، هەولێر، ١٩٩٥ ، ژمـارە ١٥ ، لل ٨١ - ٩٩. زیاد عـەبدولرەحـمـان چەند سـاڵە خـەریکی لێکۆڵینەوەیە لەسـەر جینایەتەکـانی ئەنفـال و بەم دواییـانە کـتـێبـێکی بەسوودی، بەناوی توونی مـەرگ لە تەورێز، ١٩٩٥ بڵاوکردۆتەوە بەداخەوە تا ئێستا بەدەستمان نەگەیشتووە.

داهاتوو، لە مێژووی نەتەوەیی کورد، ڕۆژێک تەرخان دەکرێ بۆ یادی ئەو قوربانیانە و ئەم کاراساتە نیشتمانیەی بەسەر گەلی کورد هاتووە(*).

هێرشەکانی ئەنفال تەنها دژی هێزی پێشمەرگە نەبوون کە ڕژێم بە تێکدەر و بەکرێگیراوی ئێرانی لە قەڵەم دەدان. لە ڕاستیدا پرۆژەکە دەیویست ناوە ناوە هەموو کوردە قڕ بکات بەڵام باش بوو! شێتایەتی سەدام حوسێن، بەداگیرکردنی کوێت، ڕیسەکەی کردەوە خوری و ڕێگەی لەو تاوانە ترسناکە گرت. ئەو سکاڵایەی خوارەوە هی سەربازێکە، باوکی خێزانێک، لە کاتی جەنگی عێراق – ئێران، بەدیل گیراوە و پاش ئازادکردنی ئاراستەی سەدام حوسێنی کردووە و سروشت و نیازی ڕاستەقینەی ئەم ڕژێمە، بۆ قڕکردنی کورد، پێشان دەدات.

سکاڵا (١٣٢)

*بسم الله الرحمن الرحيم*

*بەڕێز سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئە. س. ش.، موهیب ڕوکن سەدام حوسێن، خوا بیپارێزێ.*

*هاوڕێی تێکۆشەر، سڵاوێکی هاوڕێیانەتان پێشکەش دەکەم، وەکو هاوڵاتیەکی دڵسۆز و بەئەمەک خۆم پێشکەش دەکەم.*

*بەناوی عەدالەتی بەعسەوە داواتان لێ دەکەم گوێ لە دەردو ئازارم بگرن کە شەو و ڕۆژی لێ تاڵ کردووم، توشی بێ هیوایی بووم. لەو دونیایە کەس شک نابەم زیاتر لە تۆ پەنای بۆ بەرم، لەبەر ئەوە گیروگرفتەکەم دەخەمە بەرچاوی ئێوە بەڵکو خوا دڵتان نەرم بکات و چاوی بەزەیی پێدا بخشێنن.*

*گەورەم: من کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە (عاسی مستەفا ئەحمەد) لە ٢٤/٨/١٩٩٠ لە یەخسیری گەڕامەوە، لە ساڵی ١٩٥٥ز لە دایک بووم، سەربازێکی ئیحتیاتم، لە ناوچەی شوش بەشداریم لە شەڕە نەبەردەکەی قادسیەی سەدام کرد، لە ١٩٨٢/٣/٢٧ یەخسیر کرام و تا ڕۆژی*

(*) پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٢/١١/٢١ بەبڕیاری ژمارە (٣٧) بڕیاریدا ڕۆژی ١٦ ئادار بکرێتە ڕۆژی شەهید و هەموو ساڵێ لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان ببێتە ڕۆژی ماتەمینی ڕەسمی. ئەم پەراوێزە لە چاپی ئیتالیدا نییە (د. ج. ت. خ)

(132) MEW., Genocide in Iraq, op. cit., pp. V-VI



*دەرچوونی بڕیاری گۆڕینەوەی دیلەکان من هەر یەخسیر بووم. پاشان گەڕامەوە خۆڵی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەم ماچ کرد و لەبەردەم وێنەی سەرۆکی فەرماندەی لێهاتوو، سەدام حوسێن، کڕنوشم برد. لە ناخی دڵەوە حەزم دەکرد بگەڕێمەوە لای ماڵ و منداڵەکەم تا چاویان بەمن شاد بێتەوە و منیش بەبینینیان بکەومە خۆشی، خۆشیەکی بێ وێنە بکەوێتە دڵی هەموومان. بەڵام بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە خانوەکی چۆڵ، نە ژنەکەم و نە منداڵەکانم نەدیتەوە. ئای لەو کارەساتە ترسناکە! پێیان وتم گشت خێزانەکەت کەوتونەتە دەستی هێزەکانی ئەنفال بە ڕابەرایەتی هاوڕێ عەلی حەسەن مەجید. تاکو ئێستاش هیچ لە بارەی چارەنووسیان نازانم، کە ئەوانەن:*

*١- عەزیمە عەلی ئەحمەد، خێزانمە، لە ساڵی ١٩٥٥ز لە دایک بووە.*
*٢- یارۆ عاسی مستەفا، کچمە، لە ساڵی ١٩٧٩ز لە دایک بووە.*
*٣- فەرەیدون عاسی مستەفا، کوڕمە، لە ساڵی ١٩٨١ز لە دایک بووە.*
*٤- ڕوخۆش عاسی مستەفا، کوڕمە، لە ساڵی ١٩٨٢ز لە دایک بووە.*

*لەبەر ئەوە ئەم سکاڵایە ئاراستەی ئێوە دەکەم بەو هیوایەی بەزەییتان پێمدا بێتەوە و لەبارەی چارەنووسیان ئاگادارم بکەنەوە. خوا سەرکەوتووتان بکا و بتانپارێزێ.*

*سوپاس و ڕێزی زۆرم بۆتان هەیە.*

ئیمزا
گەڕاوە لە دیلێتی و سەربازی ئیحتیات
عاسی مستەفا ئەحمەد
بێ خانەو لانە لە سلێمانی
چەمچەماڵ – گەڕەکی بێکەس – مزگەوتی حاجی ئیبراهیم
٤/١٠/١٩٩٠

وەلام

*کۆماری عێراق*

*دیوانی سەرۆکایەتی*

*ژمارە/ش.ع.ب. ٤/١٦٥٦٥*

*بەروار ٢٩/ ١٠/ ١٩٩٠ز*

*بەڕێز عاسی مستەفا،*

*پارێزگای سلێمانی*

*قەزای چەمچەماڵ - گەڕەکی بێکەس - مزگەوتی حاجی ئیبراهیم*

*دەربارەی سکالاکەت ڕۆژی ٤/ ١٠/ ١٩٩٠، ئاگادارت دەکەینەوە کە ژن و منداڵەکانت لە کاتی ئۆپێراسیۆنەکانی ئەنفال بێ سەروشوێن بوونە کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی باکور جێبەجێ کراون.*

*ئیمزا*

*سەعدون علوان موسلح*

*سەرۆکی مەکتەبی دیوانی سەرۆکایەتی*

جیهان بەگشتی، بەتایبەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، لە بەرامبەر ئەم کارە دڕندانە بێ دەنگ وەستان و نوقەیان نەکرد. کەنعان مەکیە، ڕۆشنبیرەکی عەرەبی عێراقیە، کتێبەکی لەسەر کارە دڕندەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن نووسیووە و باسی هەڵوێستی وڵاتانی عەرەب دەکات. کەنعان مەکیە ڕەخنەیەکی توند لە ئینتێلێکتوالانی عەرەب دەگرێ بەرامبەر بێ دەنگی و چاوپۆشیان لە ئەنفالەکان. ئاشکرایە زۆر نووسەر و ڕۆشنبیری عەرەب پێش داگیرکردنی کوێت سەردانی عێراقیان دەکرد و بە شان و باڵی شۆڕە سواری خۆشەویستی گەلی عەرەبیاندا هەڵدەگوت. مەکیە دەڵێ: ئێمەی عەرەب حەماس دەمان گرێت و نارەزایی دەردەبرین لە بەرامبەر وێرانکردنی ٣٠٠ گوندی فەلەستینی، لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، یان لەبەرامبەر کوشتنی منداڵ و هەرزەکارانی فەلەستینی بەدەستی سوپای ئیسرائیل. کەنعان مەکیە دەڵێ: نووسەرو ڕۆشنبیرانی عەرەب بە ملیۆنەها لاپەڕەیان دەربارەی ڕەفتارە جینایەتکارەکانی ئیسرائیل نووسیووە بەلام ئیدانەی کوشتنی ٥٠٠٠ کەسی شاری هەڵەبجە، بە چەکی کیمیاوی و



وێرانکردنی ٣٠٠٠ گوند و شاری کوردنشینیان نەکرد. کەنعان مەکیە لە کۆتایی دەڵێ: مەسەلەیەکی ئەخلاقیە: دەتوانین بڵێین هەموو عارەبەکانی عێراق لەم تاوانە بەرپرسیارن؟ دەکرێ ئەوان وەلام بدەنەوە بڵێن ئێمە ئاگاداری ئەو کارەساتە نەبووین [...] دەکرێ بڵێین هەموو عارەبەکان لەبەرامبەر ئەم تاوانە بەرپرسیارن؟ هەر چۆنەک بێت، بۆ مێژوو، ئێمەی عەرەب ناتوانین خۆمان لە بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی دووره پەرێز بگرین»[١٣٣]. کەنعان مەکیە دەڵێ زاراوەی ئەنفال لە دوای ئەم کارەساتە چیتر بە سورەتی قورئان نەبەستراوەتەوە، بەڵکو پێویستە مانایەکی نوێ وەربگرێ لە ویژدان و عەقڵی هەموو کەسێکی عەرەب: بە کۆمەل کوشتنی کۆمەلانی خەڵکی کورد بەشێوەیەکی ڕەسمی لە لایەن حکومەتی عێراقی[١٣٤]. ئێمە دەڵێین ئەو مانایە پێویستە بۆ تەواوی دونیا بێ

## بەرپرسیاریەتی

بەشێوەیەکی گشتی بەزاندنی ئیلتیزامە قانونیەکان بەسەرپێچی لە یاسا نێودەوڵەتیەکان لە قەڵەم دەدرێ، هەندێ لەو بەزاندن و سەرپێچیانە، بەپێی سروشت و زۆرو کەمیان، بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی دادەنرێن. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئاشتی، کۆنڤێنسیۆنەکانی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ و ڕێکەوتنەکانی لەم جۆرە کۆمەلگای نێودەوڵەتی نیگەران دەکەن. ئەمڕۆ ناکرێ، چیتر بە بیانوی دەسەلاتی نێوخۆی دەوڵەتان، چاوپۆشی لەو تاوانانە بکرێت چونکە زۆر لە یاساناسان لەو باوەڕەدان کە «یاسای نێودەوڵەتی ئێستا ماهیەتی ئیلتیزامێکی گەورەی، بۆ کۆمەڵگەی دەوڵەتان، بەخۆوە گرتووە، ئەوەش ئەرک و ئیلتیزامی پاراستن و داکۆکی لە ئاشتی و مافی مرۆڤە. پێشێلکردنی ئەم ئیلتیزاماتانەش دەبێتە مایەی بەرپرسیاریەتێکی گەورەو جیاواز لە چاو جۆرەکانی نیزامی بەرپرسیاریەتی کلاسیکی»[١٣٥].

(١٣٣) قسەکانی کەنعان مەکیە لەو وتاری ئەنفال وەرگیراون کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - چاپی ئینگلیزی، ژمارە ٣-٤ ی تەموزی ١٩٩٢ بلاوکراوەتەوە. هەروەها تەماشای ئەم کتابەش بکە.
Kanan MAKIYA, Cruently and Silence: Ward, Tyranny, Uprising and the Arab World, New York, Norton, 1993.

(134) K.. MAKIYA, The Anfal, art. cit.,

(١٣٥) بەرپرسیاریەتی دەوڵەت بەرامبەر بەتاوانە نێودەوڵەتیەکان
Gabriella CARELLA, La responsabilità dello Stato per crimini internazionali, Padova, 1983, p. 3.

له كاتی داگیركردن و ڕزگاری كوێت (له ٢ ئابی ١٩٩٠ تا ٢٨ شوباتی ١٩٩١) زۆر باسی تاوانەكانی ڕژێمی سەدام حوسێن كرا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی به هیتلەری بچوكی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناوزەندیان كرد و ڕایانگەیاند كه دەیانەوێت بیگرن و له دادگایەی تاوانی سەر به UN سزای بدەن[١٣٦]. كەچی دوای تەواوبوونی جەنگ، سەرەڕای شكایەت و داواكاری چەندەها ڕێكخراوی نادەوڵەتی NGOs، كەس له كاربەدەستانی عێراق دەستگیر نەكرا. تەنانەت UNیش كۆمیسیۆنەكی تایبەتیان ad hoc پێك نەهێنا بۆ ئەوەی تاوانەكانی ڕژێمی عێراق هەڵسەنگێنێ و لێیان بكۆڵێتەوە.

ئەوە دێنینەوە بیر كه UN، بەم دواییانە و بۆ یەكەمجار دوای دادگای نۆریمبێرگ، بۆ تاوانی نازیەكان، دادگایەكی نێودەوڵەتیان پێكهیناوە تاكو لەو تاوانانە بكۆڵێتەوە كه له یۆگسلاڤیای پێشو ئەنجامدراون، واتە تاوانەكانی جەنگ، پێشێلكاریەكانی مافی مرۆڤ، مافی گەلان و كەمایەتیەكان، بەتایبەتی پرنسیپەكانی مرۆڤیتاری و ململانێ چەكداریەكان[١٣٧].

ئەو دادگا نێودەوڵەتیە لەم تاوانانە دەكۆڵێتەوە و بڕیاریان لەسەر دەدا[١٣٨]:

*ا – پێشێلكردنی كۆنڤێنسیۆنەكانی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ز. دادگا دەسەڵاتی هەیە بەدوای ئەو كەسانە بگەڕێ و دەستگیریان بكات كه ئەو كۆنڤێنسیۆنانەی سەرەوەیان بەزاندووە یان فەرمانی پێشێلكردنیان داوە، واتە دژی ئەو كەس و كەلوپەلانەی له لایەن پرنسیپەكانی ئەم كۆنڤێنسیۆنانە پاراستراون، كه ئەمانەی خوارەوە دەگرنەوە:*

*١) كوشتنی بەئەنقەست (له خۆڕایی).*

(١٣٦) سەرۆك جۆرج بوش له وتارێكی ڕۆژی ١٥/ ١٠/ ١٩٩٠ ئەوەی هێنایەوە بیر دوای تەواوبوونی شەڕی هیتلەر دادگای نۆریمبێرگ دروست بوو و كەوتە كار، مەبەستی ئەوەبوو بۆ ڕژێمی سەدام حوسێنیش هەمان شت دەكرێ. بۆ زانیاری زیاتر بنواڕە:
S. ROBBINS, War Crimes: The Case of Iraq, in "The Flectcher Forum of the World Affairs", 1994, vol. 18, n. 2, p. 54

(١٣٧) بڕیاری ئە. ئاس. S/Res. 827, 25/5/1993، ئەنجومەنی ئاسایش بەبڕیاری 780/1992 كۆمیسیۆنەكی له یاسازانان دروستكردبوو بۆ ئەوەی زانیاری و بەڵگە لەسەر تاوانەكانی مافی مرۆڤ له یۆگسلاڤیای پێشوو كۆبكەنەوە.

(١٣٨) بۆ دەقی ئەو بڕیارەی سەرەوە و پەیڕەوی ناوخۆی دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەكانی ئەنجامدراو له یۆگسلاڤیای پێشوو بنواڕە: Gazzetta Ufficiale della Repubblica italana, n. 304, 29/12/1993, pp. 18-78



*٢) ئەشكەنجە یان ڕەفتاری نامرۆڤانە و ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی بایۆلۆژی لەسەر گیراوەكان.*

*٣) ئازاردانێكی زۆری بەئەنقەست یان زیان گەیاندن له ڕووی فیزیكی و دەروونی.*

*٤) وێرانكاری لەسەر ئاستێكی فراوان، تاڵان و بڕۆی ئەو كەلوپەلانەی پەیوەندیان به كاری سەربازیەوە نییە و بەناڕەوا و ڕەشبگیری ئەنجامدراون.*

*٥) ناچاركردنی دیلەكانی شەڕ یان كەسانی مەدەنی بۆ ئەوەی خزمەتی سەربازی (چەك هەڵگرتن به زۆری) بۆ هێزە نەیار و دوژمنەكەی بكات.*

*٦) بێ بەشكردنی دیلی شەڕ یان كەسێكی مەدەنی، بەشێوەیەكی ڕەمەكی، له مافی دادگاكردنێكی عادیلانە.*

*٨) ڕاگواستن یان گوازتنەوەی یان دەست بەسەر گرتنی خەڵكی مەدەنی بەشێوەیەكی ناڕەوا و نا یاسایی.*

*٩) بارمتە كردنی كۆمەڵانی خەڵكی سیڤیل.*

*ب – بەزاندنی یاسا و دابونەریتەكانی شەڕ، واتە:*

*١) بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی یان ئەو چەكانەی دەبنە هۆی بەرپاكردنی ئێش و ئازارێكی زۆر و نا پێویست.*

*٢) وێرانكردنی بەبێ هۆی شار، گوند و وڵات و هەر جۆرە كاولكردنێكی دوور و ناڕەوا له كاری سەربازی.*

*٣) پەلامار و بوردومانی، بەشێوەیەكی ڕەمەكی، شار و گوند و دروستكراوە بێ دیفاعەكان.*

*٤) داگیركردن، وێران كردن یان زیان پێ گەیاندنی بەئەنقەستی كەلەپوور: بنكەكانی هونەر، زانست، شوێنەوارە مێژوورییەكان Historic Monuments، كارە هونەری و زانستیەكان[١٣٩].*

(١٣٩) دەربارەی كەلەپووری كوردی و یاسای نێودەوڵەتی بۆ پارێزگاریكردنیان بنواڕ
Jasim Tawfik Mustafa, Il dramma del popolo kurdo e la comunità internazionale, Pisa, BFS, 1994, cap. v, paragrafo "Beni culturali".
ئەوەی بەدواوە دەنووسرێت له پەڕاوێزە ئیالیەكەدا نییە: بەداخەوە نەمزانی له چاپی كوردی (مەسەلەی كوردو یاسای نێودەوڵەتان، سلێمانی، ٢٠٠٢، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی كوردستان) بۆ ئەم باسە بڵاونەكراوەتەوە هەرچەندە كاتی خۆی له (گۆڤاری خەرمانە، ستۆكهۆلم، ژ. ٩-١٠ی ١٩٩٣، لل٣٢-٣٧) بڵاوكرابووەوە.

*٥) فەرهوود و تاڵانکردنی ماڵ و سامانی گشتی و تایبەتی.*

*ج – قڕان جینۆساید: بریتیە لە هەر یەک لەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی خوارەوە کە بەئەنقەست، بۆ لەناوبردنی گشت یان بەشێک لە گروپێکی نەتەوەیی، ڕەگەزی یان ئایینی، ئەنجام بدرێت:*

*١) کوشتنی ئەندامەکانی گروپێک (نەتەوەیەک)،*

*٢) زیان گەیاندن بەئەندامانی گروپەکە چ لە ڕووی فیزیکییەوە چ لە ڕووی عەقڵییەوە،*

*٣) دانانی گروپەکە لەژێر بارودۆخێکی ئەوتۆ کە ببێتە هۆی لەناوچوونی هەموویان یان بەشێکی گروپەکە،*

*٤) ڕێگەگرتن، بەهەر شێوەیەک، لە زاوزێ و گەشەکردن لەناو گروپەکە،*

*٥) بەزۆر منداڵ گواستنەوە لە گروپێک بۆ گروپێکی تر*(١٤٠).

*د – تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتیێ؛ دادگا دەسەڵاتی هەیە بەدوای ئەو کەسانە بگەڕێ و دەستگیریان بکات کە بەرپرسیارن بەرامبەر بەو تاوانانەی، لە چوارچێوەی ململانێیەکی چەکداری نێودەوڵەتی یان نێوخۆیی، بەدژی کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی ئەنجام دەدرێن:*

*١) کوشتن.*

*٢) کوشتاری بەکۆمەڵ.*

*٣) ناچارکردنی کۆمەڵانی خەڵک تا لە بارودۆخی دیلایەتی بژین.*

*٤) ڕاگواستن.*

*٥) گرتنی ناڕەوا [بەتاک و کۆمەڵ].*

*٦) ئەشکەنجەدان.*

*٧) دەستدرێژی و زۆر کردن لە ناموس.*

*٨) ڕاونان و چەوساندنەوە لەبەر هۆی سیاسی، ڕەگەزی و ئایینی.*

*٩) هەر کردار و ڕەفتارەکی نا مرۆیی تر.*

(١٤٠) دەربارەی گرتن و فڕاندنی منداڵانی کورد، لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی عێراق، بنواڕە پەڕاوێزی ژمارە ٩٤- ٩٦ و ١١٩ی ئەم کتێبە.



ئەو بڕیارە مێژووییەی ئە.ئاس. بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێ نەک تەنها لەبەر ئەوەی بەرپرسیاری تاوانەکانی ململانێی یۆگسلاڤیای پێشو ڕاپێچی بەردەم دادگا دەکات تا بە سزای خۆیان بگەن، بەڵکو ئاگادار کردنەوەو هۆشدانێکیشە بۆ هەموو ئەو ململانێیانەی ئازاری مرۆڤایەتی دەدەن یان لە ئایندە بەرپادەبن. ئەوەتە ئە. ئاس.، سەبارەت بەشەڕی نێوخۆی ڕوانداش، بەبڕیاری ٩٥٥ی ١٩٩٤/١١/٨ دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکانی ڕواندا پێک هێنا و ئەرک و دەسەڵاتەکانی وەکو هی دادگای یۆگسلاڤیای پێشوە. ئەنجومەنی ئاسایش، لە حاڵەتی ڕواندا، بەپێی بەشی شەشەمی کارتی UN بڕیاری دروستکردنی ئەو دادگایەیدا تا لەو تاوانانە بکۆڵێتەوە کە لە ١٩٩٤/١/١ بەدواوە ئەنجامدراون(١٤١).

تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژی کورد و کوێت دەکەونە خانەی ئەو چوار پرنسیپەی کە لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ یۆگسلاڤیای پێشو و ڕواندا دەستنیشان کراون. ئەگەر بمانەوێت باسی جۆری ئەو تاوانانە بکەین کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانیان پیانراوە ئەوە پێویستە ئاماژە بە بڕیاری ٦٨٧ی ئە. ئاس.، سەبارەت بە مەرجەکانی ئاگر بەسی شەڕی ڕزگاری کوێت، بکرێت کە دووپاتەی دەکاتەوە کە عێراق «لە ئەنجامی ئەو تەدەخول و داگیرکردنە ناڕەوایەی کوێت، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، بەرپرسیارە لە هەموو جۆرە لە دەستدان و زیانانەی (بە ئەو زیانانەی بەژینگە و سامانە سروشتیەکان کەوتوون) بەر دەوڵەت و کۆمپانیا و شەریکات و تاکە کەسەکان کەوتوون (پەرگرافی E, 16)»

هەرچی پەیوەندی بەکورد هەیە ئەوا ڕژێمی سەدام حوسێن بەرپرسیارە لەم تاوانانەی خوارەوە:

١) *تاوانی پێشێلکردنی پرۆتۆکۆلی ژنێڤ (١٩٢٥/٦/١٧)* تایبەتە بەقەدەغەکردنی بەکارهێنانی گازی خنکێنەر، ئەسفیسیانت، کیمیاوی و بەکتریۆلۆژی لە شەڕدا Geneva Protocol for the Prohibition of the Use in War of Asphyxiang, Poisonus or

(١٤١) ئە. ئاس. بە بڕیاری ٩٣٥ی ١٩٩٤/٧/١ گروپێکی لە یاساناس و شارەزایان پێک هێنا تا لە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بەجینۆسایدەوە هەیە، بکۆڵێتەوە. بە بڕیاری ٩٨٩ی ١٩٩٥/٤/٢٤ لیستێکی پەسەند کرد کە ناوی ١٢ دادوەری تیا بوو، لە ڕۆژانی ٢٤ – ١٩٩٥/٥/٢٥ شەش دادوەری هەڵبژارد تا سەرپەرشتی دادگای تاوانەکانی ڕواندا بکەن کە بارەگاکەی لە شاری ئەروشا Arusha ی تەنزانیایە.

other Gases, and of Bacteriological Methods of Warfare[١٤٢] ، کـە لە لایەن عێراقەوە مۆرکراوە. کەچی لە نیسانی ١٩٨٧ سوپای عێراق چەکی کیمیاوی دژی هێزی پ. م. و کۆمەڵانەی خەڵکی بێ دیفاع بەکارهێنا ، تەنها لە شاری هەڵەبجە ، لە ڕۆژانی ١٦-١٩٨٨/٣/١٧ پێنج هەزار کەس بوونە قوربانی و دەهاکەسی تریش بریندار بوون. بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوەی سێناتی ئەمەریکی قوربانیەکانی چەکی کیمیاوی، تەنها لە مانگی ئابی ١٩٨٨ ، «لەوانەیە خۆیان لە سەد هەزار کەس بدەن»[١٤٣]. ئەوجارەش، وەکو جارانی تر، لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەبەردەستدا نییە سەبارەت بە ژمارەی کوژراو و بریندار و ئەو کەسانەی، لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، زیانیان پێ گەیشتووە، ئاشکرایە ئەو کەسانەی لە مەرگ ڕزگاریان بووە هەتا مردن بەدەست ئاکامەکانی ئەم چەکانە دەناڵێنن. سەرکردەکانی کورد ، لە نامەیەک بۆ سکرتێری گشتی UN، دەنووسن حکوومەتی عێراق لە ٤/١٤ تا ١٩٨٨/٨/٢ ، ٢٥ جار چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە[١٤٤].

**٢ )** *تاوانی پێشێلکردنی چوار کۆنڤێنسیۆنەکانی ژنێڤ* **(١٩٤٩/٨/١٢ )** ، ناوەرۆک و دەقی بەندی سێیەم لە هەر چواریان وەکو یەکە و تایبەتە بەڕەفتار و مامەڵەی مرۆڤانە لە گەڵ دیل و کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی لەکاتی ململانێی چەکداری.

**٣ )** *تاوانی پێشێلکردنی دوو پرۆتۆکۆلەکەی ژنێڤ* **(١٩٧٧/٦/٨ )** ، ئەوەی دووەم تایبەتە بە «پاراستنی قوربانی ململانێ چەکداریە نێوخۆیەکان»[١٤٥]، ناوەرۆکی بەندی چوارەم وەکو ئەو تاوانانەیە کە لە خاڵی (أ-ب)ی دادگای یۆگسلاڤیای پێشو ناویان هاتووە ، بەندی شەشەمیش لە دووەم پرۆتۆکۆل دەڵێ:

---

(١٤٢) دەقی ئەم پرۆتۆکۆلەو ئەوانەی تری سەبارەت بە یاسا و دابونەریتەکانی شەڕ وەرگیراون لە: Pietro VERRI, Diritto per la pace e diritto nella guerra, Roma, 1980, Doc. n. 24, p. 147.

(143) Chimical Weapons use in Kurdistan: The Report of Senate Committee on Foreign Relation (by W. GALBRAITH), 21 Sep. 1988, Washington D. C.

(١٤٤) مەسعود بارزانی، بانگەوازی بەرەی کوردستانی عێراق بۆ سکرتێری گشتی و نوێنەری وڵاتانی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، ١٩٨٨/٨/٨. لەم بانگەوازە لیستی ناوی ئەو ناوچەو گوندانە نووسراون کە بە چەکی کیمیاوی بۆردومان کراون.

(١٤٥) بۆ دەقی پرۆتۆکۆلەکان بنوارە: Pietro VERRI, Diritto per la pace e diritto nella guerra, op. cit., pp. 565-573



**١ )** *ئەم بەندە تایبەتە بەسزا پێنالیەکان لە دژی ئەو تاوانانەی لەکاتی ململانێ چەکداریەکان ئەنجام دەدرێن.*

**٢ )** *هیچ بڕیاریک ڕەوا نییە و هیچ سزایەکیش جێبەجێ ناکرێت لە دژی ئەو کەسانەی بەگوناهباری تاوانێک ناسراون ئەگەر لە دەرەوەی دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن دەربکێن، بەتایبەتی:*

*أ- یاسا و داب و ڕەسمەکانی دادگا دەبێ بەزووترین کات و بەبێ مەرج و مەرجکاری گوناهبار لەو کەتن و تاوانانەی بەپێی گیراوە ئاگادار بکەنەوە و هەموو ڕێگە و هۆیەکانی بەرگری، لە پێش و لە کاتی دادگایکردن، بۆ دابین بکرێت.*

*ب- هیچ کەس بەکەتن و تاوانێک، ئەگەر خۆی بەشەخسی ئەنجامی نەدابێ، حوکم و سزا نادرێت.*

*پ - هیچ کەس بە کردارو ڕەفتارێک حوکم و سزا نادرێت ئەگەر لە کاتی ئەنجامدانیان، بەپێی یاسا ، بە کەتن و تاوان نەناسرابن. لە هەمان کات ناکرێت حوکم و سزایەک دەربکرێت کە گەورەتر بێت لەوەی یاسا دیاریکردبوو لەکاتی ئەنجامدانیان. ئەگەر دوای دەرکردنی بڕیاری دادگا یاسا پێشبینی هەڵپەساندنی سزایەکی نەرمتر بکات ئەوە دەکرێ تاوانبار سوود لەم یاسایە وەربگرێت*

*ج- هەر کەسێک بە کەتن و تاوانێک گوناهبار کرابێت ئەوە بە بێ گوناه- دەناسرێت تاکو گوناهباریەکەی، بەشێوەیەکی یاسایی، لە لایەن دادگا نەسەلمێندرێت.*

*ح- هەر کەسێک گوناهبار کرابێت ئەوە مافی خۆیەتە بە ئامادەبوونی خۆی دادگایی بکرێت.*

*خ- هیچ کەس ناچار ناکرێت شاهیدی لەسەر خۆی بدات یان ئیعتراف لەسەر خۆی بکات.*

**٣ )** *هەر کەسێ حوکم بکرێت، لەکاتی بڕیاری دادگا ، دەبێ لە ماوەو چۆنیەتی پەنابردن بۆ دادگای تێهەڵچوونەوە، ئاگادار بکرێتەوە.*

*٤) سزای مردن قەدەغەیە بۆ ئەو کەسانەی لەکاتی ئەنجامدانی کەتن و تاوانەکان تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووبێت یان لە دژی ئافرەتی دووگیان و ئەوانەی منداڵی ساوا و هەرزەکاریان هەیە.*

*٥) لە کاتی کۆتایی هاتنی شەڕ و ململانێی چەکداری کاربەدەست و فەرمانڕەوایان لێبوردنێکی فراوان ڕادەگەیەنن بۆ ئەو کەسانەی بەشدار بوون لە ململانێیەکە یان بە هۆی ئەو ململانێیە لە مافی ئازادی بێبەشکرابوون، ئەمەش گیراو و زیندانیەکان دەگرێتەوە*

ڕەشبگیری و قەتل و عامی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە دەرەوەی یاسا و دادگا بە دەستی کاربەدەستانی حکوومەتی عێراق لای هەموو کەسێک ئاشکرایە و بەپێی پرنسیپەکانی پێشەوە دەکەونە خانەی تاوانەکانی جەنگ.

٤) *تاوانی قڕان جینۆساید:* دەکرێ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئۆپێراسیۆنەکانی ئەنفال وەکو پڕۆژەیەکی نەخشە بۆ دارێژراوی لەناوبردنی گەلی کورد، لە لایەن دەوڵەتی عێراق، بناساندرێت. بەندی سێیەمی کۆنڤینسیۆنی تاوانی قڕان دان بە بەرپرسیارێتی ئەو کەسانە دەنێت، چ ئەوانەی کاربەدەستی دەوڵەتن و چ ئەوانەی هەونین، کە بەهەر شێوەیەک بەشداریان لە جێبەجێکردنی ئەم تاوانە کردبێت.

٥) *تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی:* بریتین لەو تاوانانەی لە کاتی ململانێی چەکداری، نێودەوڵەتی و نێوخۆیی، لە دژی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل ئەنجام دەدرێن (بۆ دەق و جۆرەکانی ئەم تاوانانە بنواڕە تێکستی دادگای تاوان بۆ یۆغسلاڤیا کە لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کراوە). ئەم پرنسیپە زۆر بەهێزە، هۆشدانێکە بۆ فەرمانڕەوایان کە ناتوانن چیتر بە ناوی کێشەو دەسەڵاتی نێوخۆ ئەمجۆرە تاوانانە ئەنجامدەن. ئەگەر بێت و چاوێک بەو هەژدە تۆن دۆکومێنتانەی ڕژێمی عێراق بخشێنین کە کەوتونەتە بەردەستی کورد ئەوە هەموو جۆرە تاوانێکمان بۆ ئاشکرا دەبێت. ئەم دۆکومێنتانە سامانی هەموو مرۆڤایەتین و شایانی پاراستن و پارێزگاریکردن و دیراسەیەکی قووڵن تاکو تاوانەکان لەبیر نەکرێن.

سەبارەت بە کوێت، حکوومەتی سەدام حوسێن کۆمەڵە پرنسیپەکی سەرەکی کارتیUN بەزاند: قەدەغەی بەکارهێنانی هێز بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەو بابەتەکانی ناوکۆ، تالآن و فەرهودی وڵاتێکی سەربەخۆو سەروەریکرد، هەزاران هاوڵاتی کوێتی کوشت، نزیکەی دەهەزار کەسی (هاوڵاتی چەند دەوڵەتێک) بەبارمتە گرت و یەکێک لە جەنگە هەرە ترسناک و وێرانکاریەکانی ئەم پەنجا ساڵانەی دواوەی هەڵگیرساند...



حکوومەتی کوێت ڕایگەیاند کە ١٠٨٢ هاوڵاتی خۆی کوژراون، لەوانە ١٥٣ منداڵ کە تەمەنیان لە خوارەوەی ١٣ ساڵان بووە، ٥٧ نەخۆشی کەم عەقڵ کە لە شێتخانە بوون، ١٢٠ کۆرپەی تازە لە دایکبوو کە هێشتا لەناو ئینکوباتۆر incubator (حاضنە) بوون ئەوەش لە ئەنجامی فەرهوودکردنی نەخۆشخانەکان. ٣٣ لەو ئافرەتە کوێتیانەی دەستدرێژی کرابووە سەر ناموسیان زگیان بوو بوو کۆرپەکانیان لەبەر بردووە. ١١٧٠٦ سەربازو هاوڵاتی سیڤیلی کوێتی بۆ عێراق گواستراونەوەو تاکو ئێستا نیوەیان نەگەڕاونەوەو بێ سەرو شوێنن[١٤٦]. هاوکارینەکردنی عێراق لە سۆراخ و لێکۆڵینەوە لە چارەنووسی ئەو بێ سەروشوێنانە هۆی سەرەکیە کە تاکو ئێستا ئەنجومەنی ئاسایش ئابڵوقەی لەسەر عێراق هەڵنەگرتووە.

چوارەم کۆنڤینسیۆنی ژنێڤ پەیوەستە بە پاراستنی کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی[١٤٧]، بەتایبەتی ئافرەت و منداڵ، قەدەغەی ڕاگواستنی بە زۆرەملێ (بەندی ٤٩) و دووپاتکردنەوەی کە لە هەموو بارودۆخێک دەبێ مامەلەی مرۆڤانەیان لەگەڵ بکرێت. ئەم زەمانەتانە هاوڵاتی وڵاتانی سێیەمیش دەگرێتەوە. بەندی ٣٤ ئەم کۆنڤێنسیۆنە دەڵێ بە بارمتە گرتن و هۆستێج قەدەغەیە»[١٤٨] کەچی حکوومەتی سەدام حوسێن هەزاران هاوڵاتی بیانی، لە کوێت، «بە بارمتە گرت و ڕەفتاری خراپ و نارەوای لەگەڵ کردن و هەندێکیشیان وەکو قەڵغانی مرۆیێ بەکارهێنران.

ئەم ڕەفتارەش پێشێلکردنی (بەندی ٢٨)ە کە دەڵێ :«نابێ هیچ کەسێکی مەدەنی بەکاربهێنرێت بۆ پاراستنی دامەزرا و یان شوێنێکی تایبەت لە ئۆپێراسیۆنی سەربازی». کەچی وەکو ئاشکرایە کاربەدەستانی بەغدا لە پێش و لە کاتی جەنگی کوێت بە بەردەوامی وێنەی بارمتەکانیان، بە تەلەفزیۆن، بڵاودەکردەوە کە ناچاریان کردبوون لە شوێنە سەربازی و ستراتیجەکان بمێننەوە. بەمجۆرە عێراق هەموو پرنسیپەکانی

(146) James D. ROBBINS, War Crimes, cit., p. 51

(١٤٧) بۆ دەقی کۆنڤێنسیۆنەکە بنواڕە: Pietro VERRI, Diritto per la pace e diritto nella guerra, op. cit., Doc. 41, pp. 387-428

(١٤٨) مامەڵە و ڕەفتاری کاربەدەستانی ڕژێمی عێراق پێشێلکردنی کۆنڤیسیۆنی نێودەوڵەتی دژی بە بارمتەگرتن International Convention Against Taiking of Hostages (A/Res. 34/ 146, 17.12.1979 ە کە ڕەفتاری بەبارمتەگرتن بەکردەیەکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدا. ئەم کۆنڤێنسیۆنە لە ١٤/ ١٠/ ١٩٨٠ لە لایەن عێراق مۆرکراوە و لە ١٩٨٣/٦/٣ کەوتۆتەکار.

کۆنڤێنسیۆنی چوارەمی بەزاند کە بەپێی (بەندی ٢٩) دەوڵەت بەرپرسیاری سەرەکیە و بەبێ چاوپۆشین لە بەرپرسیاری شەخسی.

سێیەم کۆنڤێنسۆن تایبەتە بە دیلەکانی جەنگ[١٤٩]، دیسان دووپاتەکراوەتەوە کە دەبێ مامەڵەی مرۆڤانەیان دەگەڵ بکرێت: هەموو جۆرە توندوتیژیەکی فیزیکی و دەروونی، جوێن پێدان و پیشاندانیان لە شوێنە گشتیەکان قەدەغەیە. بەپێی (بەندی ١٣) ئەو هێزەی دیلەکانی دەکەوێتە دەست بەرپرسیارە بەرامبەر ژیان و سەلامەتیان، نابێ ناچار بکرێن تا زانیاریە سەربازیەکانی خۆیان بدرکێنن (بەندی ١٧)، پاش دیلکردنیان دەبێ بۆ ئەو ئۆردوگایانە بگوێزرێنەوە کە دوورن لە شوێنی شەڕ و بەیەکداچوون و هەموو خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانیان بۆ دابین بکرێت (بەندی ١٩-٢٠)، نابێ وەکو قەڵغانی مرۆیی بەکاربێن بەڵکو وەکو کۆمەڵانی خەڵکی مەدەنی دەبێ لە شوێنی جەنگ دوور بکرێنەوە (بەندی ٢٣) و چەندەها زەمانەتی تر.

بێجگە لەوانەش ڕژێمی سەدام حوسێن، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، گوناهبارە بە تاوانی لەناوبردنی ژینگە (ئێکۆسای)د Ecocide عێراق بووە هۆی بەرپاکردنی کارەساتێکی ژینگەی بێ پێشینە: ٥٠٠ بیرە نەوتی کوێت، لە لایەن سوپای عێراق، تەقێندرانەوەو ئاگریان گرت و بوونە هۆی زەرەر و زیانێکی یەکجار گەورە، نەک تەها بۆ کوێت بەڵکو بۆ وڵاتانی دوورو نزیکیش. بارانە ترشەڵۆکەکان و هەورەو دوکەڵە ژەهراویەکان زیانیان بە کشتوکاڵ و دار و درەخت و چەندەها ڕووەک، لە وڵاتانی کەنداو ئەفریقا و ئاسیا، گەیاند. ئەو سەدان ملیۆن تۆن پەترۆڵەی ڕژایە ناو ئاوی دەریاکان بووە هۆی لەناوبردنی چەندەها گیانلەبەرو ڕووەکی ئاوی.

هەموو ڕێکەوتنامە و دابونەریتەکانی پەیوەست بە یاساکانی جەنگ دژی لەناوبردن و فەرهوودکردنی سامانی گشتی و زیان گەیاندن بەژینگەی سروشتین[١٥٠]، کۆنڤێنسیۆنی

(١٤٩) بۆ دەقی کۆنڤێنسیۆنەکە بنوارە: Pietro VERRI, Diritto per la pace e diritto nella guerra, op. cit., Doc. 40, pp. 329-386

(١٥٠) بەندی ٥٥ لە پرۆتۆکۆلی دووەمی ژنێڤ (١٩٧٧/٦/٨) بە ناونیشانی پاراستنی ژینگەی سروشتی دەڵێ: ١) لە کاتی جەنگ پێویستە ژینگەی سروشتی لە هەموو جۆرە زیانێکی فراوان و درێژخایەن بپارێزرێت. بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنانی ئەو مێتۆد و هۆیانەی زیان بە ژینگەی سروشتی و تەندروستی و سەلامەتی کۆمەڵانی خەڵکی ژینگەکە دەگەیەنن قەدەغەیە، ٢) هەموو پەلامار و هێرشێک، بە ناوی تۆڵەکردنەوە، بۆ سەر ژینگەی سروشتی یاساخە. هەروەها بنوارە (بەندی ٣٥)ی هەمان پرۆتۆکۆل.



نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ژینگەی سروشتی کە لە ١٩٧٦/١٢/١٠ بەستراوە و لە لایەن عێراقیش مۆرکراوە دەڵێ[١٥١]:

*١- هەر دەوڵەتێکی بەشدار لەم کۆنڤێنسیۆنە بەڵێن دەدا، بۆ ئامانجی سەربازی یان ئەو ئامانجانەی زیان بە ژینگەی سروشتی دەگەیەنن کە ڕەنگدانەوەی فراوان و درێژخایەن و زیانبەخشیان هەیە، ئەو ئامراز و تەکنیکانەی دەبنە هۆی گۆڕانکاری ژینگەی سروشتی، لەناوبردن و زیان پێگەیاندنی ژینگە، بەکارنەهێنی کە زیان بەدەوڵەتێکی بەشدار دەگەیەنن.*

*٢- لەژێر ڕۆشنای بەندی ١، واتای تەکنیکەکانی گۆڕانکاری ژینگەی سروشتی هەموو ئەو تەکنیکانە دەگرێتەوە، لە ڕێگەی دەستکاری و مانیپۆلکردنی پرۆسەکانی سروشت، کە ئامانجیان گۆڕانکاری دینامیک و پێکهاتە یان ستراکتەری زەوی، بیۆسفێر Biosphere (بەهەموو بونەوەرەکانێ)، لیتۆسفێر Lithosphere، ئەتمۆسفێر Atmosphere یان کایەی دەرەوەی ئەتمۆسفێرە.*

ئەو زیانانەی بە ژینگە دەکەون، سوپاس بۆ «ویژدانی سەوز» بە تێپەڕبوونی کات زۆرتر دەبنە مایەی نیگەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. کۆمیسیۆنی یاسای نێودەوڵەتی سەر بە UN داوای لێکراوە پرۆژەیەکی تێرو تەسەل، سەبارەت بەپاراستنی ژینگە، ئامادەبکات، لەیەکەم ڕەشنووس، لە بەندی ١٩ دەربارەی تاوانەکانی ژینگە دەڵێ: «ڕەفتارو فاکتی ناڕەوای نێودەوڵەتی بریتین لە پێشێلکردنی ئەرک و ئیلتیزاماتی نێودەوڵەتی، لە لایەن دەوڵەتێک، کە بە بەرژەوەندی جەوهەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیاریکرابن و ئەو پێشێلکردنانەش لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تاوان ناسرابێت ئەوە ڕەفتارو فاکتە ناڕەواکان بەتاوانی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێن»[١٥٢].

حکومەتی عێراق لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و پەلامار و هێرشە دڕندەکانی شەلم کوێرم ئەوەی بێتە پێشم نایبوێرم ژینگەی سروشتی و هەبیتاتی کوردی

(١٥١) کۆنڤێنسیۆنی نێودەوڵەتی سەبارەت بەقەدەغەکردنی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە تەکنیکەکانی گۆڕانکاری ژینگەی سروشتی بۆ ئامانجی سەربازی یان هەر ئامانجێکی زیانبەخش بەژینگە لە ١٩٧٦/١٢/١٠ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی A/res. 31/72, 10.12.1976 پەسەندکراوە. بۆ دەقی کۆنڤێنسیۆنەکە بنوارە: Pietro VERRI, Diritto per la pace,op.cit.,Doc.26,pp.229-233.

(١٥٢) پاراستنی ژینگە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتێ: Giorgio BADIALI, La tutela internazionale dellambiente, Napoli, ESI, 1995, cit. a p. 202.

ویرانکرد و له ئەنجام چەندەها جۆر و ڕەگەزی زیندەوەر و ڕووەک له کوردستان لەناوچوون.

ئەم جینایەتانەش بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناسراون، لە هەر شوێن و لە هەر کاتێک ئەنجامدرابن دەبێ بکەونە بەر باری پشکنین و لێکۆڵینەوە و، ئەو کەسانەی (چ ئەوانەی سەر بە دەوڵەتن یان نا) بەم تاوانانە گوناهبارکراون پێویستە دەستگیر بکرێن و ببرێنە بەردەم دادگا و ئەگەر تاوانبارکران ئەوە دەبێ سزا بدرێن[153].

هەروەها بەپێی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی دەوڵەت بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە ئەستۆ لە بەرامبەر پێشێلکاری کۆنڤێنسیۆنەکانی ژنێڤ (١٩٤٩) سەبارەت بەدابونەریتەکانی جەنگ، بنوارە: بەندی ٥١ لە کۆنڤێنسیۆنی ١، بەندی ٥٢ لە کۆنڤێنسیۆنی ٢، بەندی ١٣١ لە کۆنڤێنسیۆنی ٣ و بەندی ١٤٨ لە کۆنڤێنسیۆنی ٤[154]. کەچی بۆ بەرپرسیاریەتی شەخسی بنوارە: بەندی ٤٩، ٥٠ و ٥٢ لە کۆنڤێنسیۆنی ١، بەندی ٥٠، ٥١ و ٥٣ لە کۆنڤێنسیۆنی ٢، بەندی ١٢٩، ١٣٠ و ١٣٢ لە کۆنڤێنسیۆنی ٣، بەندی ١٤٦، ١٤٧ و ١٤٩ لە کۆنڤێنسیۆنی ٤ و، هەروەها بەندی سێیەم کە لە هەر چوار کۆنڤێنسیۆنەکە هاوبەشەو دەقەکەی وەکو یەکە.

باشترە ئاماژە بەوە بکرێت کە (بەندی ٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای تاوانەکانی یۆگسلاڤیای پێشوو دووپاتەی ئەوە دەکاتەوە کە بەرپرسیاری (تاوانەکانی پێشێلکردنی چوار کۆنڤێنسیۆنەکانی ژنێڤی ١٩٤٩، بەزاندنی دابونەریتەکانی جەنگ، تاوانی

(١٥٣) بنوارە (بەندی ١-٢)ی کۆنڤێنسیۆنی نێودەوڵەتی «سەبارەت بە بەسەر نەچوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی» کە بە بڕیاری ٢٣٩١ی ٢٦/١١/١٩٦٨ پەسەندکراوە و لە ١١/١١/١٩٧٠ کەوتۆتە کار، هەروەها بنوارە (بەندی یەکەم) لە «پرنسیپەکانی هاریکاری نێودەوڵەتی سەبارەت بە گەڕان و گرتن و تەسلیمکردنەوە و سزادانی کەسانی تاونبار بە تاوانەکانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی» کە بە بڕیاری ٣٠٧٤ی کۆمەڵەی گشتی لە ٣/١٢/١٩٧٣ پەسەندکراوە.

(١٥٤) بەپێی ئەم بەندانە کە دەقەکانیان وەکو یەکە دووپاتەکراوەتەوە کە «هیچ لایەنێک ناتوانێ خۆی یان لایەنێکی تری بەشداربوو بەدوور بگرێت لە بەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر پێشێلکاری پرنسیپی ئەم کۆنڤێنسۆنانە»، واتە ئەو تاوانانەی دژی کەس و سامان و شوێنە پاراستراوەکانی کۆنڤێنسیۆنەکان ئەنجامدراون کە ئەمانە دەگرێتەوە: کوشتنی لە خۆڕایی، ئەشکەنجە و مامەڵەی نامرۆڤانە، زیان پێگەیاندن لە ڕووی فیزیکی و دەروونی، ڕاگواستنی بە زۆرەملێ و گواستنەوەی نا قانونی، گرتنی نا یاسایی، لەناوبردن و تالان و فەرهودکردنی ئەو سامان و کەلوپەلانەی پەیوەندیان بە پێویستیە سەربازیەکانەوە نییە و.... هتد.



جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی) کەسێتیە و بەشێوەیەکی موتڵەقیش دەرگا بەسەر هەرجۆرە لێبوردنی، تایبەتی و گشتی، دادەخات[155].

بەپێی ئەم کۆنڤێنسیۆنانە لیستی تاوانەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن زیاتر درێژ دەبنەوە، هەرچی پەیوەندی بە جینۆسایدی کوردەوە هەیە ئەوە پەرلەمانی ئەوروپی لە بڕیارێکی ١٨/٤/١٩٩١ داوای لە وڵاتانی بازاڕی ئەوروپی کرد تا «پەنا بۆ دادگای دادی نێودەوڵەتی ببەن بۆ ناساندن و ئیدانەکردنی جینۆسایدی گەلی کورد بە دەستی ڕژێمی سەدام حوسێن بەپێی کۆنڤێنسیۆنی تاوانی قڕانی ساڵی ١٩٤٨»[156]. هەمان ڕۆژ (١٨/٤/١٩٩١) سێناتی ئەمریکی، بە بڕیارێک، داوای لە ئیدارەی سەرۆک بوش کرد تا داوا لە UN بکات بۆ ئەوەی سەدام حوسێن لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی سزا بدرێت[157]. چەند ڕۆژێک پێشتر (١٥/٤/١٩٩١) وەزیرانی دەرەوەی کۆمونیتەی ئەوروپی داوایان کردبوو کە «سەدام حوسێن لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی بە تاوانی قڕانی کورد دادگایی بکرێت».

ماکس ڤان دێر شتۆیڵ Max Van der Stoel، چاودێری UN بۆ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە عێراق Rapporteur Spècial، دوای توێژینەوەیەکی قووڵ و لەژێر ڕۆشنایی پرنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی داوای پێکهێنانی دادگایەکی پێنالی، هاوشێوەی ئەوەی بۆ یۆگسلاڤیای پێشو و ڕواندا دروستکراون، کرد تا سەرانی ڕژێمی عێراق (لە

(١٥٥) بەندی ٧ دەڵێ: «(١) هەرکەسە بەخۆی بەرپرسیارە لە ئامادەکردن، هاندان، فەرمان پێکردن، جێبەجێکردن یان یارمەتیدان و چاو لێخشاندن لە پلان و ئامادەکردن و جێبەجێکردنی یەکێک لەو تاوانانەی لە بەندی ٢-٥ ئاماژەیان بۆکراوە، ٢) پلە و پایەی ڕەسمی گوناهبار، چ ئەو کەسە سەرۆکی دەوڵەت یان حکوومەت بێت یان فەرمانبەرو کاربەدەستێکی دەوڵەت بێت، نابێتە مایەی بەلاوەنانی لە بەرپرسیاریەتی پێنالی یانیش لە گوناهو تاوانەکەی کەم ناکرێتەوە، ٣) ئەگەر هەر فەرمانبەرو کاربەدەستێک بە تاوانەکانی بەندی ٢-٥ گوناهبار بکرێت ئەوە نابێتە مایەی بەدوورگرتنی فەرمانبەر و کاربەدەستانی سەرەوە لەم تاوانە ئەگەر ئاگایان لێ بووبێت و یان دەبوایە بیزانیبایە و هیچ هەوڵێکی نەدابێت بۆ ڕێگەگرتن لە ئەنجامدانی ئەم تاوانانە یانیش هیچ بڕیارو هەڵوێستێکی وەرنەگرتبێت بۆ سزادانی بکەرانی ئەم تاوانانە، ٤) ئەگەر هاتوو کەسێک گوناهبار کرا بەم تاوانانە و بە فەرمانێکی حکوومی یان کاربەدەستێکی لە خۆی بەرزتر ئەنجامی دابێت ئەوە نابێتە مایەی بەدوورگرتنی لە بەرپرسیارێتی پێنال بەڵام دەکرێ دادگا، بە مەبەستی عەدالەت، سزاکەی کەم بکاتەوە».

(156) GUCE, n. C/129, 20.5.1991, pp. 141-142

(157) The Persian Gulf War Criminals Prosecution Act of 1991 (S. 253)

سەروی هەموویانەوە سەدام حوسێن و عەلی حەسەن مەجید) بەتاوانی جینۆسایدی کورد و تاوانی داگیرکردنی کوێت و ئاکامەکانی سزا بدرێن(١٥٨).

سەرەڕای بوونی چەندەها بەڵگەی بەڵگەنەویست تا ئێستا هەموو پرسیارەکان بێ وەڵام ماونەوە سەبارەت بۆچی UN و هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا نەیانوویستووە سەرانی ڕژێمی بەغدا ڕاپێچی بەردەم دادگایەکی کەتنی نێودەوڵەتی بکەن. پێنتاگۆن لە نیسانی ١٩٩١ ڕاپۆرتێکی، سەبارەت بە شەڕی کەنداو و کوێت، خستە بەردەم کۆنگرێسی ئەمریکی کە تیایا زنجیرە تاوانێک خراونەتە ئەستۆی ڕژێمی سەدام حوسێن. تاوانەکانیش تایبەتن بە پێشێلکردنی کۆنڤێنسیۆن و ڕێکەوتنەکانی کە لە پێشەوە ئاماژەیان بۆ کراوە و شیکراونەتەوە(١٥٩).

مەسەلەیەک کە زۆر قسەی لەسەر کراوە ئەویش بریتیە لەوەی ئاخۆ، لە دوای ئازادکردنی کوێت، لە ڕووی ئەخلاقی (مۆراڵ) و یاساوە ڕەوابوو یان لە ڕووی سیاسی لە شوێن و کاتی خۆیدا بوو تا هاوپەیمانان چووبانە بەغدا و سەدام حوسێن و دارودەستەکەی entour-age بگرن و دادگاییان بکردبانە؟ یەکسەر وەڵامدانەوە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ لە لایەن نووسەر وا دێتە بەرچاو کە خۆی تووشی گێژاوی هەست و نەست و سۆز بکات.

بەڵام دەکرێ چەند فاکت و ڕووداوێک بهێنینەوە بیر: لە دیسەمبەری ١٩٨٩ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکی چوونە پەنەماو مانیۆیل نۆریێگە Manuel Noriega ی دیکتاتۆریان گرت و دادگاییان کرد و خستیانە زیندانەوە، لە ١٩٩٤ بە ڕەزامەندی UN چوونە هایتی و حکوومەتی سەربازی ژەنەڕالەکانیان ڕووخاند و حکوومەتی شەرعی ژان بێرتراند ئەریستیدی Hean Bertrand Aristide گەڕاندەوە. هەموو مرۆڤێکی ژیر و بە ویژدان کۆکە لەسەر ئەوەی کە سەدام حوسێن تاوانێکی یەکجار زۆری ئەنجامداوە، چ لەسەر ئاستی نێوخۆ چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەوەی کە مانوێل نۆریێگە جێبەجێی کردبێت. هەروەها کەس حاشا لەوە ناکات کە حکوومەتی سەدام حوسێن هەموو یاسا و ڕێکەوتننامەکانی تایبەت بە دابونەریتەکانی جەنگ و مافەکانی مرۆڤ پێشێل

(158) E/CN. 4/1994/58, Rapp. Cit., pp. 69-70

(159) United States: Department of Defense Report to Congress on the Conduct of the Persian Gulf War, Appendix on the Role of the Law of War, 10.04.1992, in "International Legal Material", 1992, pp. 612-644.



کردووە(١٦٠) و، هەر لەبەر پێشێلکاریەکانی لەمجۆرەش بوو کە دوو دادگای کەتنی نێودەوڵەتی بۆ یۆگسلاڤیای پێشوو (١٩٩٣) و ڕواندا (١٩٩٥) دروستکران.

حکوومەتی کوێت، لە دوای تەواوبوونی شەڕ، ٦٠٠ کەسی، لەوانە سەربازی عێراقی، کوێتی و هاوڵاتیانی لاتانی سێیەم (بە گوناهی دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ سوپای داگیرکەری عێراق) بە تاوانەکانی جەنگ دادگایی کرد. بەڵام لە هەمووی سەیرتر و پەڕادۆکسالتر بریتیە لەوەی کە حکوومەتی عێراق دادگایەکی لە بەغدا، لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە دژی ئیدارەی بوش، پێک هێنا. لەوەش زیاتر لە نیویۆرک دادگایەکی نادەوڵەتی، کە لە لایەن حکوومەتی سەدام حوسێن پاڵپشتی لێ دەکرا، بۆ تاونبارکردنی USA کە لە لایەن ڕێکخراوێک بە ڕابەرایەتی ڕەمزی کلارک Ramsy Clark ی کۆنە دادوەری گشتی ئەمریکی ئامادەکرا(١٦١).

کەواتە هەموو جۆرە پاساوێکی یاسایی و ئەخلاقی لەبەردەستدان بۆ دادگایکردنی سەرانی عێراق کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە پێشەوەی هەموویان ئەمریکا، تا ئێستا پێشنیاز و هەنگاوێکی بەجدیان لەم بارەیەوە بەرزنەکردۆتەوە هەرچەندە بەیەکجاریش لەبیریان نەکردووە. ئەوەتە تاوانەکانی باس کراون بەسەرچوونیان بۆ نییە و، وادیارە ڕۆژئاوا نیازی وایە وەکو کارتی فشارکردن، لە دژی ڕژێمی سەدام حوسێن، بۆ فراونکردن و بەهێزکردنی بەرژەوەندیە جیۆپۆلیتیکیەکانی لە ناوچەکە بەکاریان بهێنێت.

شتێک دەمینێتەوە ئەوەیش بریتیە لەوەی کە دادگاییکردنی ڕژێمی سەدام حوسێن، بەتایبەتی بە تاوانی جینۆسایدی کورد، گرنگیەکی مێژوویی بەخۆوە دەگرێت، نەک هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. کەواتە ئەرکی هەموو دامەزراوەکانی UN و دەسەڵات بە دەستەکان، بەتایبەتی ئەرکی کورد خۆیان، تا لەژێر ڕۆشنایی یاسا نێودەوڵەتیەکان

(١٦٠) پێویستە ئەوەش بهێنینەوە بیر کە لەشکری هاوپەیمانانیش، لە کاتی شەڕی ئازادکردنی کوێت، زنجیرە پێشێلکاریەکیان ئەنجامدا کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی هەندێ جۆرە چەک کە بەچەکە زیرەکەکان ناسراون یانیش بەکارهێنانی هەندێ مادەی کیمیاوی بەڵام ئەم بابەتە ناکەوێتە کایە و ئامانجی ئەم توێژینەوەیە.

(١٦١) ئەم دادگاییە، لە دژی ئیدارەی ئەمریکی، لە مایسی ١٩٩١ بە ناوی دادگای جیهانی تاوانەکانی جەنگ International War Crime Tribunal کارەکانی ئەنجامدا، تاوان و بڕیارەکان لە دۆسیەیەک بەناوی دۆسیەی تاوانەکانی جەنگی ئەمریکا Dossier on US War Crimes لە لایەن کۆمیتەی بۆ ڕاستی لەسەر جەنگی کەندا Comitatato per la verità sulla guerra del Golfo کراوەتە ئیتالی و بڵاوکراوەتەوە.

دادگایەک پێک بهێنن. حەقی وایە کورد خۆیان دەست پێشخەری دادگاییکردنێکی ڕەمزی (سیمبۆلیک) بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش داوای هاریکاری و بەشداربوون لە ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ و کەسایەتیە سیاسی- ئینتێلێکتواڵەکان و یاسازان بکەن تا سەرانی ڕژێمی عێراق، هەتا بە غیابیش (کۆنتوماچ) بێت، سزا بدرێن[١٦٢].

## بڕیاری ٦٨٨

ئەم بڕیارە لە هەلومەرجێکی دژوارو یەکجار دراماتیک دەرچوو، ئەنجومەنی ئاسایش نەیدەتوانی خۆی لە بەرپرسیاریەتی بەدوور بگرێت و تەدەخول نەکات. لە ئەنجامی بارێکی دەروونی ناسک، لە بەرامبەر کۆڕەوی سێ ملیۆن کوردی عێراق بۆ وڵاتانی دراوسێ و، لەژێر فشاری ڕای گشتی جیهانی پەشۆکاو بۆ چارەنووسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەندێ وڵات داوایان لە ئە. ئاس. کرد تا بەزووترین کات دەخالەت لە کێشەکەدا بکات. ئەم بڕیارە بەرهەمی داواکاری و پێشنیازی چەند دەوڵەتێک بوو، بەتایبەتی فەرەنسا[١٦٣]، تورکیا و ئێران[١٦٤]. ئەوەش هەڵوێستێکی پەرادۆکسالی مێژوویيە کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان (تورکیا و ئێران) داوا لە بەرزترین ئۆرگانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا دەخالەت لە کێشەی کوردی عێراق بکرێت. بەڵام ئەم هەڵوێستە بۆ پاراستن و پارێزگاری لە کوردی عێراق نەبوو بەڵکو بۆ ئەوە بوو تا ڕێگەی پەڕینەوەی سنووریان لێ بگیرێت و نەهێڵن پەیوەندی بە براکانیان، لەودیوی سنوور، بکەن کە خۆیان ئامادە دەکرد کۆمەک و یارمەتی پێشکەش بکەن. ئەوەتە بەدرێژایی مانگی نیسان و مایسی ١٩٩١ کوردی ئەم دوو وڵاتە هەڵوێستێکی جوامێر و نیشتمانپەروەریان نواند و، دەرگای ماڵەکانیان بۆ کوردی عێراق ئاوەڵاکرد و بەهەموو توانایەک یارمەتیان دان.

(١٦٢) دێنینەوە بیر کە دادگای هەمیشەی گەلان کە لە کەسایەتی بەناوبانگی چەندەها وڵات پێک هاتووە، دامەزراوێکی نادەوڵەتیە و تا ئێستا چەندەها بڕیاری دەرکرووە وەکو: سەبارەت بەجەنگی ڤێتنام، جینۆسایدی ئەرمەنیەکان، گەلی تیبەت، ٥٠٠ ساڵی دۆزینەوەی ئەمریکا، فۆندی دراوی نێودەوڵەتی و بانقی جیهانی و.... تاد.

(١٦٣) سەبارەت بەنامە و داواکاریەکانی فەرەنسا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بنواڕە: UN Doc. S/22442, 04.04.1991

(١٦٤) سەبارەت بەنامە و داواکاریەکانی تورکیا و ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بنواڕە:
UN Doc. S/22435, 03/.04/.1991 UN Doc. S/22435, 02.04.1991,



لە نامە و داواکاریەکانی حکوومەتی تورکیا و ئێران، بێجگە لە تەنگوچەڵەمەی ئابووری، بە ئاشکرا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کە پەڕینەوەی ملیۆنەها کەس بۆ ناو سنووری وڵاتەکەیان مەترسی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو نێودەوڵەتی پێک دێنی.

دەقی بڕیارەکە، لە سەرەتاوە، لە لایەن فەرەنسا ئامادەکرا و پاشان لە ئەنجومەنی ئاسایش هەندێ دەستکاری تیاکرا. ئە. ئاس. بۆ ئیدانەکردنی عێراق ئاماژە بە بەندی (٧§٢) کارتی UN دەکات و دووپاتەی پارێزگاری و پاراستنی سەروەری، یەکپارچەیی و سەربەخۆیی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە (بە عێراقیشەوە) دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی ئاسایش ئیدانەی ڕاونان و سەرکوتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیلی کرد و وتی ئاکامەکانی ئەم ڕەفتارانە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەن. لێرە هەندێ لە یاساناسان و سیاسەتوانان گومان دەخەنە سەر ئەو فاکتەی کە دەخالەتی ئە. ئاس. نابێ بۆ پاراستن و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ لە قەڵەم بدرێ، بەڵکو بۆ ئاکامەکانی ئەو پێشێلکاریانە، هەروەکو بڵێی پێشێلکاری مافە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، بە تەنها، پاساو نادەنە ئە. ئاس. تا داکۆکیان لێ بکات و بیانپارێزێ. بەڵام ئەم بۆچوون و هەڵوێستانە بە تێپەڕبوونی کات پشتگوێ خراون و لە لایەن زانستی یاسازانی و ڕای گشتی بەرپەچدراونەتەوە، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی ڕووداوەکانی یۆگسلاڤیای پێشوو، فەلەستین[١٦٥]، سۆماڵ، ڕواندا، هایتی و وڵاتانی تر (نەگۆرنۆ - قەرەباخ[١٦٦]، کەمبۆجیا[١٦٧]، ئازەربایجان[١٦٨]، جۆرجیا[١٦٩]، لیبێریا[١٧٠]، ئەبخازیا[١٧١]،

(١٦٥) بڕیاری ئە. ئاس. سەبارەت بە ئیدانەکردنی کوشتارەکەی فەلەستینیەکان مزگەوتی ئیبراهیم خەلیل لە شاری هێبرۆن، S/Res. 904, 18.03/1994

(166) S/Res. 822, 30.04.1993; S/Res. 874, 14.10.1993

(167) S/Res. 840, 15.06.1993

(168) S/Res. 853, 29.07.1993; S/Res. 884, 12.11.1993

(169) S/Res. 858, 24.08.1993

(170) S/Res. 866, 22.11.1993

(171) S/Res. 876, 19.10.1993; S/Res. 892, 22.12.1993; S/Res. 896, 31.01.1994; S/Res. 937, 21.07.1994; S/Res. 993, 12.05.1995

ئەنگۆلا[١٧٢]، مۆزەمبیق[١٧٣]، یەمەن[١٧٤]، مەکدۆنیا - کۆسۆڤ[١٧٥]، سلاڤۆنیا[١٧٦]، تاجیکستان[١٧٧]). ئەم حاڵەتانە هەموویان پەیوەستن بە دژواری بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ناوەوەی هەریەک لەم دەوڵەتانەی ئاماژەیان بۆکراوە کە تیایا چەندەها ململانێی چەکداری، لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵ، بەرپابوون، کەواتە دەخالەتی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ فراوان و زۆرتر دەبێ. لەژێر ڕۆشنایی ئەم پەرەسەندنە بەرپەرچی ئەو بۆچوون و واتا کلاسیکیانە دەدرێتەوە کە خوازیاربوون بڕیارو کردەوەکانی ئە. ئاس.، بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ، لە ناوەرۆک و ڕەوایەتی یاسای نێودەوڵەتی و زانستی یاسازانی بەتاڵ بکەن. کۆمەڵەی گشتی UN لە ڕاگەیاندنی سەبارەت بە مافی گەلان بۆ ئاشتی دووپاتە دەکاتەوە کە قەناعەتی قووڵی بەوە هەیە کە ژیانێکی بێ جەنگ و ململانێ داواکاری و کۆڵەگە و بناغەیەکی پتەوی نێودەوڵەتی سەرەکین بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی ماددی و پەرەسەندن و پێشڤەچوونی وڵاتان و، جێبەجێکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتیەکان کە لە لایەنUN ڕاگەیەندراون و، دابینکردنی ژیانێکی بە ئاشتیانەش ئەرکی پیرۆزی هەموو

(172) S/Res. 823, 30.04.1993; S/Res. 864, 15.09.1993; S/Res. 932, 30.06.1994

(١٧٣) بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش دەربارەی هەڵبژاردنی سیاسی لە مۆزەمبیق: S/ S/Res. 960, 21.11.1994

(174) Res. 924, 01.06.1994

(١٧٥) بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بەڕەوانەکردنی هێزی ئاشتی پارێز لە مەکدۆنیا:
S/Res. 855, 09.08.1993; Res. 983, 31.03.1995; S/Res. 1027, 30.11.1995.
بڕیاری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ و کۆمەڵەی گشتی سەبارەت بەمافە مرۆیی و ئێتنی و کولتووریەکانی کەمینە ئەلبان نەژادەکان لە کۆسۆڤ. E/CN. 7/1993, 23.02.1993; E/CN. 76/1994, 09.03.1994; A/Res. 48/153,٢٠,١٢,١٩٩٣ ; A/Res. 49/204, 23.12.1994.

(١٧٦) کرۆئاتیا و سێربیا هەریەکە داوای گەڕانەوەی هەرێمی (سلاڤۆنیا Slavonia) دەکەن، لە ١٢/١١/١٩٩٥ کرۆئاتیا و سلاڤۆنیا، بۆ چارەسەر کێشەی نێوانیان، ڕێکەوتنێکیان مۆرکرد و ئەنجومەنی ئاسایش ڕەزامەندی دەربڕێ:
S/Res. 1023, 22.11.1995; S/Res. 1031, 29.12.1995; S/res. 1037, 15.01.1996; S/Res. 1038,
لەم حاڵەتە لەبەرامبەر دوو لایەنداین، لە لایەک کرۆئاتیا کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەبگێکتی یاسایی نێودەوڵەتیە، لەلایەکی تر سلاڤۆنیا کە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری نییە.

(١٧٧) ئەنجومەنی ئاسایش بەبڕیاری ژمارە ٩٦٨ی ١٦/١٢/١٩٩٤ میسیۆنی چاودێری بۆ ململانێی چەکداری نێوخۆی تاجیکستان پێک هێنا. هەروەها ڕێکخراوی ئاسایش و ئالیکاری ئەورووپیش چەندەها شاند و میسیۆنی ڕەوانەی تاجیکستان کردووە.



دەوڵەتێکە[١٧٨]. بەمشێوەیە، لە حاڵەتی گەلی کورد، چ هەڵوێست و ڕەفتاری ئەنجومەنی ئاسایش و چ هی هاوپەیمانێتی ڕۆژئاوا لە کوردستانی عێراق، زۆر لە نزیکەوە بە داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و پاراستن و دابینکردنی ئاشتیەوە گرێدراوون.

لە حاڵەتی کورد لە بەرامبەر پێشێلکاریەکی سادەو بچووکدانین بەڵکو زنجیرە تاوانێک، لەبەر ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی بێ دیفاع، لە ڕێگەی کۆڕەوەکە، ڕێگەی خۆدەربازکردنیان گرتە بەر چونکە زۆرباش سەرکوتکردنی دڵڕەقانەی ڕژێمی عێراقیان دەناسی: کوشتنی بە کۆمەڵ، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بەکتریۆلۆجی. بە کۆڕەوەکە کۆمەڵانی خەڵک دەیانویست، بە هەر شێوەو نرخێک بێت، خۆیان نەجات بدەن و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پەندە لاتینیەی کە دەڵێ ڕزگار بوون لە هەڵاتن دایەnon est salus nisi in fuga کۆڕەوە مێژوویەکەیان دروستکرد. بەمشێوەیە ئەنجومەنی ئاسایش، لەبەرامبەر پێشێلکردنی کۆنڤێنسۆنەکانی ژنێڤ، جینۆساید، دروستکردنی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، نەیدەتوانی بێ هەست و نەست و دەستەوەستان بمێنێتەوە.

ئەنجومەنی ئاسایش یەکسەر داوای لە عێراق کرد دەمودەست کۆتایی بە سەرکوتکردن و ڕاونانی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل بهێنێت، پاشان داوای لە سکرتێری گشتی UN کرد تا هەموو ئەو سامانانەی لەبەردەستایە، بە هی ئاژانسە تایبەتیەکانیشەوە، بۆ کۆمەک و یارمەتیدانی کۆمەڵانی خەڵکی لێقەوماو سەرف بکرێت. هەروەها ئە. ئاس. داوای لە هەموو دەوڵەتان کرد تا هاریکاری ئۆپێراسیۆنەکانی گەیاندنی کۆمەک بکەن، پاشان داوای لە حکوومەتی عێراق کرد تا ڕێگە بە ڕێکخراوە خێرخوازە نێودەوڵەتی و نادەوڵەتی بدات بۆ ئەوەی بەبێ هیچ تەگەرەیەک بە ئازادی بتوانن بگەونە هەموو قوژبنێکی وڵات و یارمەتی کۆمەڵانی خەڵکی پێویستبوو بدەن.

لەم ڕوانگەیەوە پێویستە تەماشای ئۆپێراسیۆنی پرۆڤاید کۆمفۆرتProvide Comfort Operation بکرێت و هەڵسەنگینرێت کە لە سەرەتاوە بووە مایەی بەرپابوونی چەندەها ڕەخنە و ناڕازیبوون، لە لایەن هەندێ یاسازان و سیاسەتوان، کە نەیاندەویست دان بە پرنسیپی دەخالەتی مرۆڤیتاری بێنن. فڕێدانە خوارەوەی خۆراک و داودەرمان لە ئاسمانەوە

(١٧٨) ڕاگەیاندنی سەبارەت بە مافی گەلان بۆ ئاشتی، بەبڕیاری ٣٩/١١ی کۆمەڵەی گشتی، لە ١٢/١١/١٩٨٤ پەسەند کراوە.

بە پەڕەشوت، چوونی سوپای ڕۆژئاوا بۆ ناو کوردستانی عێراق، ڕاگەیاندنی ناوچەی ئارام و هەرێمی نەفڕین دەکەونە کایەی ئامانجەکانی ئەنجومەنی ئاسایش. بەبێ دەخالەتی هاوپەیمانەکان حکوومەتی بەغدا دەستی لە سەرکوتکردن و ڕاونان هەڵنەدەگرت و ڕێگەی بە کۆمەکی مرۆیی بۆ کورد نەدەدا. ئەم دەخالەت و کۆمەکە پێویستی بە هاریکاری وڵاتانی دەورووپشت هەبوو، ئەوانەی خۆیان داوای دەخالەتی ئەنجومەنی ئاسایشیان کردبوو، ئەوانەش بەنیوەچڵی هاریکاریان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی UN و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی NGOs کرد. بەتایبەتی تورکیا ڕێگەی بە هێزی هاوپەیمانان‌دا تا بە خاکەکەی تێبپەڕن و لەوێ بمێننەوە بارەگەو کامپی سەربازی جێگیر دروست بکەن[١٧٩]. لە ڕاستیدا هەندێ لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، پێشتر لە کاتی ڕاپەڕینی سەرەتای ئاداری ١٩٩١، کۆمەک و یارمەتی مرۆییان پێشکەشی کورد کردبوو[١٨٠].

لەکاتی دیباتیتۆی ئەنجومەنی ئاسایش کە بووە هۆی پەسەنکردنی بڕیاری ٦٨٨، جگە لە ١٥ دەوڵەتی ئەندام، ١٥ دەوڵەتی تریش، بەبێ مافی دەنگدان، بەشداریان لە گفتوگۆ و وتوێژ کرد، تەنها کوبا و زیمبابۆ و یەمەن بە نا دەنگیاندا، ئەوانی تر پاڵپشتیان لێکرد، ١٥ وڵاتەکەی تریش بە ئاشکرا پاڵپشتی خۆیان لە بڕیاری ٦٨٨ دەربڕی[١٨١]. لە کاتی دیباتیتۆی ئەنجومەنی ئاسایش هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆک بوون کە پێشێلکردنە گەورەو فراوانەکانی مافی مرۆڤ ناکەونە کایەی دەسەڵاتی نێوخۆ و چیتر بە پاوانی پاراستراوی ناوەوەی دەوڵەتان لە قەڵەم نادرێن و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ناتوانێ چیتر لە بەرامبەریان بێ دەنگ و دەستەوەستان دابنیشێ، چونکە ئەم پێشێلکاریانە دەبنە مایەی هەڕەشەکردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. هەندێ لە ئەندامان و بەشداربوانی کۆبوونەوەی ئە. ئاس. ئەوەیان هێنایەوە بیر کە عێراق کۆنڤێنسیۆنەکانی ژنێڤی ١٩٤٩ مۆرکردووە کە لایەنەکان ناچار دەکات ڕێز لە دابونەریتە مرۆڤیتاریەکان بگرن لە کاتی ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی و نێوخۆ. هەندێ دەوڵەت، سەرەڕای

(١٧٩) تا ئێستا هێزی سەربازی هاوپەیمانان (بەتایبەتی ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا) لە سەربازگەی ئینچیرلیکی تورکیا ماونەتەوە کە نزیکە لە سنووری کوردستانی عێراق و ئەرکیان پارێزگاریکردنی هەرێمی نەفڕینە.

(١٨٠) بنواڕە ڕاگەیاندنی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە ١٩٩١/٤/٤، لە:
Pratique Francaise du Droit International", 1991, p. 942"

(١٨١) بنواڕە گفتوگۆی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش (ژمارە ٢٩٨٢)ی ١٩٩١/٤/٥



پاڵپشتیان لە بڕیاری ٦٨٨، ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە ئەم بارودۆخە نائاساییەی عێراق نابێ ببێتە محەکێکی پێشینە بۆ ڕووداوەکانی ئاینده بەڵام ئاشکرایە هەموو ڕووداو و بارە نائاساییەکان، لە ڕوانگەی مێژوویی، دەبنە پێشینە بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر فاکت و ڕووداوەکانی ژیان. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگەی دەوڵەتان بە تێکڕای پاڵپشتی لە بڕیاری ٦٨٨ کرد یانیش بێدەنگ بوو. لە ڕۆشنای دابونەریتەوە بێ دەنگیش بۆ زانستە یاسازانی دەبێتە پێشینە.

ئەنجومەنی ئاسایش، بێجگە لە ئیدانەکردنی عێراق، ڕایگەیاند: «هیوادارە دەرگای وتوێژو دیالۆگ لە نێوان لایەنەکان بکرێتەوە تا ببێتە مایەی ڕێزگرتن لە مافە مرۆیی و سیاسیەکانی هەموو هاوڵاتیانی عێراق (بەندی ٢ی بڕیاری ٦٨٨)». لەگەڵ ئەوەشدا UN، لەسەروی هەموویانەوە ئە. ئاس.، هەنگاوێکی بە جددیان نەنا تا کێشەکە لە بنەڕەتدا چارەسەر بکرێ، لە هیچ دۆکومێنتەکی ڕەسمی (کۆمەڵەی گشتی، ئەنجومەنی ئاسایش و کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ) باسی ڕێگا چارەیەکی یاسایی کێشەی کورد نەکراوەن وەکو: مافی چارەی خۆنووسین، فیدرالیزمی کورد - عەرەب، مافی ئۆتۆنۆمی هەرێمایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا دوای دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ دیالۆگ و دانوستان لە نێوان حکوومەتی بەغدا و بەرەی کوردستانی عێراق دەستی پێکرد، لە مایسی ١٩٩١ هەردوو لا ڕایانگەیاند کە گەیشتونەتە ڕێکەوتنێکی گونجاو سەبارەت بە ئۆتۆنۆمیەکی فراوان بۆ هەرێمی کوردستان و، کە دەبوایە لەژێر چاوەدێر و گەرەنتی UN مۆر بکرێت[١٨٢]. کەچی لە ئۆکتۆبەری ١٩٩١ دیالۆگەکە پچڕاو دانوستانەکە کۆتایی پێ هات، بەپێی سەرچاوە کوردیەکان حکوومەتی سەدام حوسێن لە بەڵێنەکانی پاشەکەز بوو بووەوەو بە ناوبژی و چاودێری UN یان دەوڵەتێکی سێیەم ڕازی نەبوو بوو. لە هەمان کات حکوومەتی بەغدا دامزەزگا ئیداریەکانی خۆی لە هەرێمی نەفڕین کێشایە دواوە و ئابڵوقەی خستە سەر ناوچەکە. کوردیش لە ١٩٩٢/٥/١٩ دەنگدانی سیاسیان، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، سازکرد و پاشان حکوومەتێکی کۆئالیسیۆنیان پێک هێنا. ئەوە جاری یەکەم بوو کورد بە ئازادی بەشداری لە دەنگدان بکەن و، لە ١٩٩٢/١٠/٤ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر یەکێتی فیدراڵی لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستاندا. هەموو

(١٨٢) پرۆژەی بەرەی کوردستانی عێراق ئۆتۆنۆمی بۆ هەرێمی کوردستان، بە زمانی عەرەبی لە ١٩٩١/٥/١٢ لە لایەن ینک بڵاوکراوەتەوە.

شتێک وا دەهاتنە بەرچاو کە ڕەوتی فاکت و گۆڕانکاریەکان بە قازانجی کورد بۆ پێشەوە بڕۆن و پەرلەمانی تازە لەدایک بوو ببێتە نوێنەری مافەکانی کورد. پارت و هێزە کوردیەکان بەڵێنیان دابوو هێزە چەکدارەکانیان هەڵبوشێننەوە و سوپایەکی کوردستانی، لە ژێر چاودێری پەرلەمان، دروست بکەن کەچی ڕووداو گۆڕانکاریەکان ڕەوتێکی تریان گرت. ئەو ئابلۆقەیەی کەوتە سەر کورد بارودۆخێکی دژواری بێ پێشینەی دروستکرد: لە کوردستان کارگەو دامەزراوی بەرهەم هێنەری سەرەکی وجودیان نییە، داودەرمان و خۆراک و کەرەسەکانی قوتابخانە پێویستیەکانی کۆمەڵانی خەڵک تێر ناکەن. حکوومەتی ناوەندی کارەبای لەسەر زۆر شار و گوندی کوردستان بڕیووە و ڕێگەی لە هێنان و بردنی بەنزین و سوتەمەنی گرتووە. پەیوەندی تەلیفۆنی و پۆستەی نێوان هەرێمی کوردستان تەواوی جیهان پچڕاوە، ئەوەش گیروگرفتێکی یەکجار زۆری بۆ ئیدارەی کوردی دروست کردووە. گرانی و قات و قڕی و بێکاری گەیشتونەتە ئەو ڕادەی کە چیتر کۆمەڵانی خەڵک توانای بەرگەگرتنیان نەماوە. وڵات کەوتۆتە گێژاو و بازاڕی ڕەشی شێخەڵاّ دەستی قاچاخچیان کە لە ڕێگای ئێران، تورکیا، سوریا و حکوومەتی بەغدا شتومەک دەبەن و دەبەن. ڕێژەی مردنی منداڵان و وازهێنان لە قوتابخانە و هەژاری هەمووی بەیەکەوە وا بە بێ دەنگی قڕانی خەڵک دەکەن. سەرباری ئەوانەش ناوە ناوە لەشکری سەدام هێرش و پەلامار دەکاتە هەرێمی نەفڕین و، دامودەزگاکانی موخابەراتیش زیاد لە ٤٠٠ پەلاماری تیرۆریستیان ئەنجامداوە، بەتایبەتی بە هۆی مین ڕێژکردنی ئۆتۆمبیل و تەقاندنەوەیان لە شوێنە قەڵەباڵغەکان. ڕۆژی ١٩٩٥/٢/٢٧ لە شاری زاخۆ لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێک ٨٠ کەس کوژران و ٢٠٠ یش بریندار بوون.

بڕیاری ٦٨٨ زۆر خاڵی لاوازی هەیە: باسی کورد، نە وەکو گەل و نە وەکو کەمینە، ناکات، ئاماژە و نە داوای چارەسەری دۆزی کورد ناکات، باسی پێکهێنانی هەرێمی ئارام و نەفڕین ناکات وەکو چۆن لە یۆگسلاڤیای پێشو ئەنجامدرا، لە کۆتاییی دووپاتەی پاراستنی سەروەری و یەکپارچەیی عێراق و وڵاتانی دەوروپشت دەکاتەوە. ئەم لاوازی و لەف و دەورانە ڕێگەی دایە وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەتی تورکیا، بەشێوەیەکی بەردەوام و سیستیماتیک هێرشی سەربازی بکەنە سەر کوردستانی عێراق و زیاتر بارودۆخی نالەبارو دژواری هەرێمەکە بشێوێنن. ژمارەیەکی زۆر لەو گوند و شارۆچکانەی کە لە لایەن ڕێکخراوە خێرخوازەکان دروستکرابوونەوە، لە ئەنجامی پەلامارە سەربازیەکانی ئێران و تورکیا، دووبارە وێران بوونەوە، کەواتە بەشێوەیەکی واقیعی و دێفاکتۆ هەرێمی نەفڕین و



ئارام ناتوانن ڕێگە لە دەستدرێژیەکانی تورک و ئێران بگرن. تورکیا، دوای هێرشەکەی نەورۆزی ١٩٩٥ [١٨٣]، تەگەرەی خستە سەر کار و چالاکی زیاد لە ٣٠٠ ڕێکخراوی خێرخوازی UN و یەکێتی ئەوروپا و نادەوڵەتی NGOs کە بە خاکی وڵاتەکە ڕەتدەبوون [١٨٤]. لێرە بەرامبەر دەخالەتێکی سەربەخۆ و نا ڕەواو ڕاگەیەندراوی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانین و مەبەستیشیان دژایەتیکردنی هەموو جۆرە ئۆتۆنۆمیەکی کوردی عێراقە. ئەوەتە ئێران و سوریا و تورکیا، ناوە ناوە، کۆدەبنەوە و دووبارەی ئەوە دەکەنەوە کە ئەوان دژی هەرجۆرە کیانێکی کوردن، تەنانەت ئۆتۆنۆمیەکی سادەش لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و، لەبەر ئەوە بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدەن بەربەرەکانی و دژایەتی بخەنە نێو کوردی عێراق.

ئەوەتە دوو هێزە سیاسی و سەربازیە سەرەکیەکەی کوردستانی عێراق، پدک و ینک، لە دیسەمبەری ١٩٩٤ ناوە ناوە بەگژ یەکتردا دەچن و، وڵاتانی دراوسێش بە گەرمی خەریکن ئاگرەکە خۆش دەکەن. لە بەرامبەر نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی، کە هەموو لایەک ڕێزی لێ بگرێت، بارودۆخەکە ڕوو لە خراپی دەکات: دادگا و عەدالەت، ئیدارەی گشتی، پەروەردەو خوێندن، گواستنەوە و ڕاگەیاندن بەجارەک لە پەلۆپۆ کەوتوون و، هاوڵاتیان ژیانیان لەوپەڕی خراپی دایە و دوارۆژیان لێڵ و تاریکە. ڕاستە بۆ سەرکردایەتی کورد، کە هەر لە ساڵی ١٩٦١ خەریکی خەباتی چەکداریە، مەحالە لەم بارودۆخە ناسکە بتوانێ، بە بێ کۆمەک و پاڵپشتی نێودەوڵەتی، چارەسەرێک بۆ چەکدارەکان بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە نێو ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتی. دەوڵەتی کوردی دێفاکتۆ، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دانی پیانەنراوە، ناتوانێ دراوی خۆی دەربکات و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەرەوە بکات و پاسەپۆرت و دۆکومێنتی سەفەر

(١٨٣) بەپێی سەرچاوەکانی تورکیا لە ١٩٩٥/٣/٢٠ زیاد لە چل هەزار سەربازی تورکی ناوچەیەکی فراوانیان لە کوردستانی عێراق داگیر کرد.

(١٨٤) دۆناتۆ کیارینی Donato CHIARINI، لێپرسراوی بەشی ئاسیا لە ئوفیسی کۆمەکی مرۆیی ECHO کۆمیسیۆنی ئەوروپی لە (١٩٩٥/٩/١٩) لە شاری پیزە - ئیتالیا، لە سێمینارێک، سەبارەت بە کۆمە مرۆییەکانی ئەروپا بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵات و ناوچانەی گیرۆدەی ململانێی چەکداری بوون، کە لە لایەن Scuola S. Ann ئامادەکرابوو، بە شێوەیەکی تێروتەسەل باسی هەڵوێست و مامەڵەی دەوڵەتی تورکیای کردوو و وتی بە هەموو شێوەیە هەوڵدەدات تەگەرە بخاتە سەر کارو چالاکی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازانەی لە کوردستانی عێراق کار دەکەن.

چاپ بکات. بارودۆخێکە کەس بە کەس نییە، ئەو ئازادیەی چەندەها ساڵ بوو خەونیان پێ دەدیت و قوربانیەکی زۆریان لە پێناودا، لە بەرامبەر هەژاری و برسێتی و بە دوورخستنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەت، کەوتۆتە مەترسی مان و نەمان.

جێگەی سەرنجدانە کە UN، لە کاتی ئۆپێراسیۆنە مرۆڤیتاریەکانی ئاشتی پارێزی Peace keeping کەمبۆجیا، ئێل سەلڤادۆر، نیکاراگوا، قوبرس، سۆماڵ، لیبێریا، هایتی، مۆزەمبیق، فەلەستین و یۆگسلاڤیای پێشو، ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی بینووە لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخ و گێڕانەوەی ژیانی مەدەنی: هان و چاودێری ئاگر بەسی کردووە، سەرپەرشتی و چاودێری پرۆسەی چەکداماڵینی گرتۆتە ئەستۆ و پارەی پێویستی تەرخان کردوە بۆ گیڕانەوەی چەکدارەکان بۆ ژیانی مەدەنی، ناوچە مینکراوەکانیان پاک کردۆتەوە، هان و سەرپەرشتی گەڕانەوەی ئاوارە و دەربەدەرەکانیان کردووە، یارمەتی دروستکردنی هێزی پۆلیسی نوێ و دامەزراوە ئیداریی و دادوەریەکانیان داوە، پێشنیازی ڕیفۆرمی دەستوری و دەرکردنی یاسای نوێ بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ کردووە، ڕێفرێندومیان ساز کردووە، چاودێری پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنیان کردووە، بەکورتی ئەرکی ئاشتکردنەوەی لایەنەکانی ململانێیەکە و دیموکراتیزەکردنی وڵاتیان گرتۆتە ئەستۆ(١٨٥). هەموو ئەو شتانەی کورد پێویستیەکی بە پەلەو هەنوکەییان پێ هەیە، کەچی کات و ساتێکی زۆر لە بڕیاری ٦٨٨ بەسەر چووە و چەندەها ڕووداوی نوێ هاتونەتە پێش بەڵام تا ئێستا مەبەست و نیازی ئەنجومەنی ئاسایش، لە بەرامبەر کێشەی کورد، ڕوون و ئاشکرا نییە. تاکە فاکتێکی نوێ بریتیە لەناوەرۆکی بڕیاری ٩٨٦ی ١٤/٤/١٩٩٥، کە تایبەتە بە پرۆسەی خۆراک بە نەوت و سوککردنی ئابلۆقە لەسەر عێراقە، بەپێی ئەم بڕیارە عێراق دەتوانێ نەوت بفرۆشێ و داهاتەکەشی بۆ کۆمەک و یارمەتی هومانیتاری سەرف بکرێت. ئەنجومەنی ئاسایش، لەم بڕیارە، بۆ یەکەمجار ناوی ٣ پارێزگای کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) دێنێ، واتە هەرمی نەفرین، پاش ئەوەی ئاماژە بە بڕیاری ٦٨٨ دەکات دەڵێ بەشێک لە داهاتی نەوت دەبێ بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم پارێزگایانە، لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی UNIAHP(١٨٦)، سەرف بکرێت. ئەوەش

(١٨٥) بوترۆس غالی ئەجێندەی ئاشتی، سەرچاوەی پێشو، دووپاتەی ئەوە دەکاتەوە کە لە ئایندە ئەرک و ئامانجی ئۆپێراسیۆنەکانی ئاشتی پارێزی دوای جەنگ ئەوانەن، لل. ٤٧-٥٦.

(186) United Nations Inter- Agency Humanitarian Programme- UNIAHP



مانای دان پیانانێکە بەو واقیعەی لە کوردستانی عێراق هاتۆتە ئاراوە و، هەستکردن بە لێپرسینەوەیە کە ئەم بارودۆخە نا لەبارە نابێ هەتا هەتایە درێژە بکێشێ و، بەبێ ناوبژی نێودەوڵەتی چارەسەری دۆزی کورد ئاسان نییە.

سەرباری هەموو کەم و کورتی و لاوازیەک پێویستە بە چاوێکی گەشبین بنواڕینەی بڕیاری ٦٨٨ و دەخالەتی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا و بە ئۆپێراسیۆنەک بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لە قەڵەم بدەین و هەڵسەنگێنین. بەدڵنیایەوە، بەبێ ئۆپێراسیۆنی پرۆڤاید کۆمفۆرت، باری کورد زۆر لەوەی ئێستا خراپتر دەبوو چونکە مەبەستی سەرەکی پڕۆژە ئەهریمەنیەکەی ئەنفال بریتیبوو لە قڕانکردنی هەموو کورد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی ڕۆژاوا، بەتایبەتی وڵاتانی ناتۆ NATO، دەیانتوانی (ئێستاش دەتوانن) بە لای کەمی ئابلۆقەی نێودەوڵەتی لەسەر هەرێمی نەفرین لابەرن. بەڕاستی پەڕەدۆکسالێکی مێژوویی و لاوازی UN ـە کورد قوربانی سەرەکی چەوسانەوەو کوشتنی ڕژێمی سەدام حوسێن بوون و ئێستاش بە دەست دوو ئبلۆقە دەناڵێنن. ئەم سیاسەتەی UN و ڕۆژئاوا کە بە یەک چاو سەیری قاتیل و مەقتول دەکات زیان بە هەیبەت و کەرامەتی خۆیان دەگەیەنێ و لە نرخ و بەهاو ناوەرۆکی دەخالەتی مرۆڤیتاری کەم دەکاتەوە. ئەوەتە کورد، چەندەها جار، داوای هەڵگرتنی ئابلۆقەی نێودەوڵەتیان کردووە و داوای بوژانەوەی وڵاتەکەیان دەکەن لە ڕێگەی هاوکاریکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوا(١٨٧). لەبەر ئەم هۆیانە، بەتایبەتی بوونی مینەکان، تەگەرە دەخەنە سەر بونیات و بوژانەوەی لادێکان. لە کوردستانی عێراق هێزی ئاشتی پارێزی کلاوشینەکانی سەر بە UN وجودیان نییە، لەبەر ئەوە ئەرکی مین هەڵگرتنەوە کەوتۆتە ئەستۆی ڕێکخراوەکانی NGO، ئەوانیش زۆر بە زەحمەت کۆمەکی دارایی لە ئۆفیسی پرۆگرامی کۆمەکی مرۆیی ECHO کۆمیسیۆنی ئەوروپی بەدەست دەهێنن(١٨٨).

(١٨٧) ئێستا چەندەها ڕێکخراوی سەر بە UN و دەوڵەتی و نا دەوڵەتی، سوپاس بۆ یارمەتی دارایی کۆمسیۆنی ئەوروپی یان دەوڵەتانی تر، خەریکی جێبەجێکردنی پڕۆژە مرۆیی و خزمەتگوزاریەکانن.

(١٨٨) ئوفیسی ECHO ڕایگەیاند کە لە ساڵی ١٩٩٣ (٦٠٥ ملیۆن ئێکو ECU) بۆ کۆمەکی مرۆیی تەرخان کردووە: ٦٥٪ بۆ یۆگسلاڤیا، ١٦,٥٪ بۆ ئەفریقا و کارایبی و پاسایفیک، ٨,٥٪ بۆ وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشو، ٠,١٪ بۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵات، ٣,٧٪ بۆ عێراق (بە باکورەوە)، ٣,٧٪ بۆ ئاسیا، ٠,٢٧٪ بۆ باکوری ئەفریقا، ٢٪ بۆ ئەمەریکای لاتینی. لەساڵی ١٩٩٤ (٧٦٠ ملیۆن): ٤٢,٤٪ بۆ=

بەپێی زانیاری ئەو ڕێکخراوە NGO یانەی لە کوردستانی عێراق کار دەکەن نرخی یەک مینی دژە مرۆڤ لە بازاڕەکاندا هەر سێ دۆلارە کەچی مەسروفی بە دوا گەڕان و دۆزینەوەو لەناوبردنی یەک مین خۆی لە ٦٥٠ دۆلار دەدات. بەمجۆرە ئە و ١٠-١٥ ملیۆن مینەی لە کوردستانی عێراق تەخمین دەکرێ هەبن، هەتا ساڵانێکی دوورودرێژ بەردەوام دەبنە هۆی کوژران و برینداربوونی هاوڵاتیانی کوردی سیڤیل.

## ئەنجام

لە ڕەوتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە هەندێ لایەنی مێژوویی و یاسایی و ئاکامەکانی واتای دەخالەتی مرۆڤیتاری شیبکرێتەوەو هەڵسەنگێندرێت، هێشتا پێویستی بە دیراسەتێکی زۆرتر هەیە لە لایەن ئۆرگانە سیاسی و یاساییەکانی UN، بەتایبەتی هی دادگای دادی نێودەوڵەتی. ئەم واتایە، تەنها لە دوای بەسەرچوونی سیاسەتی دووجەمسەری و پتەوبوونی هاریکاری و بەنێودەوڵەتیبوونی مافەکانی مرۆڤ، وەرچەرخانێکی گەورەی لە لایەن دامەزراوەکانی UN و ڕای گشتی جیهانی بەخۆوە بینیووە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوە هاتۆتە کایەوە کە چەند زۆرتر ڕێز لە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بگیرێت و بەهایەکی یاسایی وەربگرن ئەوەندەش زیاتر بە ئاسانی هەست بە پێشێلکاریەکانیان دەکرێ. لە لایەکی تریش ڕۆڵی میدیاکان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، زۆرتر دەبێ لە باسکردنی پێشێلکاریە گەورەو فراوانەکانی مافی مرۆڤ. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئاماژە بە ئەو هەموو کۆمیتە، ئۆرگان، چاودێرەکانی مافی مرۆڤ spécial rap- porteur و ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ بکرێت کە بە تێپەڕبوونی کات ژمارەو چالاکیەکانیان لە زۆربوون و گەشەکردندایە.

کەواتە پێویستە بەشێوەیەک سەیری دەخالەتی مرۆڤیتاری بکرێت کە بەرهەمی چەندەها فاکتۆرەو، لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوە نوێیەکان لە ئایندە زیاتر پەرەدەسێنێ و بەهێزدەبێ. ئەم دەخالەتەش بریتیە لە بەهاناچوونی کۆمەڵانی خەڵکی بێ دیفاع لە بارودۆخەکانی

---

=وڵاتانی ئەفریقا و کارایبی و پاسیفیک، ٣٥,٣٪ بۆ یۆگسلاڤیای پێشوو، ١١,٩٪ بۆ وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ٣,٤٪ بۆ ئاسیا، ٢,٩٪ بۆ عێراق، ٢,٨٪ بۆ ئەمریکای لاتینی، ٠,٥٪ بۆ باکوری ئەفریقا، ٠,٤٪ بۆ ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بنوارە:
Commissione delle Comunità Europee, Relazione annuale 1994: aiuti umanitari, COM. 95, 47 DEF., del 22.02.1995, Bruxelles:



ململانێی چەکداری تا لە ئازارو مەینەتیەکانیان کەم بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حەقی وانیە تەنها بە کۆمەک و یارمەتیدان ڕابووەستین بەڵکو پێویستە لە هۆیەکانی هەڵگیرسانی ئەم ململانێیە بکۆڵرێتەوەو هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بە ئاستیانە بدرێت و لە هەمان کاتیش ئەو کەس و لایەنانە سزا بدرێن کە تاوانیان دەرهەق بە کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل و بێ گوناه ئەنجامداوە.

دەخالەتی مرۆڤیتاری لە کوردستانی عێراق وەکو یەکەم هەنگاوی UN، لە ناوەوەی دەوڵەتێکی بەرپرسیار بەرامبەر بە پێشێلکاریە گەورەو فراوانەکانی مافی مرۆڤ، لە قەڵەم دراوەو، ئەم کارەش پێشینەیەکی بۆ بارودۆخە تراژیدیەکانی تر دروستکرد، بەتایبەتی لە یۆگسلاڤیای پێشوو شێوەی بە خورتی و بەکارهێنانی هێزێکی زۆری سەربازی ناتۆی NATO بەخۆوە دیت. ئەوەتە لە ١٩٩٤/٤/١١ سەرەک دەوڵەت و حکوومەتانی ناتۆ ڕایانگەیاند ئامادەن هێزەکانیان بخەنە ژێر ڕێبەرایەتی UN تا بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، تایبەت بە ئۆپێراسیۆنەکانی مرۆڤیتاری، جێبەجێ بکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێ. ئەمەش هەڵوێستێکی نوێیە، ئەگەر بێت و تەنها بۆ داکۆکی و پاراستنی مافی مرۆڤ بەکار بێت ئەوە دەبێتە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگ و، هۆشدانێکی بەهێویشە لە دژی پێشێلکاری یاسای نێودەوڵەتی. لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونە نوێیە بوو، بەپێی ڕێکەوتنی دایتۆن Dayton، هێزی ئاشتیپارێزی وڵاتانی ناتۆ شوێنی هێزەکانی ئاشتیپارێزی سەر بە UN یان لە یۆگسلاڤیای پێشوو گرتەوە.

دەخالەتی مرۆپیتاری، سەرلەنوێ، سنووری دەسەڵاتی نێوخۆی دەوڵەتانی خستە بەردەم مشتومڕ و توێژینەوە. ئەگەر لە ڕابردوو، لەژێر سێبەری دەسەڵاتی نێوخۆ، تاوانی گەورە یان پێشێلکاری سادەی پرنسیپە سەرەکیەکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام دەدران، ئەوە ئەمڕۆ دەوڵەتان ناتوانن چیتر خۆیان لەبەرپرسیاری ئەم تاوانانە بەدوور بگرن. هەروەها حەق نییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش چیتر خۆی دوورە پەرێز بگرێت و وەکو تەماشاکەرێکی بێ هەست و سۆز سەیری پێشێلکاریە بێ بەزەییەکانی مافی مرۆڤ بکات کە بەپاساوی دەسەڵاتی نێوخۆ ئەنجام دەدرێن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆک کۆماری پێشووی فەرەنسا، فرانسوا میتران François Mitterand، لە چاوپێکەوتنێکی ١٩٩١/٩/٧ ڕایگەیاند:

*ئاستی گەشەسەندنی ئێستای کۆمەڵگاکان و بەجیهانی بوونی میدیاکان وایان کردووە بیرو سەرنج و تەماشاکردنەکان بکەونە سەر ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە ڕێزگرتن لە مافە سەرەکیەکانی مرۆڤەوە هەیە. ئەوەش مانای سەرکەوتنی هەندێ پرنسیپ ناگەیەنێ بەڵکو، بەشێوەیەکی سادە و ساکار، بریتیە لەوەی کە ویژدانی نێودەوڵەتی نایەوێت چیتر، بەناوی دەخالەت نەکردن لە کاروباری ناوەوەی دەوڵەتێک، چاو لەو بارودۆخە دژوارانە بپۆشێت کە لێرەو لەوێ بەرپا دەبن. ئەورۆ زیاتر هەست بە پێشێلکاریە گەورەکانی مافی مرۆڤ دەکەین، لەبەر ئەوە ناتوانین دەستەوەستان دابنیشین و پەسیڤ سەیر بکەین. ئەرکی سەرشانمانە هەوڵبدەین بۆ ئەوەی ئەم پێشێلکاریانە ڕابگرین، ئەوەیە واتاو مانای ئەرکی کۆمەکی مرۆڤیتاری: مەبەستی سەرەکی لەم کارەش پاراستنی ئەو کەسانەیە کە گیرۆدەی ئازارومەینەت بوون. دەخالەت مانای دەست تێوەردان نییە لە کاروبار و بژارە سیاسیەکانی دەوڵەت بەڵکو داکۆکی لە کیانەکی سەروەرو سەرەوەی دامەزراوە سیاسیەکان، بە واتایەکی تر داکۆکیکردنە لە مرۆڤ. ئاخۆ پێویستی بە بیرهێنانەوە هەیە کە لە دێرزەمانەوە کۆمەڵگاکان، بۆ پارێزگاری و پاراستنی مرۆڤ، خۆیان ڕێکخستووە؟ چەوسانەوەو تیرۆر لەرێ دەرچوون و لادانە لە سیاسەت و دەسەڵات کە لە ڕۆژگارێکی ئەمڕۆی پێشڤەچوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەخلاقەکەی، نابێت چیتر چاویان لێ بپۆشرێت و ڕێگەیان پێ بدرێت*(١٨٩).

نوێنەری فەرەنسا لە ئەنجومەنی ئاسایش، ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨، دووپاتەی کردەوە کە پێشێلکریەکانی مافی مرۆڤ، هاوتای ئەوانەی ئێستا ئەنجامدراون، دەبنە بەرژەوەندی نێوەدەوڵەتی، چونکە ئەو ڕادەیە بەتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێن»(١٩٠). وەزیری دەرەوەی فەرەنساوتی بڕیاری ٦٨٨، کە بەرهەمی دەستپێشخەری وڵاتەکەی بوو؛دەرگای لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاوەڵاکرد تا پەنا بۆ دەخالەتی مرۆڤیتاری بەرێت لەو کاتەی کۆمەڵانی خەڵکی سیڤیل دەبنە قوربانی پێشێلکاریە

(189) "Annuaire Français de Droit International", Paris, 1991, p. 939.

(١٩٠) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٩٤٠ - ٩٤١



گەورەکانی مافی مرۆڤ [ ..] نوێخوازی ئەم بڕیارە لەوەدایە کە پێشبینی دەخالەتی مرۆیی دەکات لەوکاتەی مافەکانی مرۆڤ بە سەختی و بە فراوانی پێشێل دەکرێن، پێویستە ئەوەمان لە بەرچاوبێت(١٩١). نوێنەری یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکاتیش لە ئەنجومەنی ئاسایش، کە دەنگی بۆ بڕیاری ٦٨٨ دابوو، ڕایگەیاند:

*پیرۆزبایی و خۆشحاڵیمان بۆ سکرتێری گشتی دەردەبڕین بۆ هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی پرۆگرامێکی بە پەلەی کۆمەک بردن بۆ عێراق. ئەم پرۆگرامەش دەبێ لەسەر پرنسیپی هۆمانیتاریەکان ئامادەبکرێت و، بگاتە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی و، ئەو شوێنانەش کە دانیشتوانەکەی کوردن*(١٩٢).

نوێنەری ئینگلتەراش ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد کە عێراق کۆنڤێنسیۆنەکانی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ی مۆرکردووە و، بەندی سێیەمیش ناوکۆیە و دەوڵەتان ناچار دەکات ڕێز لە ماف و ئازادیە سەرەکیەکانی مرۆڤ بگرن و، لەژێر ڕۆشنایی ئەم پرنسیپە دەخالەتی UN ڕەوایە.

پاساوی سەرەکی مافی مرۆڤ بۆ دەخالەتی مرۆڤیتاری، بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی لە دۆخی کورد، بریتیە لە خەمخواردن بۆ مافی مرۆڤ، ئەم هەڵوێستەش ئەمڕۆ بۆتە محەکی هەڵسەنگاندنی ڕەفتارو کردەوەی دەوڵەتان. چونکە لەم ڕۆژگارە «گیانی سەردەم و واقیعی ژیانی هاوچەرخ داوا لە هەموو گەل و دەوڵەتان دەکەن تا بەشێوەیەکی سەرتاسەر بۆ پەرەپێدان و پاراستنی مافی مرۆڤ کار بکەن»(١٩٣). ئەم مافانەش هەموویان «بەیەکەوە گرێدراون و لەیەک جیاناکرێنەوە و هاوسەربەخۆن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ بەشێوەیەکی گشتی و عادیلانە مامەڵە لەگەڵ هەموو مافەکانی مرۆڤ بکات، بە هەمان هەست و سۆز حەماس»(١٩٤).

حەقی وایە خومخۆری بۆ مافی مرۆڤ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەیەنێتە ئەو قەناعەت و ئاستەی کە دەستپێشخەری لە هەندێ هەڵوێست و کردەوەی پێشوەختە Preventive

(١٩١) هەمان سەرچاوە، ل٩٤١. پێویستە ئەوەش بێنینەوە بیر کە فەرەنسا لەکاتی نووسین و مۆرکردنی کارتی UN پێشنیازی ئەوەی کردبوو کە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بکەونە دەرەوەی کایەی دەسەڵاتی نێوخۆی دەوڵەتان.

(192) CDS, P. V. 2982 spéance, p. 37

(١٩٣) دیباچەی کارنامەی کۆنفرانسی مافی مرۆڤ (ڤیەننا، ١٩٩٣/٦/٢٥).

(١٩٤) هەمان سەرچاوە (بەشی یەکەم، بەندی ٥)

بکات بۆ ئەوەی بارودۆخەکان لە دەست دەرنەچن و نەتەقنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەیەک چاو سەیری هەموو مافەکانی مرۆڤ بکرێت، وەکو: مافە سیاسی و مەدەنییەکان، کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان، پێشڤەچوون و ژینگە و مافی هەبوونی ژیانێکی بە ئاشتیانە و... هتد. دامودەزگاکانی نێودەوڵەتی بەهەیبەت و خاوەن دەسەڵات، بۆ داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ، دروست بکرێت، ئەوەش ئەرکێکی یاسایی و ئەخلاقی هەموو لایەکە. سکرتێری گشتی UN، بەترۆس غالی، لە ئەجێندەی ئاشتی هەڵوێستە لەسەر دیبلۆماسی پێشوەختە Preventive Diplomacy، بۆ ئەو کێشانەی هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکەن، دەکات. پێشوەختەیە دەبێتە مایەی ئەوەی چەندەها کەس لە مردن ڕزگار بکرێن و سامان و پارەوپولێکی زۆریش بە خۆڕایی نەڕۆن. ئەوەتە ئەمڕۆ یەکێک لەو تەگەرە سەرەکیانەی دێنە ڕێی کاروچالاکیەکانی دامەزراوە تایبەتیەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ، لە پێشەوەی هەموویان کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، بریتیە لە کەمی سامانی پارەو پوڵ. ئۆپێراسیۆنەکانی دەخالەت و کۆمەکی مرۆڤیتاری پێویستیان بە پارە و پوڵ و سامانی ماددی و مرۆیی زۆر هەیە. ئەگەر هەندێ لەم ئۆپێراسیۆنانە ئامانج و مەبەستەکانیان بەدەست نەهێناوە ئەوە بۆ کەمی ئەم سامانانە دەگەڕێتەوە.

پێشوەختەکی Prevention بریتیە لە هەوڵدان و هاندانی دۆزینەوەی چارەسەرە بە ئاشتیەکانی ئەو کێشانەی کە چەندەها وڵات و گەلان بەدەستیەوە دەناڵێنن، هەروەها پاڵپشتی;ردن لە هەوڵەکانی ئاشتکردنەوە و ئاشتبوونەوەیە کە لە لایەن ئۆرگانیزمەکانی UN یان ڕێکخراوە خێرخوازە نادەوڵەتیەکانی NGOs پێشنیاز دەکرێن. لە کۆتایی پێشوەختەکی بریتیە لە پەچە لەڵدان و شکایەتکردن لە پێشێلکاریە سادە و بچووکەکانی مافی مرۆڤ، ئەو مافانەی لەسەر ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتی دانیان پیانراوە، جا لە لایەن هەر دەوڵەت و لایەنێک ئەنجام بدرێن. کەواتە پێویستە هەیبەت و دەسەڵاتێکی زۆرتر بدرێتە دەستی دامەزراوە تایبەتیەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ و داواکردن لە هەموو دەوڵەتان تا ڕێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤ مۆر بکەن و ڕێزیان لێ بگرن. هەروەها پێویستە ڕێگە بە ڕێکخراوە نادەوڵەتیەکان بدرێت تا بواری ئەوەیان هەبێ شکایەتی پێشێلکاریەکانی ماف و ئازادیە سەرەکیەکانی مرۆڤ بکەن.

حەق وایە پێشوەختەکی ئەم ڕێگەو ئامرازانە بەخۆوە بگرێت: ناڕەزایی و پرۆتێست دەربڕین، شکایەتکردن و ئیدانەکردنی (بەتاک یان بەکۆمەل) ئەو دەوڵەتانەی مافەکانی مرۆڤ دەبەزێنن، سزای سیاسی و ئابووری، ڕاگرتن و پچڕاندنی پەیوەندیە دیبلۆماتیەکان، دانانی ئابلۆقە، دەرکردنی (ئەو دەوڵەتانەی بەرپرسیارن لە تاوانەکانی مافی مرۆڤ) لە ڕێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، پاڵپشتی و یارمەتیدانی پرۆسەکانی پێشڤەچوون و گونجاو و هاوسەنگ لە ناوچانەی گیروگرفتیان تیایە، پاڵپشتی و هاندانی بەدیموکراتیزەکردن و پلورالیزمی سیاسی و دەستوری، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، ڕیفۆرمکردنی یاساو نەریتەکانی تایبەت بەبازرگانی و سەوداسەری نێودەوڵەتی بە جۆرێک ئەو ناهاوسەنگی و ناعەدالەتەی ئێستا هەیە لەناو بچێت. بەمشێوەیە پێشەوەختەکی دەبێتە «باشترین ئەلتەرناتیڤی دەخالەتکردن»(195).

دەخالەتی مرۆڤیتاری دەرگای چەندەها دیباتیتۆ و وتووێژی کردەوە سەبارەت بە پێویستی هەبوونی هێزێکی سەربازی لێهاتوو و بەکار، لەژێر چاودێری UN، تا ئەرکی پۆلیسی نێودەوڵەتی پێ بسپێردرێ و لە بارودۆخە دراماتیکیەکان بەکار بێت. بەڵام، لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا، بەشێوەیەکی ڕیالیست دروستکردنی ئەم هێزە سەربازیە زۆر ئەستەمە. لەگەڵ ئەوەشدا سکرتێری گشتی هەندێ پێشنیازی پێشکەش بە دەوڵەتان کردووە تا هەر یەکە لە ناوەوەی خۆی لیوای سەربازی تایبەت پێک بهێنن بۆ ئەوەی ئەرکی دەخالەتی مرۆڤیتاری و ئاشتی پارێزی و پۆلیسی نێودەوڵەتیان پێ بسپێردرێت، کە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ وەرگیراون. هەروەها چەند لایەن و دەنگێک داوای دروستکردنی سوپایەکی مەدەنی سەربەخۆ و بێ لایەن و چالاک دەکەن تا ئۆپێراسیۆنەکانی کۆمەک و یارمەتیە مرۆڤیتاریەکانیان، پێ بسپێردرێت. هەندێکێتریش داوای دانانی کۆمیساری باڵا یان Ombudsman بۆ دەخالەتی مرۆڤیتاری دەکەن. زۆربوونی ناوەند و ئۆرگانەکانی داکۆکی مافی مرۆڤ، ئەگەر لە لایەک پۆزەتیڤە و سوودبەخشە ئەوە لە ڕوانگەیەکی تر کۆمەڵە گیروگرفتەک دروست دەکات. بە ڕاگەیاندنی کارنامەی کۆنفرانسی مافی مرۆڤ (ڤیەننا، ١٩٩٣) داواکراوە کە پاڵپشتی لە ماف و ئازادیە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی UN، لەبەر بیرۆکراتیەکی UN و کەمی سامانی پارەوپول، پێویستی بە هاوکاری و هاریکاریەکی زۆرتر هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆنفرانس داوای لە هەموو ئۆرگنیزمەکانی UN، دامەزراو و ئاژانسە تایبەتیەکان دەکات، کە کاروچالاکیەکانیان پەیوەستە بە کەرتی مافی مرۆڤ، بۆ بەهێزکردن و جێبەجێکردنی کارەکانیان زیاتر

(195) Antonio DONINI, Beyomd neutrality on the compattibility of military intervention and humanitarian assistance, in "The Forum of World Affairsa"m vol. 19, n. 2, . 43.

هاریکاری دەگەڵ یەک بکەن و ڕەچاوی ئەوەش بکەن کە کاروچالاکیەکانیان دووبارە و فۆتۆکۆپی یەکتر نەبن (بەشی دووەم، بەندی ١).

دەخالەتی مرۆڤیتاری ڕاستەوخۆ، بۆ ئەوەی متمانەی پێ بکرێت و قەبوڵ بکرێت، پێویستە تەنها بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ و پرنسیپەکانی کارتی UN بەکار بێت نەک بۆ مەبەستی سیاسی زلهێزی. هیوادارین بە نەمانی شەڕی سارد و سیاسەتی جووت جەمسەری ڕێگە بۆ پەیدابوون و لە دایکبوونی هیچ جەندرمەیەکی نێودەوڵەتێ خۆش نەبێت تا بە ئارەزوی خۆی دەست بخاتە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتانی بچووک و بێ هێز. هەروەها پێویستە چیتر سیاسەتی دوو کێش و دوو سەنگ، کە تا ئێستا باوی هەیە، بەکار نەیەت. ئەوەتە ئەگەر سەیری دۆزی کورد بکەین دەبینین بۆ ساڵانێکی یەکجار دوورودرێژ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوی لە ئازار و مەینەتیەکانیان دەپۆشی، لە کاتێک لەسەر کوردی عێراق هاتنە وەڵام بارودۆخی کوردی وڵاتانی تر (بەتایبەتی لە تورکیا) بەشێوەیەکی دراماتیک ڕووی لە خراپی کردووە. بۆ نموونە، وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد، وڵاتانی ناتۆ NATO، کە ئێستا هێزەکانیان ناردۆتە یۆگسلاڤیای پێشو، ئامادەی خۆیان ڕاگەیاند تا هێزەکانیان بخەنە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی UN کەچی بەچەک و تفاقی سەربازی مۆدێرن پاڵپشتی لە تورکیا دەکەن کە بۆ قەتل و عامی کورد بەکاریان دێنێ.

لە کۆتایی ئۆپێراسیۆنی پرۆڤاید کۆمفۆرت، لە نیسانی ١٩٩١، بەسەدان هەزار کوردی لە مردنی مسۆگەر، چ بە دەستی هێزەکانی سەدام حوسێن و چ لە سەرمان و لە برسان، ڕزگار کرد. بارودۆخی ئەمڕۆ، لە زۆر لاوە، ڕووی لە خراپی کردووە: هەڕەشەو مەترسی ڕژێمی بەغدا لەسەر کورد کەم نەبۆتەوە، بارودۆخی کۆمەلایەتی دراماتیەکە، ٨٠٪ کۆمەڵانی خەڵک بێکارە و لە کۆڵەمەرگی دەژی لە مافەکانی مرۆڤ بێبەشکراوە، وەکو مافی کارکردن، هەبوونی ماڵ و زانو، مافی خاردن و خۆراک و تەندروستی، ئاسایش و عەدالەت، مافی ڕاگەیاندن و ئینفۆڕمێیشن، مافی بە ئاشتی ژیان، مافی پێشکەوتن و... هتد. بەرپرسیاری ئەم بارودۆخەش دەکەوێتە ئەستۆی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە پێشەوە وڵاتانی ڕۆژئاواو هەمیشە ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش کە ڕۆڵی سەرەکیان لە دەرکردنی بڕیارەکانی UN هەیە، کەچی تاکو ئێستا نەیانزانیوە یان نەیانوویستووە بەشێوەیەکی تەواو و کۆنکرێت واتای دەخالەتی مرۆڤیتاری، بۆ بەرژەوەندی کورد، جێبەجێ بکەن.

# پاشکۆ

# پاشكۆی ژماره ١

## بڕیاری ٦٨٨ی ئه‌نجومه‌نی ئاسایش

UNITED NATIONS: SECURITY COUNCIL RESOLUTION CONCERING THE IRAQI CIVILIAN POPULATION, N. 688, April 5, 199[196]

The Security Council,

Mindful of its duties and its responsibilities under the Charter of the United Nations for maintenance of international peace and security;

Recalling Article 2, paragraph 7, of the Charter of the United Nations:

Gravely concerned by the repression of the Iraqi civilian population in many parts of Iraq, including most recently in Kurdish populated areas which led to a massive flow of refugees towards and across international frontiers and to cross border incursions, which threaten international peace and security in the region;

Deeply disturbed by the magnitude of the human suffering involved;

Taking note of the letters sent by the representatives of Turkey and France to the United Nations dated 2 April 1991 and 4 April 1991, respectively (S/22435 and S/22442);

Taking note also of the letters sent by the Permanent Representative of the Islamic Republic of Iran to the United Nations dated 3 and 4 April 1991, respectively (S/22436 and S/22447);

Reaffirming the commitment of all Member States to the sovereignty, territorial integrity and political independence of Iraq and of all States in the area;

Bearing in mind the Secretary - General's report of 20 March 1991

(196) The Resolution was adopted by a vote 10 to 3 (Cuba, Yemen, Zimbabwe), with China and India abstaining.



(S/22366);

1. Condemns the repression of the Iraqi civilian population in many parts of Iraq, including most recently in Kurdish populated areas, the consequences of which threaten international peace and security in the region;

2. Demands the Iraq, as a contribution to removing the threat to international peace and security in the region, immediately end this repression and expresses the hope in the same context that an open dialogue will take place to ensure that the human and political rights of all Iraqi citizens are respected;

3. Insists that Iraq allow immediate access by international humanitarian organizations to all those in need of assistance in all parts of Iraq and to make available all necessary facilities for thier operations;

4. Requests the Secretary - General to purse his humanitarian efforts in Iraq and to report forthwith, if appropriate on the basis of a further mission to the region, on the plight of the Iraqi civilian population, and in particular the Kurdish population, suffering from the repression in all its forms inflicted by the Iraqi authorities;

5. Requests further the Secretary - General to use all the resources at his disposal, including those of the relevant United Nations agencies, to address urgently the critical needs of the refugees and displaced Iraqi populaion;

6. Appeals to all member States and to all humanitarian organizations to contribute to these humanitarian relief efforts;

7. Demands that cooperate with the Secretary - General to these ends;

8. Decides to remain seized of the matter.

## پاشکۆی ژمارە ٢- A

Text of Memorandum of Understanding on the Establishment of UN Sub-Offices and Humanitarian Centres [UNHUCs](197).

18 April 1991

This memorandum summarizes the results of discussions held in Baghdad between the Government of the Republic of Iraq, in the context of its request to the Secretary-General of the UN in relation to the suffering of the Iraqi population affected by recent events and Security Council resolution 688 of 5 April 1991, which has not been accepted by the Government of Iraq, and:

(a) From 13 to 18 April 1991, the UN Mission led by Mr. Eric Suy, Personal Representative of the UN Secretary-General, and;

(b) From 16 to 18 April, the UN Inter-Agency Mission led by Prince Sadruddin Aga Khan, Executive Delegate of the UN Secretary-General for the UN Humanitarian Programme for Iraq, Kuwait and the Iraq-Iran and Iraq-Turkey Border Areas.

Both Missions have been welcomed by the Government of Iraq.

1. Both sides recognize the importance and urgency of adequate measures, including the provision of humanitarian assistance, to alleviate the suffering of the affected Iraqi civilian population.

2. The Government of the Republic of Iraq welcomes the UN efforts to promote the voluntary return home of Iraqi displaced persons and to take humanitarian measures to avert new flows of refugees and displaced persons from Iraq. It pledges its full support to and cooperation with the UN and its specialized agencies and programmes in this regard.

3. Both sides agree that measures to be taken for the benefit of the

(197) "International Legal Material", 1991, New York, vol. XXX, n. 3



displaced persons should be based primarily on their personal safety and the provision of humanitarian assistance and relief for their return and normalization of their lives in their places of origin.

4. For this purpose, the Government of the Republic of Iraq agrees to cooperate with the UN to have a humanitarian presence in Iraq, wherever such presence may be needed, and to facilitate it through the adoption of all necessary measures. This shall be ensured through the establishment of United Nations sub-offices and Humanitarian Centres (UNHUCs), in agreement and cooperation with the Government of Iraq.

5. Each Centre will be staffed by UN civilian personnel whic, in addition to the regular staff members of the relevant UN agencies, may also include staff co-opted from the non-governmental organizations, the International Committee of the Red Cross and the League of Red Cross and Red Crescent Societies. The Red Crescent Society of Iraq shall be called upon to play a role in the implementation of humanitarian assistance and relief projects.

6. UNHUCs shall facilitate the provision of humanitarian assistance to the needy and would include, inter alia, food aid, medical care, agricultural rehabilitation, shelter and any other humanitarian and relief measures geared to the speedy normalization of life, in conformity with the principles of this memorandum. UNHUCs shall also monitor the overall situation in this regard to advise the Iraqi autorities regarding measures needed to enhance their work.

7. Routes of return, with relay station along the way as well as logistic back-up capabilities, will be set up urgently in cooperation with the Iraqi autorities to provide to civilians, particularly the women and children as well as the aged and the sick going back to their home areas, the food aid, shelter and basic health care they will need along the way. UN staff will accompany such groups, as required.

8. The UN shall take urgent measures, in cooperation with the Gov-

